ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ۷۹۰ ■ سێ شەممە ۳۰ی بەفرانباری ۱۳۹۹ _ ۱۹ی ژانوییەی ۲۰۲۱

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا



## بەیاننامەی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ۷۵ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان:

– کۆماری کوردستان بە ئیرادەی کورد دامەزرا، بەڵام لە ئاکامی هەرەوەزی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی غەیری کورددا ڕووخا.

–کۆماری کوردستان داهێنەر و چەسپێنەری کۆمەڵێک هەنگاو و هێمای نەتەوەیی وەک بەفەرمیکردنی زمانی کوردی و سرود و ئاڵا و پێشمەرگەیە کە ئەمڕۆ بوون بە هێما و نیشانی هاوبەشی هەموو نەتەوەی کورد.

– ئەزموون و سامانی ڕەمزیی کۆماری کوردستان تەنیا بایەخی مێژوویی نییە، بەڵکوو بۆ ئەمڕۆ و ئایندەی بزوتنەوەی کوردیش بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوێنبەخش و ڕێنیشاندەرە.

※ کۆماری کوردستان ڕەمز و دەسکەوتی هەموو نەتەوەی کوردە، بەڵام شانازیی دامەزراندنی کۆمار لەپێشدا بۆ حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە.

دەقی بەیاننامەکە لە لاپەڕەی ۲دا دانڕاوە

### ۷۵ ساڵەی کۆماری کوردستان

# میراتێکی زیندوو، مێژوویەکی بەردەوام




## کۆماری کوردستان، هەوێنبەخش و ڕێنیشاندەر

بەرەوپیلی ۲ی ڕێبەندان، ۷۵ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد دەچین. پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبەری حیزبی دیموکرات و سەرۆککۆماری کوردستان کە نوێنەرایەتیی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی ئاشتیخوازانەی مەدەنی دەکرد، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە بە پێداگری لە سەر مافەکانی خەڵکی کوردستان، شێوازێکی نوێ لە پێکەوە هەڵکردن بگرێتە بەر. بەڵام بەداخەوە ئەقڵییەتی ناوەندگەرای دەسەڵاتی سیاسی لە تاران کە لە سەر ئەساسی حاشاکردن لە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی ئێران بنیات نراوە، وڵامی پەیامی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەدیان بە هێرش بۆ سەر کوردستان و ڕووخاندنی کۆماری کورستان و لەسێدارەدانی پێشەوا قازی و هاوڕییانی دایەوە.

ئێستاش دوای ۷۵ ساڵ تێپەڕین بە سەر کۆماری کوردستاندا کاتێک ئاوڕ لە ڕووداوەکانی ئەم سێ چارەگە سەدەیە لە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و سیاست و هەڵوێستەکانی دەسەڵاتی سیاسیی لە تاران دەدەینەوە، بەداخەوە کێشەکان هەر لەجێی خۆیانن. ڕەچاوکردنی سیاسەتی حاشا و سڕینەوە، سەرکوت، زەوتکردنی ماف و ئازادییەکان، زاڵبوونی ڕوانگەی ئەمنیەتی و تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران بەرانبەر بە بزووتنەوەی مافخوزانەی خەڵکی کوردستان هەروا بەردەوامە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان، دامەزرێنەری کۆماری کورستان لە دوای ڕووخانی کۆمار و لە سێدارەدانی پێشەوا و سەرکۆمارەکەیەوە، تا ئێستاش باوەڕمەند بە چارەسەری ئاشتییانە پرسی کورد و دەستەبەری مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکانی گەلی کورد لە ئێرانە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۷ و سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە،حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک میراتگری باوەڕ و ئامانجە بەرز و ئاشتیخوازانەکانی کۆماری کوردستان، بە باوەڕێکی قورس و قایمتر بە مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، پێداگری لە سەر چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کوردی لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا کرد. بەڵام دیسانەکەش کاربەدەستانی تاران بەجێی ئەوەی ئەم ئەقڵییەت و تێڕوانینەی حیزبی دیموکرات بکەنە دەرفەتێک و بۆ چارەسەریی کێشەکان، لە نیازپاکیی ئەم حیزبە و ڕێبەرەکەی کەڵکی خراپیان وەرگرت و بە ناردنی کۆمەڵێک دیپلۆمات تیرۆریست لە ۲۲ی پووشپەڕی ۱۳۶۸ی هەتاویدا سکرتێری گشتیی حیزب، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانیان لە سەر مێزی وتوێژ لە وییەنی پێتەختی وڵاتی ئوتریش تیرۆر کرد.

درێژەدان بە سیاسەتی سەرکوتی سیستماتیکی گەلەکەمان، تیرۆری ڕێبەران و سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانمان، گرتن و ئەشکەنجە و لە سێدارەدانی چالاکانی نێوخۆی نیشتمانەکەمان و بە گشتی سیاسەتی فرەچەشنی دژیگەلیی بەرانبەر بە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان کە کارنامەی ڕەش و پڕ لە شەرم و شوورەیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بۆ ساتێکیش نەیتوانیوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باوەڕی بە ئاشتیخوازانەبوونی خەبات و پێداگری لەسەر هەوڵدان بۆ دەستەبەری مافەکانی گەلی کورد لە ئێران پاشگەز بکاتەوە.

◆ سەروتار

## «کوردستان» زمانی ماف و چەکی شوناسی یەک نەتەوە

**عەلی بداغی**

"کوردستان" بە بڵاوبوونەوەی ژمارەی نوێی خۆی مۆمی ۷۵ ساڵەی تەمەنی کوژاندەوە. ۲۰ی بەفرانباری ساڵی ۱۳۲٤ـی هەتاوی، حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئۆرگانی زمانحاڵی خۆی بە ناوی "کوردستان" بڵاو کردەوە، ڕۆژنامەیەک کە پاش ماوەیەکی کەم شانازیی ئەوەی پێ بڕا ببێتە زمانحاڵی کۆمارە بەشکۆکەی کوردانیش. ۷۵ ساڵ لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی کوردستان و یەکەم کۆماری کوردان تێدەپەڕی و، پاش ئەو سێ چارەگە سەدەیە، "کوردستان" هەر بەپێوە و بەڕێوەیە و، کوردانی ڕۆژهەڵاتیش بۆ چێکردنی کۆمارێکی دی، هەروا لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندان.

"کوردستان" لە ماوەی تەمەنی ۷۵ ساڵەیدا گەلێک قۆناغی مێژوویی بڕیوە و هەر بەپێی ئەو قۆناغانەش، مێژووەکەی بەسەر چەند دەورەی دەرچوون دابەش دەبێ، کە "کوردستان"ی ئەم دەورەیە کە بە دەورەی سێهەم دەناسرێ و لەگەڵ بنیاتنانەوە و ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش قۆناغێکی چەندساڵەی ڕکوود دەست پێ دەکا، لە مانگی داهاتوو (ڕێبەندان)دا نیوسەدە تێکۆشان و وەشانی بەردەوامی خۆی تەواو دەکا.

پێشەوا قازی محەممەد لە نوتقە مێژووییەکەی ۲ی ڕێبەنداندا بە بایەخەوە باس لە گرینگیی بڕیاری دەرکردنی ...

درێژە لە لاپەڕەی ۲



دوور و نزیک دەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» ۴



ئەدەبیاتی کۆمار ۶-۷



کۆمار و بنیاتنانی کەسایەتیی مرۆڤی هاوچەرخی کورد ۸



سامانی نەتەوەیی هەوێتی و نەخۆشیی وەندالیزم ۱۴



کۆماری کوردستان و بایەخدانی بە پەروەردە ۱۵

درێژەی سەروتار

# «کوردستان»؛ زمانی ماف و چەکی شوناسی یەک نەتەوە

... ڕۆژنامەی «کوردستان» و بڵاوکراوەکانی دیکە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە دەکا و دەفەرموێ: «بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و، وەدەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگیی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەداڵەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاو کردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کرا و دامەزرا، لە شاری خۆمان گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و فکر و داخوازیی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە.» پێشەوای نەمر دواتریش ئەرکی گرینگی زمانحاڵی کۆمار و ڕاگەیاندنی بڕیار و پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان هەر بە «کوردستان» دەسپێرێ.

«کوردستان» هەر لە بەردی بناغەوە چەند ئەرک و ئامانجێکی بۆ خۆی دەستنیشان کرد، وەک بردنەسەرێ ئاستی وشیاریی کۆمەڵ، خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی، بەگژداچوونەوەی سیاسەتی دوژمنانی نەتەوەی کورد و بەرگری لە هەوێتیی ئەم نەتەوەیە و... . بەڕێوەبەرانی «کوردستان» چ ئەو کاتەی ڕۆژنامە –بۆ ماوەیەکی کەمی چەند ساڵە- لە نێوخۆی وڵات دەرچـووە، یان هەموو ئەو دەیان‌ساڵەی لە تەبعیدا بەردوام بووە، ئەو سەنگەرەیان بەر نەداوە و «کوردستـان» بە بـەردەوامـی تریبوونی زمانی مافـویستی و چەکی شوناس‌خوازیی کورد بووە. بەرجەستەکردنی بایەخمەندیی شۆڕشگێڕی و خەباتکاری، مافی دیاریکردنی چارەنووس، پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، ژینگە، مافی مرۆڤ و مافە مەدەنی و سیاسییەکان، بایەخدان بە پرسی ژن، بیروڕای ئازاد، نالێکییەکانی کۆمەڵ، لەقاودانی کاروکردەوە و سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندی و زۆر مژار و تەوەری دی، بە ڕەچاو کردنی زمانی خاوێنی میدیایی و بنەما ئەخلاقییەکانی ڕۆژنامەنووسی؛ بەشی جەوهەریی ڕەساڵەت و ئامانجی «کوردستان» پێک دێنن.

چارەنووسی «کوردستان» لە هەموو ماوەی تەمەنی‌دا بەشێک بووە لە چارەنووسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زمانحاڵی ئەم حیزبە بووە. کاتێک ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵات حوکمی بەدەستە و کۆمار بەڕێوە دەبا، «کوردستان» بە ئیمکاناتی حکوومەت و بە ڕێکوپێکی و بە تایبەتمەندیی ڕۆژنامەیەک کە وەڵامدەری حەوجێیەکانی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە. کاتێکیش حیزبەکەی لە مەتەرێزی شەڕی چەکداری و بەرگری لە مانی گەلەکەی‌دایە، دەبێتە چەک و دەنگی پێشمەرگە. کە حیزبەکەی تێکۆشانی ئاشکرای بووە، بە ئاشکرا دەرچووە و بڵاو بۆتەوە، ئەگەریش حیزب لە خەباتی سەختی پارتیزانی‌دا بووبێ، لە چیا و ئەشکەوت و بن گاشەبەردەکانەوە گەیوەتەوە شار و دەستی خوێنەرانی. بێتوو چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەکزیی دابێ، ئەم لاوازییە لە ڕۆژنامەش‌دا ڕەنگی داوەتەوە و هەرکاتێکیش هەلومەرج لە بەرژەوەندیی حیزب‌دا چووبێتە پێش، ئەوا «کوردستان» سوودی لە بارودۆخەکە وەرگرتووە و گەشەونەشەی پێوە دیارە.

«کوردستـان» لـە کاتی داسـەپانی سیاسەتی سانسۆری دوو حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و پیلانە نەرمەکانی ئەم دوو ڕێژیمە بۆ دروستکردنی قەیرانی شوناس و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان لە نـەتـەوەی بـاڵادەسـت‌دا، قەڵای خۆراگری پارێزگاری لە هەوێتی و شوناس و زمانی کوردی بووە. خزمەتەکانی «کوردستان» بە پرسی زمانی کوردی و ڕەسەنایەتیی ئەم کۆڵەکە گرینگە لە هەیکەلی کوردایەتی ئەوەندە گرینگ و بەرچاو بـووە کە نوخبە و کەسایەتییەکانی کـورد لـە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش وێڕای دانان بە فێربوون لە «کوردستان»، بایەخێکی زۆری بۆ دادەنێن.

نـووسـەران و کارگێڕانی «کـوردسـتـان» دەرچـووی زانکۆی ڕاگەیاندن نین و وانـەی ڕۆژنامەنووسییان لە هیچ پەیمانگەیەک نەخوێندووە. ئەوان پێشمەرگەی میدیاکار و کادری دەزگای تەبلیغیی حیزبەکەیانن و بە بڕینی قۆناغی جۆراوجۆر، ئەزموون و توێشووی بڕینی ئـەم ڕێبازەیان لە هەگبەی خۆیان‌دا جێ کـردۆتـەوە. بەڵام لەگەڵ ئـەوەش‌دا چونکی هەڵگری ڕەساڵەتی خەباتی نەتەوەیی و ئامانجی ڕزگاریخوازانە و شوناس‌ویستیی خەڵک و حیزبەکەیانن، بە ڕووسووری و سەربەرزییەوە لەو سەنگەرەدا بەردەوامن. ڕەنگبێ نهێنیی خۆشەویستیی «کوردستان» لەنێو دڵی خەڵکی کوردستان و خوێنەرانی‌دا هەر بۆ ئەو تایبەتمەندییە بگەڕێتەوە کە ڕۆژنامە خۆشەویستەکەیان سەرەڕای کەندولەند و کۆسپ و تەگەرەی یەکجار زۆری سەر ڕێی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام کۆڵی نەداوە و بەچۆکدا نەهاتووە.

«کوردستان» سەرەڕای مێژووی شکۆمەند و پڕ هەوراز و نشێوی و، سـەرەڕای ئـەوەش کە کۆنترین و بەئەزموونترین بڵاوکراوەی سیاسیی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام بێبەری لە ڕەخنە و کەم‌وکوڕییش نەبووە و نییە. بەتایبەت لە ئێستادا کە سێ چارەگە سەدە تەمەن وەک ڕابردوویەک بەجێ دێڵێ و، دەبێ چاوی لە داهاتوو بێ. تایبەتتر ئەوە کە هەم لە دنیای ڕاگەیاندنی نوێ و ئامرازەکانی نوێ و مۆدێرنی میدیایی‌دا دەبێ ستاتوی خۆی بپارێزێ و بەڕۆژ بێت و جێ نەمێنێ؛ هەم لە مەیدانی ئەسڵیی خەبات و تێکۆشانی خۆی لەگەڵ دەزگای تەبلیغیی دژمنەکەی – کۆماری ئیسلامی بەو هەموو ئیمکانات و دەستڕۆیشتووییەی هەیەتی- پێویستە سوارچاک بێ و ڕۆڵی خۆی بگێڕێ.

لەگەڵ کۆژانەوەی مۆمی ٧٥ ساڵەی «کوردستان»دا، سڵاو دەنێرین بۆ دامەزرێنەرانی «کوردستان»ەکەمان و هەموو شەهیدانی قەڵەم لە سەنگەری ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات و هەموو ئەو پێشمەرگە خاوەن‌خامانەی تەمەنیان بەدیار «کوردستان»ەوە بەڕێ کرد، بەڵام لە پشتی و لەگەڵی مانەوە.

# کۆماری کوردستان بە ئیرادەی کورد دامەزرا، بەڵام لە ئاکامی هەرەوەزی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی غەیری کورددا ڕووخا

## (بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی حەفتا و پێنج ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان)



**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**دۆستـان و هۆگرانی خەبـاتی کـورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات!**

بەبۆنـەی ٢ی ڕێبەندان، حەفتا و پێنجەمین ساڵوەگەڕی دامـەزرانـی کـۆماری کوردستان، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستـانـەوە پیرۆزبایی ئـەو یـادە مـەزن و بەشکۆیە لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی سـەربـەرزی شـەهـیدان، زیندانیانی سیاسی، پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان، چالاکانی نێوخۆ، کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و هەموو ئەو نیشتمانپەروەرانە دەکـەین کە بە درێژایی سێ چارەگە سەدە بە هەر شێوازێک تێکۆشاون کاروانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان لەسەر ڕێگای خۆی بـەردەوام بێ. هـەروەهـا سڵاوی ئەمەگ و وەفا دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێبازی کۆماری کوردستان، بەتایبەتی سەرۆک و دامەزرێنەری کۆمار، پێشەوا قازی محەممەد، کە بە ژیری و فیداکاریی خۆی دیارترین و جوانترین جووڵەی سیاسیی مێژووی نوێی کوردی تۆمار کرد.

دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووداوێک نییە کە وەک هـەر ڕووداوێـکی دیکە ڕووی دابـێ و تێپەڕیبێ، بەڵکوو وەک هەموو ئەو دەمەساتانەی بۆ چارەنووسی گەلان بنیاتنەرن، هاتووە بۆ ئەوەی لە مێژوودا بژی و میراتێکی ڕەمزی و زەینیی زۆر ئەولاتر و فراوانتر لە کات و شوێنی خۆی بەجێ هێشتووە. لەگەڵ ئەوە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد ڕابردوویەکی چەند سەدەیی هەیە و گەلی کورد پاش ڕووخانی کۆماری کوردستانیش زۆر شۆڕش و ڕاپەڕینی دیکەی لەپێناو ڕزگـاری و دروستکردنی قەوارەیەکی ئازاد بۆخۆی وەڕێ خستووە، بەڵام کۆماری کوردستان ئەو ڕووداوەی مێژووی کوردە کە زیاتر لە هەر ڕووداوێکی دیکە هەموو کورد لەسەر بایەخ و شوێندانەرییە سیاسی و ناسنامەییەکەی کۆکە و کـوردی هـەر چوار پارچەی کوردستان بەبێ جیاوازی و مشت‌ومڕ بە هی خۆی دەزانێ.

ئەگەر کۆماری کوردستان ئەو جێگە و پێگە گرینـگ و تایبەتییەی لـە نـاسنامـەی سیاسی و یـادەوەریـی بەکۆمـەڵی نـەتـەوەی کـورددا هەیە، ئەمە تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە کۆماری کوردستان یەکەمین و لەڕاستی‌دا تەنیا ئەزموونی سیاسیی کـوردە کە لـەودا گەلی کـورد مەرامی سـەروەریـخـوازانـەی خـۆی بـەڕوونـی جێبەجێ کردووە و کوردی پارچەی دیکەش لە دامەزراندن و پاراستنی‌دا بەشدار بـوون، بەڵکوو هەروەها لەبەر ئەوەیە کە کۆماری کوردستان داهێنەر و چەسپێنەری کۆمەڵێک هەنگاو و هێمای نەتەوەیی وەک بەفەرمی‌کردنی زمانی کوردی و سرود و ئاڵا و پێشمەرگەیە کە ئەمڕۆ بوون بە هێما و نیشانی هاوبەشی هەموو نەتەوەی کورد. لەلایەکی دیکەوە، کۆماری کوردستان وەک نوختەی هەرە دیاری چڕبوونەوەی پۆتانسیەل و بەریەک‌کەوتنەکانی پێوەندیدار بە پرسی کـورد، زۆر سروشـت و تایبەتمەندیی بە ناسیۆنالیزمی کورد بەخشیوە و لەژێر ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەسایەتیی بـەرز و لەخۆبوردووی پێشەوای نـەمردا، کولتوورێکی سیاسی و نموونەیەک لە ئیرادەی نەتەوەیی بۆ نەوەکانی دواتری گەلەکەمان بەجێ هێشتووە کە بۆ هەموو کورد سەرچاوەی ئیلهام و مایەی ستایشە.

لەسەر ئەزموون و دەسکەوتەکانی کۆماری کـوردسـتـان زۆر گـوتـراوە و فـرە نـووسـراوە. ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و لە سەروویانەوە پێشەوای نەمر بەباشی ئاگاداری چارەنووسی شۆڕشەکانی کورد لە ڕابـردوودا و ڕیسک و دەرەنجامەکانی سەرکێشیی کوردان لە ژینگەی تەنراو بە دەسەڵاتە دڕندە و سەرەڕۆکان‌دا بوون. ئـەوان هـەروەهـا دەیـانـزانی کـەرەستـەی زەینی و عەینیی بـەردەسـت بۆ سـەرخستنی پـرۆژەی سـەروەریـخـوازانـەی کـورد لـەو کـات و شوێنەدا زۆر سـنـووردارە. بـەڵام بـە ئیمان بـە ڕەوایـی مافی کـورد بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆی و بە ئاگاداربوون لەو دەرفەتە نێوخۆیی و نێونەتەوەییە کە لەودەمەدا بۆ کورد لە ئێراندا پێک هاتبوو، باوەڕبەخۆیانە دەستبەکاربوون و کۆماری کوردستانیان بە تەشریفاتێک کە شیاوی سەربەخۆیی گەلانە، ڕاگەیاند.

ڕێبـەرانـی حیـزبی دێـمـوکـرات و کـۆماری کـوردسـتـان هـەر لـەو کـاتـەدا لـەو کـارەیـان‌دا پڕاگماتیستانە مامەڵەیان لەگەڵ واقیعییەتەکانی نێوخۆی کۆمەڵگەی کوردستان و هاوکێشەکانی دەرەوەی خۆیان لە ئێران و دنیای دەرەوەدا کرد. لەلایەک ئارەزوو و ئیرادەی سەربەخۆیی‌خوازی لە گوتار و فەزای گشتیی کۆماری کوردستان‌دا زەق و ئاشکرا بوو، بەڵام ڕێبەرانی کۆمار دەیانزانی کە ئەگەر پێویست بێ، دەبێ حازر بن بۆ وەدیهێنانی شتێک تێبکۆشن کە لەو کاتەدا بۆ کورد مومکینە. لەلایەکی دیکەوە، سروشتی پێشکەوتن‌خوازانەی کۆمار بە جوانی بە مەرام و هەنگاوەکانییەوە دیار بـوو، بـەڵام بەهۆی پێویستییەکانی سەقامگیری و پاراستنی کۆمار، دەبوایە ڕەچـاوی ژێرخانی نەریتیی کۆمەڵگەی کوردەواری لەو کاتەدا بکرێ و ڕۆئیای یەکسانیی چینایەتی بۆ ئەو قۆناغە زۆر ڕادیکاڵ نەبێ.

بەدەر لەمە بەڵام، کارەکانی کۆماری کوردستان هـەر لـە دامـەزرانـیـەوە تـا کـەوتـنـی، هـەم لە بەرنامەڕێژی و هەم لە جێبەجێکردن‌دا، ئیدەئالیست و بەرزەفڕانە بوو. کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوە کە پێش هەموو شتێک بە مانای خۆسەلماندنی سیاسیی کورد بەڕووی دەرەوەی‌دا بوو، بەشی زۆری هێز و وزەی بۆ کارکردن لەسـەر خۆی و بەستێنی نێوخۆی تەرخان کرابوو و ئەوەندەی سیـاسـەتـی دەکـرد، ئـەوەنـدەش کـاری لـەسـەر فـەرهـەنـگ و فـەرهـەنگـسازی دەکـرد. کۆماری کوردستان یەکەمین ئەزموونی مۆدێرنی کورد بوو کە لەودا بنەمای وەفاداریی سیاسی، فەلسەفەی هـاووڵاتـیبـوون بـوو، و هـاوکـات لـەگـەڵ دانـانی بنیاتەکانی دەسـەڵاتـی نـەتـەوەیی، پـەرەپێدەری بەهاکانی کوردایـەتیی پـاک و شارستانەتی و لێبوردەیی و وەخۆگرتنی فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگە و یەکانگیریی خەڵک و بژاردەی سیاسی بوو.

ئەگەر لەباری زەینییەوە کارنامەی کۆماری کوردستان زۆر دەسکەوت و خاڵی بەهێزی تێدان کە حەفتا و پێنج ساڵ دواتر وەک مێژوویەکی بەردەوام و میراتێکی زیندوو هەروا دەدرەوشێنەوە، لەباری عەینییەوە کۆمەڵێک خاڵی لاوازیشی تێدان کە هەر کامەیان بە جۆرێک ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی دواجار کۆمار بەرگەی ملهوڕیی دەسەڵاتی ناوەندی و ساتوسەودای نێونەتەوەیی نەگرێ. ئەگەر زۆر لەو کەمایەسییانە وەک کەمیی کات و نەبوونی ئەزموونی پێویست و لاوازیی ژێرخانی دەوڵـەتسـازی و حوکمڕانیی کـۆمـار گرینگیی خۆیان هـەیە، هێندێکی تر وەک سنووردارییی جوغـرافـیـایی، نـەبـوونـی قـووڵایـی سـتـراتـژیک، قورسایی پرس و چارەنووسی "حکوومەتی میللیی ئازەربایجان" لەسەر کۆماری کوردستان، لاوازی و دەوامنەهێنانی سەرنج و پشتیوانیی دەرەکی، و نەبوونی هێزێکی تەیار و مونسەجمی میللی کە بتوانێ کۆمار لە بەرامبەر هێرش و ئاکامی ڕێککەوتنە شوومەکاندا بپارێزێ، یەکلاکەرەوەتر بوون. لەڕاستیدا کۆماری کوردستان بە ئیرادەی کـورد دامـەزرا، بـەڵام لـە ئاکـامی هـەرەوەزی ڕاسـتـەوخۆ و نـاڕاسـتـەوخۆی غـەیری کـورددا ڕووخا.

ئـەزمـوون و سـامـانـی ڕەمـزیـی کـۆمـاری کوردستان تەنیا بایەخی مێژوویی نییە، بەڵکوو بۆ ئەمڕۆ و ئایندەی بزوتنەوەی کوردیش بەتایبەتی لـە ڕۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـان هـەوێـن‌بـەخـش و ڕێ‌نیشاندەرە. لە سەردەمێک‌دا کە گەلی کورد لە ڕێگای گەیشتن بە ماف و ئاواتەکانی‌دا هەروا ڕووبەڕووی دژمنکاریی دەرەکی و ئاڵەنگارە کۆن و نوێیەکانی دەروونی خۆیەتی، پرسیاری ئەسڵی بەڵام ئەوەیە کە ئایا دەبێ چی بکرێ بۆ ئەوەی ئەزموونێکی لەم چەشنە جارێکی دیکە دووپات بێتەوە، و ئەگەر هەمدیسان وەها دەرفەتێک بۆ کوردی ڕۆژهەڵات ڕەخسایەوە، ئەو گەلە چەندە توانا و ئامادەیی ئەوەی هەیە ئەو دەرفەتە لە کیس خۆی نـەدا و قەوارەیەکی ئازاد بۆخۆی ئاوەدان بکاتەوە کە وەک کۆمارە تاقانەکەی کورد ناکام نەبێ؟

وەهـا توانا و ئامادەییەک تەنیا کاتێک دابین دەبێ کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە گوتار و ڕوانگـەی سیاسی و لە کـردەوە و هەنگاوی تێکۆشانیان‌دا ئـەوەنـدە یـەکگرتـووانـە خەبات بەمەیدانی و بـەڕۆژ بکـەنـەوە کە ڕۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـان لـەسـەر نـەخـشـەی بـەرژەوەندییە سیاسییەکان لە ئێران و ناوچەدا ببێتە فاکتەرێک کـە دەسـەڵاتـی نـاوەنـدی و دنـیـای دەرەوە چیدیکە نەتوانن پشتگوێی بخـەن. بۆ ئـەوەش فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگەی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵات لەجیاتی ئەوەی ببنە مایەی درز و دابەشبوون، دەبێ بکرێنە سەرچاوەی هێزێکی هـەراو و فرەڕەهەند بۆ جێگیرکردن و پاراستنی دەسـەڵاتێکی نـەتـەوەیی کـە لەسەر بنـەمـای پشتیـوانی و وەخـۆگـرتـنـی هـەموو جۆراوجۆرییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان و کۆنترۆڵی خاک و سەرچاوەکانی و لۆبیگەریی ژیـرانـەی سیاسی و حقووقی و دیپلۆماسی ڕاوەستابێ.

کۆماری کوردستان ڕەمز و دەسکەوتی هەموو نـەتـەوەی کـوردە، بـەڵام شانازیی دامەزراندنی کۆمار لەپێشدا بۆ حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە. هـەربۆیـەش چـاوەڕوانـیی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵگرتن و بەجێگەیاندنی پەیامی کۆمار لە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان پێش هەموو لایەک لـە حـیـزبـی دێـمـوکـراتـە. سێ چـارەگـە سـەدە پـاش دامـەزرانـی کـۆمـاری کـوردسـتـان، حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدروستی هەست بە بەرپرسایەتیی قورس و پیرۆزی سەر شانی لەو پێوەندییەدا دەکا، بەتایبەت لە هەلومەرجی ئێستادا کە سەرەڕای بەردەوامیی کۆسپ و ئاستەنگەکان، دۆخی قەیراناویی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەی ئێران و بێزراوی لە هەر کات زیاتری کۆماری ئیسلامی و دوورەدیـمـەنـی کێشە هـەڵـپـەسـێراوەکـانـی ئـەو ڕێژیمە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، هەروا بەڵێنی دەرفـەت و ئاڵوگۆڕی لـەسـەر ئەو هەلومەرجە بار کردووە.

بە هیوای ڕوون بە وەدیهاتنی ئامانجەکانی کـۆمـاری کـوردسـتـان، حـیـزبـی دێـمـوکـراتـی کوردستان جارێکی دیکە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ڕوحی پاکی شەهیدان پەیمان نوێ دەکاتەوە کە تا سەرکەوتن شێلگیرانە لەسەر ئەم ڕێگایە دەڕوا و بەرپرسیارانە ئەمانەتداری میرات و ڕیسالەتی کۆماری کوردستان و پێشەوای شەهیدی دەبێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٩ی هەتاوی**
**(١٩ی ژانویەی ٢٠٢١ی زایینی)**

کوردستان
• ژمارە: ٧٩٠
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٩ _ ١٩ی ژانوییەی ٢٠٢١

**مستەفا مەولوودی:**

# خەڵکی کوردستان بە بڕوابەخۆبوونەوە بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان تێدەکۆشن

**دیمانە: مەنسوور مروەتی**



دوای ٧٥ ساڵ حیزبی دێموکرات هەر بۆ ئەو ئامانجانە تێدەکۆشێ کە ئامانجی کۆماری کوردستان بوون و خەڵکی کوردستان بە بڕوابەخۆبوون و هیوای دامەزراندنەوەی کۆمارێکی دیکەی کوردستانە کە لە بەرامبەر دوژمنی مافەکانیان ڕاوستاون. ڕاستە لەو پێوەندییەدا زیان و خەساری گیانی و ماڵیی زۆریان وێ کەوتووە، بەڵام ئاڵای خەباتی کوردستان و کۆماری کوردستانیان هەر بەرز ڕاگرتووە.

لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندان، ٧٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان‌دا، "کوردستان" دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پێکهێناوە. لەو دیمانەیەدا پرسی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و ناوچە، خەڵک و دەسەڵات لە ئێران و پرسی خەبات و هاوخەباتیی کورد و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەوەری سەرەکیی ئەم دیمانەیە بوون:

**کاک مستەفا لە دەربیجەی گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە دەست پێ دەکەین. بارودۆخەکە چۆنە؟ لە ئێران، نێوان خەڵک و حاکمییەت چۆن دەبینن؟**

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەردەوام لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری‌دایە. لەبەر ئەوەی پرسە جۆراوجۆر چارەسەرنەکراوەکانی ناوچە دەخوازێ گۆڕانکاریی بەردەوام ڕوو بدەن، چونکی زۆر لە دەوڵەتانی زاڵ لە ناوچە بەتایبەت لە ئێران، دەوڵەتی دێموکراتیک و خەڵکی نین. بۆیەش خەڵک هەوڵ دەدا نیزامێک بێتە سەر کار کە دێموکراتیک و خەڵکی بێ، وەڵامدەر بێ. خەڵک هەوڵ دەدا ژیان و گوزەرانی خۆشتر بێ، بەڵام لە ئێران حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە زەبروزەنگ بەرهەڵستی خەڵک و مافەکانیان بۆتەوە.

خەڵکی هەر وڵاتێک خۆشەویستیی بۆ خاک و وڵاتەکەی هەیە و پێی خۆشە نیشتمانەکەی ئاوەدان بێ، پێوەندیی دروست، بنیاتنەر و سەقامگیری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێ. بەڵام لەوەشدا دەبینین کە کۆماری ئیسلامی ئاسوودەیی لە خەڵک هەڵگرتووە و ئێران بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە وەک "عونسوری نامەتلوب" لە هاوکێشە سیاسییە جیهانییەکان‌دا سەیر دەکرێ. بۆیە خەڵکی وڵات ئاڵوگۆڕی دەوێ و بۆ دابین‌کردنی دێموکراسی و مافە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی لە تێکۆشانی بەردەوامدایە. لە لایەکی دیکەوە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی مەترسیی بۆ سەر زۆر وڵاتی ناوچە دروست کردوە، لەم ڕووەوە گۆڕانکارییەکان لە ئێران و ناوچە شوێنی ڕاستەوخۆ لەسەر یەکتر دادەنێن.

**کاک مستەفا لە ڕۆژەکانی کۆتایی دەسەڵاتی ترامپدا دەبینین سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت و سەپاندنی گەمارۆی نوی بە دژی ئێران درێژەی هەیە. شوێن‌دانانی ئەم گەمارۆیانە لەسەر بڕیارەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها بارودۆخی خەڵک چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر کۆماری ئیسلامی سروشتییە کاریگەریی خۆی لەسەر بڕیارەکانی ڕێژیم هەبووە. ئەم گەمارۆیانە تا ڕادەیەک دەستی کۆماری ئیسلامیی لە پرۆژە ئەمنییەتییەکانی و تەڕاتێن و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە کورت کردۆتەوە، بەڵام هاوکات شێوەی مودیرییەتی گەمارۆکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی خەڵکی بەدەستەوەیە، وای‌کردووە کە دووکەڵی گەمارۆکان پتر بچێتە چاوی خەڵکی وڵاتەوە. ئێمە بینیمان لە دۆخی گەمارۆکانیش‌دا بەشی زۆری بودجە و ئیمکاناتی وڵات هەر بۆ دامەزراوە ئەمنیەتی و سەربازی و حکوومەتییەکان بوو. بە دەربڕینێکی دی ڕاستە ئەو گوشارەی گەمارۆکانی ئەمریکا کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ناوچە و ئابووریی وڵات و ئاست و بڕی داهاتی ڕێژیم هەبووە، بەڵام حکوومەتی ئێران جۆرێک جووڵاوەتەوە کە زیانەکە زۆرتر بە سەر خەڵکدا بشکێتەوە. هەڵبەت هەر ئەو بارودۆخەش کەلێنی نێوان خەڵک و حاکمییەتی زیاتر کردووە و وەک دەبینین شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکان لە ئێران بەدژی دەوڵەت و دەسەڵات دەستی پێ کردووەتەوە.

**ڕاستە ئەو گوشارەی گەمارۆکانی ئەمریکا کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ناوچە و ئابووریی وڵات و ئاست و بڕی داهاتی ڕێژیم هەبووە، بەڵام حکوومەتی ئێران جۆرێک جووڵاوەتەوە کە زیانەکە زۆرتر بە سەر خەڵکدا بشکێتەوە. هەڵبەت هەر ئەو بارودۆخەش کەلێنی نێوان خەڵک و حاکمییەتی زیاتر کردووە**

**کێ براوەیە؟ ئایا کۆماری ئیسلامی پاشەکشە دەکا؟ خەڵک بەسەر ئەو بارودۆخەدا زاڵ دەبن؟**

خەڵکی ئێران خەڵکێکی زیندووە، خەڵکێکی چالاک و مافویستە، خەڵکێکە لە وەختی خۆی‌دا گەورەترین شۆڕشی کردووە، بۆیە ئەم خەڵکە فەرهەنگ و پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خەبات و مافخوازی‌دا هەیە. بۆیە ئەمن پێموایە داهاتووی ئێران بۆ ئازادیی خەڵک و دابین‌بوونی دێموکراسییە. کات بۆ ئەوە دیاری ناکەین، بەڵام ئەو دەسەڵاتە سیاسییە ناتوانێ هەتا سەر بەو ئەقڵییەتە و بە خەیاڵی ئاسوودە بەسەر خەڵکی ئێران‌دا حکوومەت بکا. خەڵکی ئێرانیش توانا و تەحەممولی ئەوەی نییە بەرگەی ئەو هەموو فشار و بەش‌مەینەتییانە بگرێ. بۆیە پێم‌وایە ململانێی نەبڕاوەی نێوان حکوومەت و خەڵکی ئێران دواجار بە قازانجی خەڵک دەشکێتەوە.

**خەڵکی کوردستان لە کوێی ئەم ململانێیەدان؟**

ئێمە پێمان‌وایە پێوەندیی خەڵکی ئێران و کوردستان بەیەکەوە گرێ‌دراوە. بۆیە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسیش لە ئێران‌دا ڕوو بدا، کاریگەریی لەسەر خەڵکی کوردستانیش هەیە. سرووشتییە ئەگەر خەڵکی ئێران مەسەلەی دێموکراسییان بۆ گرینگە، مافی هاووڵاتییان بە لاوە باسە، پرسی هاوبەشی لە حکوومەتی دێموکراتیک و ئازادیان بۆ گرینگە، بایەخ بە دەسەڵاتی نەتەوەیی و خۆبەڕێوەبەری دەدەن، دەبێ کوردستان ببینن کە لە چل ساڵی ڕابردوودا بۆ ئەو ئامانجانە لە خەبات‌دا بووە. خەبات و تێکۆشان لە کوردستان لە پێناو ئازادی و دەستەبەری مافە سیاسی، نەتەوەیی، مەدەنی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان نهادینە بووە و هەموو ئەوانەی ئاگاداری ڕەوشی سیاسیی ئێرانن، دەزانن کە پرسی سیاسی لە کوردستان زۆر لەپێشە. خەڵکی کوردستان سیاسیترە، حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی بەڕابردوو و ئامادە لە مەیدانی هەیە.

بۆیە لەم بارەیەشەوە لام وایە ئەو ئامادەییە لە خەڵکی کوردستان‌دا هەیە کە لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا بتوانێ دەور و ڕۆڵی سەرەکیی خۆی بگێڕێ و خاوەنداری لە پرس و مافە ڕەواکانی بکا.

**ئەوەی کە جەنابت دەفەرمووی دەخوازێ حیزبە کوردییەکان زیاتر یەکگرتوو بن و پێکەوە هەماهەنگی زیاتریان هەبێ؟**

بێ‌گومان حیزبی سیاسی کاریگەریی زۆری لەسەر بردنە پێشی بزووتنەوەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیی و سیاسی لەهەر وڵاتێکدا هەیە. بۆیە، یەکەم ئێمە بایەخ بە تێکۆشانی حیزبی لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان‌دا دەدەین و لامان وایە کە حیزبەکان لە کوردستان دەسکەوتی گرینگیان بۆ بزووتنەوەی کورد دەستەبەر کردووە.

دوویەم، ئێستا وا نییە بڵێی لە کوردستان یەک حیزبی سیاسی بە تاقی تەنیا بتوانێ هەموو یان زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لەگەڵ خۆی بخا. بۆیە کارەکە دەبێ کاری هاوبەش، بەگرووپ و بەیەکەوە بێ. بزووتنەوەی کورد لەو پێوەندییەدا ئەزموونی خۆش و ناخۆشی هەیە کە ئەو ئەزموونە ناخۆشانە دەبێ ببێتە دەرس و دووپات نەبێتەوە. ئەزموونی باش و بەنرخیشمان هەیە لە بەیەکەوە کار کردن کە دەبێ زیاتر پەرەیان پێ بدەین بۆوەی ناوەندێکی سیاسیی قەرار و بڕیار لە کوردستان‌دا دروست ببێ. لە ئێستادا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە دەتوانێ چەترێکی باش بێ، بەڵام ناوەندی هاوکاری بۆوەی وەڵامدەری ئەرکەکانی داهاتوو و چاوەڕوانیی گشتییەکە بێ، دەبێ زۆرتر کار بکا و پرۆژەی مەیدانیی پتری هەبن.

**ئێستا وا نییە بڵێی لە کوردستان یەک حیزبی سیاسی بە تاقی تەنیا بتوانێ هەموو یان زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لەگەڵ خۆی بخا. بۆیە کارەکە دەبێ کاری هاوبەش، بەگرووپ و بەیەکەوە بێ. بزووتنەوەی کورد لەو پێوەندییەدا ئەزموونی خۆش و ناخۆشی هەیە کە ئەو ئەزموونە ناخۆشانە دەبێ ببێتە دەرس و دووپات نەبێتەوە.**

**کە باس لە هاوپێوەندیی حیزبەکان لە کوردستانی ئێران دەکرێ چاوەکان زیاتر دەچنە سەر حیزبی دێموکرات کە بەداخەوە ئێستا دوو بەشە. ئایا بەمجۆرە دەکرێ لەو ئامانجانە نیزیک ببینەوە؟**

ئەوەی کە خەڵکی خەڵکی کوردستان بەگشتی چاویان بەسەر حیزبی دێموکراتەوە هەیە، یان چاوەڕوانییان لە حیزبی دێموکرات هەیە، تەواو

درێژە بۆ لاپەڕەی ٦

## کۆماری ئیسلامی بە بەرپرسیاری گیانی دەسبەسەرکراوان دەزانین

**ڕاگەیاندنی هاوبەشی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەمبەر ئەو ڕەشبگیرییەی ئەم دواییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵەی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ!**

لەماوەی ڕۆژانی هەینی هەتا چوارشەممە (١٩ی بەفرانبار هەتا ٢٤ی بەفرانباری ١٣٩٩) بە پێی زانیاری و بەدواداچوونی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێزە ئیتلاعاتییەکانی سپای پاسداران و ئیدارەی ئیتلاعاتی سیاسیی وەزارەتی ئیتلاعات بە هۆکاری نارِوون لانیکەم ٢٨ کەس لە چالاکانی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەسبەسەر و بۆ شوێنی نادیار گواستوتەوە.

بە سەرنجدان بەو هەواڵانەی بۆ ئێمە هاتوون و دوای بەدواداچوونی ورد، بۆمان دەرکەوتووە کە لە بەشی هەرەزۆری دەستبەسەرکردنەکان‌دا، هێزە ئیتلاعاتییەکان بە شێوازێکی پڕ توندوتیژی و بێ‌ڕێزی و سووکایەتی و هەروەها بەبێ نیشان دانی ڕێپێدانی قەزایی ئەو هاونیشتمانییانە قۆڵبەست کردووە و دەستیان بەسەر بەشێکی زۆر لە کەرەسەی کەسییان (موبایل، لەبتاب، کتێب و...) داگرتووە. لەو ٢٨ کەس دەسبەسەرکراوە ٣ کەسیان ژنن و هیچ زانیارییەک لە شوێنی ڕاگرتنیان لەبەر دەست نییە و تەنانەت لە هەرچەشنە مافێکی شارۆمەندی و حقووقی بێبەش کراون.

ئێمە وەک ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوجۆرە هەڵسوکەوت و بەکۆمەڵ دەستبەسەرکردنە بە کردەوەیەکی مەترسیدار بۆسەر تەناهی و ئاسایشی خەڵک دەزانین و لە ڕەوشی ئەو هاونیشتمانیانە نیگەرانین. هەربۆیە داوا لە هەموو حیزب و لایەنە سیاسیی و کۆڕ و دامەزراوەی مافی مرۆڤی دەکەین زیاتر بایەخ و گرنگی بەم پێشێلکارییە ئاشکرایە بدەن و بە نیشاندانی هەڵوێست و گوشار بۆسەر ڕێژیم هەوڵ بدرێ مافی بنەڕەتی و ئینسانیی ئەو خەڵکە بپارێزرێ.

ئێمە لەهەر ئەگەرێکی مەترسیدار بۆسەر گیانی ئەو گیراوانە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بەرپرسیار دەزانین.

ئاماری سەرجەم ئەو دەسبەسەرکراوانەی چەند ڕۆژی ڕابردوو کە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەسبەسەر کراون بە جیاکاری شارەکان بۆ ڕای گشتی:

**مهاباد:**
١-دەریا تاڵەبانی ٢-فەرزاد سامانی ٣- شەپۆل خزری ٤- سۆران حوسێن زادە ٥- سالار ڕەهوی ٦ئیمان عەبدی ٧-ئەفشین مام ئەحمەدی ٨- سیروان نووری ٩-حوسێن عەبدی

**مەریوان:**
١- زانیار موعتەمیدی ٢- کاروان مینویی ٣- دانا سەمەدی ٤-سیروان کەریم زادە ٥-جەبار پیروتی ٦-عادل پەروازە ٧-سوهەیب بادرووج
سەوڵاوا(سنە):١-سەلمان ئەدوایی ٢- سیامەک ئەدوایی ٣-ئەکرەم ئەدوایی
**ڕەبەت:**١-بەهمەن یوسف زادە ٢-فەریدوون موساپوور ٣-فەرهاد مووساپوور

**نەغەدە:**
١-عەبدوولا حاجی ئەحمەدی ٢-پەیمان حاجی ئەحمەدی ٣-گەلاوێژ عەبدووڵلاهی

**بۆکان:**
١-حوسێن گەردشی ٢-عەزیمە ناسری

**سنە:** ئارام یوسفی

ئەو کەسانەش دوای بانگ کران و لێپرسینەوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات بە شێوەی کاتی ئازاد کراون: ١- ئارام مرادیان (سنە) ٢-کامیل نووری (سنە) ٣- ئەمیر ڕەزایی(مەریوان) ٤- کارۆ عەلیداد (مەریوان)

**ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**٢٥ی بەفرانباری ١٣٩٩**

## ئەلقاعیدە لە ئێران


ئامانج زیبایی

مایک پەمپێئۆ لە دوا ڕۆژەکانی دەسەڵاتی خۆی وەک وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە ئیدارەی دۆناڵد ترامپ باسی پێوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و گرووپی تێرۆریستی ئەلقاعیدە وروووژاندووە و ڕایگەیاندووە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە پایەگایەکی نوێ و پارێزراوی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە و ئێران کە گەورەترین پاڵپشتی گرووپە تێرۆریستیەکانە، ئەم ڕێکخراوە تێرۆریستییەشی داڵدە داوە. هەڵبەت وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە زمانی محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوە و سەعید خەتیبزادە وتەبێژی وەزارەتەوە وەک عادەتی هەمیشەیی خۆیان حاشایان لەم بابەتە کردووە و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان لەو جۆرە پێوەندییانە و پاڵپشتیکردنی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان بێبەری کردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ماوەیەک لەمەو پێش کەسی دووهەمی ئەلقاعیدە، عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدوڵڵا، ناسراو بە ئەبوو محەممەد لە تاران کوژرا و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەش ئەم هەواڵەی پشتڕاست کردۆتەوە.

لەم ساڵانەدا لێرە و لەوێ زۆر بابەت و زانیاری لەسەر مژاری داڵدەدانی ئەندامانی پلەبەرزی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئێران لە لایەن کەسایەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بڵاو کراوەتەوە. زەلمای خەلیلزاد، باڵیۆزی پێشووی ئامریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراق و ئەفغانستان تا ئێستا چەند جار باسی لە هاریکاریی سپای پاسداران بەتایبەت لقی سپای قودس لە تالیبان و ئەلقاعیدە کردووە و ڕێژیمی ئێرانی بە گرتنەبەری سیاسەتی دووڕووانە لە هەمبەر خەڵکی ئەفغانستاندا تۆمەتبار کردووە. پرسیار ئەمەیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ چ مەبەستێک پاڵپشتیی ڕێکخراوی تێرۆریستیی ئەلقاعیدە دەکا؟

ڕوون و ئاشکرایە کە بەهێزترین خاڵی هاوبەشی نێوان دوو هێزی بە ڕەواڵەت دژبەری یەک لە ڕووی ئایدۆلۆژیی ئایینییەوە، بوونی دوژمنێکی هاوبەشە بە ناوی ئامریکا. ئێران زیاتر لە ٤٠ ساڵە دوژمنایەتیی ئامریکای کردۆتە سیاسەت و ستراتێژیی درێژخایەنی خۆی و بۆ پەرەپێدان بەم سیاسەتە دەستی لە هیچ شتێک نەپاراستووە. لە پێشێلکردنی پرەنسیپ و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانەوە بگرە، هەتا دەگاتە دروستکردنی گرووپ و میلیشیای توندڕۆ بۆ شەڕی نیابەتی دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. لە ئێستاشدا کە بەهۆی گەمارۆکانەوە سەرچاوە داراییەکانی لە کەمیی داوە، چ بژاردەیەک باشتر لە ئەلقاعیدە کە بتوانی ئەم بۆشاییەی بۆ پڕ بکاتەوە. بەتایبەت کە ئەلقاعیدە لەڕووی داراییەوە یەکێک لە دەوڵەمەندترین گرووپە تێرۆریستەکانە و تێچوویەک ناخاتە سەر کۆماری ئیسلامی. بۆ ڕێبەرانی پایەبەرزی ئەلقاعیدەش گرینگ دابینبوونی شوێنێک بۆ خۆحەشاردان، حاوانەوە و پاراستنی گیانیانە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ئەو جێومەکانەیان دەداتێ تا لە ئێرانڕا کە شوێنێکی گونجاو بۆ سەردان و دەستڕاگەیشتن بە ئەفغانستان، پاکستان، ئازەربایجان، عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن و تەنانەت عەرەبستانە؛ عەمەلیاتە تێرۆریستییەکانی خۆیان فەرماندەیی بکەن. ئێران بەوە هاوکات مەیدانی چالاکییەکانی ئەلقاعیدە و داعشی بردۆتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و ئەم گرووپانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان قەرزداری خۆی کردووە و لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکانیشدا وەک کارتێکی بەهێز لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاریان دێنێ.

لە ئێستاشدا کە عێراق سیاسەتەکانی زیاتر بەرەو ئاراستەی واشینگتۆن و ڕۆژئاوایە و بە ڕێژەیەکی بەرچاو کێشەی داعشی لەکۆڵ بۆتەوە و، ڕۆژ بە ڕۆژ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دوورتر دەکەوێتەوە، چ شتێک باشتر و بەردەستتر لە تێرۆریستەکانی ئەلقاعیدە بۆ نانەوەی بشێوی و ئاڵۆزی لەم وڵاتەدا؟ بەمجۆرە بە چالاککردنەوەی ئەلقاعیدە لە جوغرافیای عێراقدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە یەک بەرد دوو کێل دەشکێنێ. یەکەم هێزەکانی حەشدی شەعبی کە بە هۆی گوێڕایەڵی بۆ ڕێبەریی ئێران جێگەوپێگەی جارانیان نەماوە و بەرەو لاوازی دەچن، چالاک دەبنەوە و بە ناوی بەرگری لە خەڵکی عێراق جارێکیتر هەلێک دەرەخسێنن بۆ گەیشتنیان بە دەسەڵات. دووهەمیش ئەوەیە کە بە چالاککردنەوی ئەلقاعیدە لە عێراق ئۆتوریتە و کارامەیی حکوومەتی کازمی دەبەنە ژێر پرسیار.

پرسیارێکیتر لەم پێوەندییەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە بۆ لەو کاتەدا ئامریکا ئەو بابەتە دەوروژێنێ و بۆ مەگەر تا ئێستا بەوەی نەزانیوە؟ وەزیری دەرەوەی ئامریکا نایشارێتەوە کە دەمێکە بەرپرسانی ئەلقاعیدەیان لە ئێران لەژێر چاوەدێری گرتووە. کووژرانی ئەبوو محەممەد ئەلمیسری و کچەکەی -کە هاوژینی هەمزە کوری بنلادەن بوو- لە گەڕەکی پاسدارانی تاران و، هەروەها ئەو دیکیومێنت و بەڵگانەی داوی کووژرانی ئۆسامە بنلادەن لە پاکستان و ئەو دیکیۆمێنتانەی لە لیبی دەستی ئامریکا کەوتوون؛ بەڵگەی ڕوونن بۆ هەبوونی ئەم پێوەندییەی ئەلقاعیدە و کۆماری ئیسلامی کە ڕێژیم حاشای لێدەکا. جگە لەم بەڵگانە ئامریکا باس لە خۆحەشاردانی سێ سەرکردەی پلەبەرزی ئەم ڕێکخراوەیە بە ناوەکانی عەبدولڕەحمان ئەلمەغریبی، سەیفولعەدل و یاسین سووری لە ئێراندا دەکا و بۆ وەرگرتنی زانیاری لە سەریان ٢٧ ملیۆن دۆلاری پاداشت دیاری کردووە.

بۆیە ئامریکا زۆر باش دەزانێ کە لە ئێران چ ڕادەبرێ و بە لەقاودانی ئەم بابەتە دەیەوێ بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڵێتەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی سەرەڕۆیە و مەترسیی زۆر جیدییە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەم مەترسییەش ڕوو لە هەڵکشانە. هەروەها پیداگری لەسەر دروستبوونی سیاسەتەکانی ئیدارەی دۆناڵد ترامپە کە ڕێکەوتننامەی بەرجام نەیتوانیوە پێش بە سەرەڕۆییەکانی ئەم وڵاتە بگرێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە بیر لە داڕشتنی ڕێککەوتننامەیەکی دی بۆ دانانی پەرژینێکی قایم لە دەوری ئەم وڵاتە بکەن و هاوکات گەڕانەوەی ئیدارەی بایدێن بۆ بەرجام دژوارتر ببێت. بۆ ئەمەش بەڵگەی پێویستیان لەبەردەستە. ئێران لەم ماوەیەدا بە پەرەپێدان بە بەرنامەی مووشەکی و بردنە سەرێی پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ خەستیی سەروو ٢٠٪ و سەرکوتکردنی نارازییەکانی لە نێوخۆی وڵات و تیرۆرکردن و ڕفاندنی دژبەرانی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی سەلماندوویەتی کە ڕێککەوتن لە گەڵی ئەمنییەت و ئاسایش لە ناوچە و جیهانیش هەڵدەگرێ.

# دوور و نزیک دەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان»

## (بە بۆنەی حەفتاوپێنجەمین ساڵی دەرچوونیەوە)

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

٢٠ی ئەم مانگە (بەفرانباری ١٣٩٩ی هەتاوی) ٧٥ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تێدەپەڕێ. ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە هاوکارییەکی کەمم دەگەڵ «کوردستان» هەیە، پێم خەسار بوو لەم بۆنەیەدا ئاوڕێک وەسەر ئۆگری و پێوەندیم بەو ڕۆژنامەیەوە نەدەمەوە.

دەزانین هەرچەند لەلای زۆرکەس یەکەمین دەورەی کوردستان وەک زمانحاڵی کۆماری کوردستان ناسراوە، ئەم ڕۆژنامەیە دوازدە ڕۆژ پێش دامەزرانی کۆمار وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی بە وەشان کردووە و هیچ وەختیش بەرەسمی ناوی ئۆرگانی کۆماری کوردستانی لەسەر دانەنراوە. لەو سەردەمەدا ئەمن منداڵێکی حەوت ساڵە بووم و تەنانەت ناوی «کوردستان»یشم بەر گوێ نەکەوتووە. بەڵام زۆر دواتر بۆم دەرکەوت خۆم و هاوتەمەنەکانم زۆر لەو شێعرانەمان لەبەر بووە کە لەو ڕۆژنامەیەدا چاپ کراون. بەڕاستی دەگەڵ ئەوەی ڕەنگە کەمتر لە مانا و پەیامی سروودەکانی سەردەمی کۆمار تێگەیشتبم، بەڵام ئێستا بەئاواتم هێندەی ئەو سەردەمەم سروودە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئەودەم لەبەر بان.

"کوردستان" دوای ڕووخانی کۆمار چەند دەورەی کورتماوە و درێژماوەی لێ دەرچوون کە دووربەدوور و تاکوتەرا نەبێ لێیان ئاگادار نەبووم و بەپێویستیش نازانم لەم دەرفەتەدا لێیان بدوێم، چونکە هەر بەم قەڵەمە لانیکەم دووجار لە ژمارەکانی پێشووی "کوردستان"دا باسیان کراوە. ئەوەی جێی باسی منە و بیرەوەری و -ببوورن- کاریگەریم دەگەڵی هەیە، دوا دەورەی ڕۆژنامەکەمانە کە لە ڕێبەندانی ساڵی ١٩٤٩وە دەستی پێکردوە و تا ئێستا بەردەوامە، بەجۆرێکی دیکە بڵێین مانگی ڕێبەندانی دادێ پەنجایەمین ساڵی بڵاوبوونەوەیەتی.

تازە وەسەریەک کەوتبووینەوە و کەمێک لە ئازاری پەرشوبڵاوی حەسابووینەوە. چونکە ماوەیەک بوو لەبیر چووبووینەوە، دەبوو کار بکەین بۆ ئەوەی لەنێو کۆڕوکۆبوونەوە سیاسییەکاندا جێیەک پەیدا بکەین. یەکێک لە باشترین ڕێگاکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەرکردنی ڕۆژنامە بوو کە هەم پێویستیی بە چالاکی و پێوەندیگرتن هەبوو، هەم بیروڕا و بۆچوونە سیاسییەکانمانی دەگەیاندە دۆستان. لە "لەفاف"دا دەڵێم هێندێ کۆسپ و تەگەرە هاتنە سەر ڕێگامان، بەڵام دوکتۆر قاسملوو گوتی نرخەکەی هەرچی بێ، دەبێ بیدەین و ڕۆژنامەی ئۆرگان دەربکەین. وا بوو دەرمانکرد و "بێئارەق"یش دەرچووین.

دەستەی نووسەران پێنج ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون: د. قاسملوو، کەریمی حیسامی، هێمنی شاعیر، حەمەدەمینی سیراجی و من. هەرچەند کەمتاکورتێک دەستی نووسینم هەبوو بەڵام نە قەتم ڕۆژنامەنووسی دیبوو، نە تەنانەت ڕۆژنامەخوێنییش. بۆیە هەموو گیانم نیگەرانی بوو. دانیشتین بۆ هەرکەس وتارێک دیاری کرا کە بینووسێ. دیارە بابەتێکیش بۆ من دانرابوو کە "تلپاتێ تەڕ"م لێنەدەزانی. پەنام بۆ دوکتۆر برد ڕێنوێنیم بکا، زۆر بێڕەحمانە گوتی وتاری خۆتە و بۆخۆت دەبێ بینووسی. زۆر نارەحەت بووم بەڵام چار نەبوو، چووم شتێکم ئامادە کرد و ڕۆژی دواتر بۆم بردەوە. دوای دووسێ سەعات کە وێیدامەوە، دیتم ئەوەندەی دەسکاری کردووە کردوویەتە "جگر و دل زلیخا". بەناچار چوومەوە لای، گوتم ئێستا کە ئەوەی نووسیومە بەکەڵک نایە پێم بڵێ چبنووسم. بێڕەحمانەتر لە جاری پێشوو گوتی بۆ من نەبوویە ئەندامی دەفتەری سیاسی، بڕۆ کاری خۆت بۆخۆت بکە. کفری دنیام کرد و لە دڵی خۆمدا هەزار قسەم پێگوت کە نایەوێ هیچ فێر بم. بۆ جاری دووەم کە پاکنووسم کردەوە یەکدوو نووکەقەڵەمی تێسرەواند و گوتی بینێرە بۆ چاپ.

بۆ ژمارە ٢ی ڕۆژنامەش داستانەکە دووپاتە بووە، دیسان لەمن پەنابردن و لە دوکتۆر پاڵپێوەنان. لە ژمارە ٢ڕا ئەمن سەرپەرستی کاروباری چاپخانە بووم. ئاخر ڕۆژ بوو کە چوومە چاپخانە، جێی ستوونێک یان بە مۆدی ئێستا بڵێین جێی ٢٠٠-٢٥٠ وشەیەک کەمیمان هەبوو. شەوێ بابەتێکی کورتم نووسی و بەیانی بردم بۆ دوکتۆر، گوتم بەپەلە بۆم چاک بکە چونکە دەبێ بیبەمە چاپخانە لەسەری مەحتەڵن. سەرم سوڕما، کە خوێندیەوە بێ دەسکاری وێیدامەوە گوتی باشە. لێرەدا بوو کە تێگەیشتم ئەو بێڕەحمییەی بۆ ئەوە بووە کە پشت بەخۆم ببەستم و فێر بم. ئەمە بۆمن بووە دەرسێک و هیوادارم بۆ هەموو قەڵەمێکی تازەش ببێتە ئەزموونێک.

لە "کوردستان" کاری جۆراوجۆرم کردووە: وتارنووسین، وەرگێڕان -پتر لە فارسی و عەرەبی بۆ کوردی و جارجاریش لە کوردییەوە بۆ فارسی-، هەڵەبڕی، کاری چاپخانە، تایپ و پۆلیکۆپی، بەرپرسایەتیی ئەدەبی و زمانی و چەند دەورەش سەرنووسەری. پێم خۆشە لێرەشدا هەر بۆ ئەزموونوەرگرتنی لاوەکان وەبیر بێنمەوە کە د. قاسملوو دەگەڵ هەموو کارەکانی چاوی بەسەر "کوردستان" و بەگشتی ڕاگەیاندنەوە هەبوو. زۆرجار کۆی دەکردینەوە و لەسەر ڕێوشوێنی نووسینی سیاسی و ئەزموونی خۆی قسەی بۆ دەکردین. بەهەق ئامۆژگارییەکانی بەسوود بوون بەتایبەتی کە دەهاتە سەر باسی پرەنسیپ و ئەخلاقی سیاسی، زۆری پێدادەگرت کە واقیعبین بین و "بە خەیاڵ نەبین بە ماڵ"، زمان و قەڵەممان خاوێن بن و بە جنێو و قسەی دزێو پایەی باوەڕەکانمان نەهێنینە خوار. دەگەڵ ئەوەی ڕووخاندنی ڕێژیم -پاشایەتی یان ئیسلامی- دروشمی حیزب بوو، هەموو جارێ دەیگوت مەشیڕووخێنن یانی ڕووخاندن مەکەنە بنێشتە خۆشەی سەر زاران.



بیرەوەریم دەگەڵ "کوردستان" زۆرە و ئەگەر بمەوێ زۆری بگێڕمەوە "مثنوی هفتاد من کاغذ شود" بۆیە واز لەوە دێنم و هەوڵ دەدەم بەکورتی و بێ دەمارگرژی «کوردستان» -بە هەموویەوە- هەڵسەنگێنم. هێندێک دەڵێن وشەی ڕۆژنامە بە مانای نامەی ڕۆژە، یانی بڵاوکراوەیەکە ڕۆژانە دەردەچێ و دەنگوباس و بابەتی ڕۆژ باس دەکا. ئەگەر بەو مانایە چاو لێبکەین، "کوردستان"ی ئێمە پاش دەورانی کۆمار هیچ وەخت "ڕۆژنامە" نەبووە، چونکە جگە لەوەی ڕۆژانە دەرنەچووە، بە دەگمەن نەبێ بابەت و باسوخواسی ڕۆژیشی تێدا بڵاو نەبۆتەوە. هەشن دەڵێن ڕۆژنامە بەرامبەری شەونامەیە، واتە بە بڵاوکراوەیەک دەگوترێ کە بە ئاشکرا و بە ڕەسمی بڵاو دەبێتەوە و خوێنەران بێترس لە گیران و ڕاوەدوونانی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەتییەکان دەیکڕن و دەیخوێننەوە و لەلای خۆیان ڕایدەگرن. بەم مانایەش بیگرین "کوردستان"ەکەمان پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان تەنیا چەند مانگێکی دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا بڵاو بۆتەوە و بە ئازادی گەیشتۆتە دەستی خوێنەرانی. ئەگینا ئێستاشی لەگەڵ بێ لە نێوخۆی وڵات بە نهێنی بڵاو دەبێتەوە و لەڕاستیدا شەونامەیە.

سەربار ئەمانەش "کوردستان" کە چارەنووسی بە چارەنووسی حیزبی دێموکراتەوە گرێ دراوە، هەر ماوەیە لە جێیەک و هەر جارە بە قەبارەیەک دەرچووە و نەک هەر ڕۆژانە بەڵکوو حەوتووانەش دەرنەچووە. ئێستا دەوری ٣٠ ساڵە "کوردستان" بە ڕێکوپێکی مانگی دوو ژمارەی لێ دەردەچێ، ئەگەر بەو حیسابەش بێ دەبوایە لەو پەنجا ساڵەدا ١٢٠٠ ژمارە دەربکا. کەچی بەداخەوە ئێستا کە مانگێکمان بۆ پەنجایەمین ساڵی دەرچوونی ئەم دەورەیە ماوە تازە ژمارە 790ی دەردەچێ کە ئەمە ناکامییەکی گەورەی پێوە دیارە. بەڵام بە هەمووی ئەمانەوە "کوردستان" ڕۆژنامەیەکی سەنگین و سەربەرز و بەئیعتیبارە و بۆیە دەبێ شانازیی پێوە بکەین. جا بزانین بۆ؟

پێش هەموو شتێک چونکە زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە بەڕابردووترین ڕێکخراوی چالاکی هەموو کوردستانە و پتر لە سێ چارەکەسەدەیە جێمتمانە و نوێنگەی ویست و ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە. خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان لە کۆنەوە ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆیان لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا دیتۆتەوە و هەربۆیەش لە پشتی ڕاوەستاون و هەموو پێداویستییەکانی مانەوە و پێشەوەچوونیان بۆ دابین کردووە.

"کوردستان" هەمیشە ڕۆژنامەیەکی بە پرەنسیپ و واقیعبین بووە، هیچکات تووشی هەڵچوون و لەخۆدەرچوون نەبووە و هەوڵی نەداوە کوردستانیان و بەگشتی خوێنەرانی بە دروشمی بریقەدار و بێنێوەڕۆک و ئومێدی بێبناخە سەرگەرم بکا و هەڵیانخەڵەتێنێ.

حەفتاوپێنج ساڵ و هەر ئەم دەورەیەی پەنجا ساڵە هەڵگری پەیامی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی ئێرانە، هەرگیز لە شارێی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لای نەداوە، لە سەختترین هەلومەرجی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و بە هەر شێوازێک بۆی گونجابێ پەیامی پیرۆزی ئەم حیزبەی گەیاندۆتە کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندیی پیرۆزی حیزب و گەلی پاراستووە و بەهێزی کردووە.

لە زوربەی حاڵەتەکاندا زمانێکی پاراو و ڕەسەنی کوردیی بەکار هێناوە کە بە شاهیدیی بەشێک لە گەورەترین ئەدیبان و ڕووناکبیرانی خاوەننەزەری کورد شیاوی ئەوە بووە ڕەچاو بکرێ و ئەزموونی لێوەربگیرێ.

ئەو شانازییەشی هەیە کە زۆر لە شەهیدە مەزنەکانی بزووتنەوەی کوردی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها ناودارانی نەمری دێموکرات تا دواهەناسەکانی ژیانیان هاوکار و پشتیوانی بوون. لەوانە هەر وەک نموونە سێ ڕێبەری شەهید قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی، حەسەن قزڵجی، کەریمی حیسامی، حەمەدەمینی سیراجی، هێمن شاعیری ناوداری کورد، عەبدوڵڵای شەریفی، جەلال میراوەیی، تەها عەتیقی، فەتاح کاویان، عوسمانی ڕەحیمی، سەید سەلام عەزیزی و ...

حەفتاوپێنج ساڵەی دەرچوونی "کوردستان" دەکەمە دەرفەتێک بۆ ئەوەی گەرمترین پیرۆزباییم پێشکەشی هەموو خەڵکی کوردستان بکەم و بەتایبەتی سڵاو و دەستخۆش و ماندوونەبوونیم عەرزی نووسەران و ئیشکەرانی چالاک و ماندوویینەناسی "کوردستان" بکەم کە بە لێوەشاوەیی پەیامی پیرۆزی ڕۆژنامەکەمانیان پاراستووە و دەپارێزن و لەجیاتی مەمانانی "خانەنشین" و لەکارکەوتووش ئەو ئەرکە پیرۆزە بەجێ دەگەیەنن.

کوردستان
• ژمارە: ٧٩٠
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٩ _ ١٩ی ژانوییەی ٢٠٢١

# کۆماری کوردستان
# ئەزموونێک بۆ بەردەوامی نەک دابڕان

**ڕێبوار قازی**

بەشێک لە بیرمەندان لەسەر ئەو بڕوایەن بۆ درێـژەدان بە دۆخی ئێستا، پێویستە بە گشتی دابڕانێک لە ڕابردوو لە پێشدا مسۆگەر بکرێ، ئێنجا بەردی بناخەی کۆمەڵگەیەکی نوێ دابمەزرێ کە مرۆڤێکی نوێی تێدا بەرهەم بێ. مرۆڤێک کە پێی لەسەر عەرزی ئێستا گیر بێ و فڕێ بە ڕابردووە نەمێنێ. تاقمێکیش بڕوایان بە لێکگرێدراوی هەیە و ئێستا لە ڕابـردوو ناتەکێنن. بەڵکوو هێندێ جومگەی ڕابردوو بە ئێستاوە دەلکێنن و لەسەر بنەمای ئەو میراتەی لەوە پێش پێیان براوە کۆمەڵگەیەکی نوێ بە شوناسێکی مێژووییەوە دادەمەزرێنن. واتە ئەزموونێک لە دابڕان دەدوێ و پێی لەسەر دادەگرێ و ئەزموونێک بەردەوامیی دەکاتە ڕێگای و بەسەرێدا هەنگاو دەنێ.

ئـەوەی کە کام یـەک لـەو ئاراستانە دروستە و کامیان بە ڕێـی هـەڵـەدا ڕۆیشـتوون، بەپێی پاشخانی بیری خوێنەر و بابەتی بەرباسی ئەو بەردەنگەی خەریکی شیکارییە، قسە و بۆچوونی جـودا هـەڵدەگـرێ و ئاکامێکی دیـار و تاقانە ناتوانین بۆ باسەکە دەستەبژێر کەین.

هەندێ کۆمەڵگە پێویستە لە ڕابردووی خۆیان دابماڵدرێن و کۆی نیشانەکانی پێشوو لە کاتی ئێستایان بسـڕنـەوە. چـون ئـەو کۆمەڵگەیانە پێویستیان بە پاکبوونەوە لە ڕابردوویەک هەیە کە بۆ مرۆڤی ئێستا نە تەنیا لەبار و بەبەهرە و بەرهەم نییە، بەڵکوو زیانبار و مەترسیدارە. بۆ وێنە ئـەوەی پاش حـوزووری بیری نازیسم لە ئاڵمان ڕووی دا، پەرەسەندنی بیرێک بوو کە دەوڵەت و دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و بەشێکی مێژووی ئەو وڵاتـەی پێک هێنا. بـەڵام ئاڵمانی دوای شەڕی عالەمگیری دووەم، پێویست بوو لەو ڕابردووە پڕ لە خوێن و قین و کوشتارە خۆی لادا و حاشاش لە بیرێک بکا کە سڕینەوەی خەڵک و ئایینی دیکەی لە بەرنامەدا بوو. تەنانەت وای لێ هات ئەو سیستەمە نوێیەی لەوێ هاتە سەر تەختی بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، خولیای گەڕانەوە بۆ دۆخێکی واش بە تاوان بزانێ بووەی مرۆڤی نوێ و شوناسێکی نوێ لە ئاڵمان بە دونیا بناسێنێ. ئەوە دابڕانێکە کە پێویستە و زەروورەتەکەشی حاشا هەڵنەگرە.

بۆ بەشی دووەمـی باسەکە پێویستە بیر لە سیمایەکی دیکـەی سیاسەت بکـەینەوە. واتە پێویستە لە پێشدا بڵێین ئـەی کام ڕابردوویە کە دەکرێ درێژە و دەوامـەی هەندێک لە بیر و پێکهاتەکانیشی لە ئێستادا ببینینەوە و ئامێزیان بۆ بکەینەوە.

بۆوەی باسی سەرەکی سەردێڕی نووسینەکە بـورووژێ ئـەو بابەتە بە ئـەزموونی کـۆماری کوردستانەوە دەبەستینەوە. چـون هـەم لەگەڵ ئەزموونی پێشتر بـاسکراو هـاوکات بـوون و هەم دوو ئاکام و داهـاتووی جودایان هـەیە کە لەگەڵ باسی دوو ئاراستە باسکراوەکەی پێشوو یـەک دەگـرنـەوە. هـەر لە سـەردەمـی پاش شـەڕی عالەمگیری دووەم و لە پارچەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زەمینە بۆ سازبوونی و پێکهاتنی پێکهاتەیەکی سیاسی و کولتووری ڕەخسا کە تـا ئێستا زۆری بـاس کـراوە و کەمتر لەسەر جیاوازبوونەکەی لەنگەر گیراوە.

هەر ئـەو سـەردەم کەشی گشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە باری دەسەڵاتدارێتییەوە کەشێکە کە خەڵکی ئاسایی و جـەماوەری شەقام کەمترین ڕۆڵـیان تێیدا هەیە. پێکهاتەکان زیاتر میراتی شایانەی پێشوون. دامودەزگاکانی بەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتیش یا نین، یا لەبەرانبەر دەزگای پان و بەرینی چەکداریدا لەرزۆک و کەم هێزن.

لە دۆخێکی وادا، لە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان کۆماری کوردستان دادەمەزرێ کە لە کۆمارەکانی غەیرە ڕۆژئاواییدا، تا ئێستاش پڕشەنگدارترین کارنامەی لە بواری پێکهێنانی ڕێکخراوەی نوێ، کـاری مەدەنی و مافە بنچینەییەکانی مرۆڤەوە هەیە.

کۆماری کوردستان ئەگەرچی لەژێر ترس و گوشاری دەوڵەت-نەتەوەی فارسدا بوو، دەوڵەت نەتەوەیەک کە بەشێک لە بیری گەڕانەوە بۆ شکۆی ئیمپڕاتووریەکانی کەواناری ئێرانی بوو، بەڵام بە شێوەیەکی خێرا و دروست بناخە دروستەکانی دەوڵەتێکی نوێیان دامەزراند کە تێیدا مرۆڤ و کۆمەڵگە بەشێکی گرینگ و بنەمایین و تەنانەت سەرۆک کۆمارەکەی لەو ڕێیە و لەبەر پاراستنی ئەو کۆمەڵگەیەی پشتیان گرتبوو، گیانی خۆی بەخت کرد.

ئـەو یاداشتە کورتـە تەنیا دەتوانێ هێندێک خاڵ وەبیر بێنێتەوە و شرۆڤە و شیکردنەوەیان مەجالی هـەراوی دەوێ. ئـەوەی لـێرەدا باسی دەکرێ دوو بەشن. بەشێک ئەو دیاردانەن کە ئەو کات نەبوون و بەشێکیش دەستنیشانکردنی هێندێک لەو دیاردانەن کە بوون. باسی هەر دوو دەستە و ڕاڤە و شیکاریی تەسەلی پێویستە و دەبوو تا ئێستا بە وردی لەسەری نووسرابا. لە پێش‌دا ئاماژە بە هەندێک لەو دیاردانە دەکەین کە نەبوون. ئەوەش سەرچاوەکانی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستان پێمان دەڵێن. لە تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان‌دا ئەو دیاردانە -کە ئێستاش دوای حەفتا و پێنج ساڵ، پەڵەی سەر ڕوخساری زۆر یەک لە وڵاتە بەناو کۆمارییەکانی ناوچەن- نەبوون: دیاردەی بەندکراوی سیاسی، ئێعدام، بەربەستی بیروڕا، سانسۆڕ، سڕینەوەی جودابیران، تاک دەنگی ڕەسانەیی، خستنە ژێر گوشاری پەیڕەوانی ئایننەکانی دیکە و...

ئەو دیاردانەش بە پانەوە کاریان بۆ کراوە: کەڵکوەرگرتن لە هەموو زەرفییەتەکانی ئینسانیی ئەوکاتی ئەو بەشە لە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان کە دەنگی کـۆماری پێ ڕاگـەیشـتووە -کە لە کۆتایی ئـەو یادداشتـەدا زیاتری قسە لەسەر دەکـەیـن- ڕاگەیاندنی ئـازاد، پـەروەردە لەسەر بنەمای وڵاتپارێزی و مرۆڤدۆستی، پێشکەوتنی دۆخی ژنان، گرینگیدان بە گەشەی بیری منداڵ و مێرمنداڵ و دەرکردنی گۆڤاری تایبەت بۆ منداڵان، گرینگیدان بە دۆخی لاوان و حەول بۆ بەڕێکخراوەیی کردنی چالاکییەکانیان، هەڵگرتنی دروشمی دوور لە توندوتیژی و تەنانەت دوور لە ڕەنگی ئایینیی و ڕەگەزی و حەول بۆ سازکردنی کەشێکی دێموکرات بۆ خەڵکی دی تا تۆ بتوانی بە مافەکانت بگەی.



لەسـەر دوو بابەتیان وردە لەنگەرێک دەگرم. بابەتی یەکەمیان دروشمی ئەو بزووتنەوەیەیە. ئـەگـەر هـەر لـەو کـاتـەوە تا ئێستا بـەردەوام لـەسـەر کـۆماری کوردستان و بزووتنـەوەی ڕزگـاریـخـوازی کـورد لـە لایـەن نـەیـارانییـەوە دەگوترێ بزووتنەوەیەکی ڕەگەزپەرستانەی نەتەوەپەرستانە بـووە. کـەی ئـەو دروشمە خرا بەر باس و شی کراوە کە یەکێک لە بنچینەکانی کـۆمـاری کـوردسـتـان بـووە. دروشـمێک کە ئـەوی دی و ئـازادیی ئـەوی دی، بە زەمانەتی دەستـەبـەر بوونی، مـافـەکـانی خـۆی دەزانـێ. ئەویش لە سەردەمێکدا کە بیری ڕاسیستی و فاشیستی لە زۆر وڵات لە بەرەودا بوو. هەر لە ناوەندی دەسـەڵاتی ئێراندا، دەسـەڵات لە سەر بنەمای بیری کەوناراخوازی و بیر و گەڕانەوە بۆ ئیمپڕاتورییەتیە مێژینەکان دامەزرابوو و لە لایەن پان-ە جوداکانی ئێرانییەوە کاری بۆ دەکرا. ئەو دروشمە ئێستاش نە تەنیا لە بەرانبەر ئەویترێک کە سیمایەکی ڕووشـاو و دزێوت بۆ ساز دەکا کارامەیە و بنەمای ئیستدلالیان لەرزۆک دەکا، بەڵکوو وەک لایەنێک لە شوناسی مودێڕن و ئازادیخوازنەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، لە ئاستی هـەراوتـردا بۆ زەقکـردنـەوە و باس لێکردن دەبێ.

خاڵی دووەمیش پێوەندی بە باسی کەڵکوەرگرتن لە هەموو زەرفیەتە ئینسانییەکانی ئەو سەردەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە. ئەو خاڵە هێندە گرینگە کە دەتوانێ وەک زەرفییەتێک تاکوو ئێستاش لە ژیانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا ڕەچاو کرێ و بە دڵنیاییەوە ڕەچاو کردنی پێش بە لەتبوون و لێک تەوەللابوونی هەموو ئەو هێزانە دەگرێ کە بیروڕا و بۆچوونی جودایان تێدا هەیە و هەروەها هێندەش لە باری ئینسانییەوە دەوڵەمەندن کە هێزیان لە بواری جودا و بە زانست و توانای جوداوە لە خۆدا کۆ کـردووەتـەوە. ئەگەر ئانۆمی لە سیستەمدا، لە شێوەی دژایـەتی لەگەڵ تەکووزیی پێکهاتەی سیاسی ڕوو دەدا، یەکەم هۆکار دەگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتەی هێزەکان لە شوێنی خۆیان و بەپێی توانایان دەرفەتیان بۆ نەرەخساوە و لە ئاکامی ئەو بێ‌نەزمییەدا، سیستەم تووشی ناکارامەیی و دابڕان و لێکهەڵوەشانەوە دێ. ئەوەی لە کۆماری کوردستانی حەفتا و پێنج ساڵ لەمەوبەردا کراوە، بیرێکی بەڕێوەبەریی کەم وێنە بووە، کە هەموو هێزەکانی تێدا دیتراون. ئەرکیان خراوەتە سـەرشـان و بە هـەنـد وەرگـیـراون. لـە لایەکی دیکەوە ئەندامانی ئەو پێکهاتەیەش بۆ کارکردنی سیستەم بە شێوەیەکی کارا و تەکووز بەو ئەرک و بەرپرسیارێتییە نەتەنیا ڕازی بوون، بەڵکوو لە خوێندنەوەی بەرهەمی هەر کام لەو بەشانەدا، ئەو ڕاستییە دەردەکـەوێ کە بێ هیچ گرفتێک چالاکانە ئەرکێکی کە بۆی ڕاسپێردراون بە باشی و لەوپەڕی لێوەشاوەیی‌دا ڕایان پەڕاندووە.

نموونـەی بـەرچـاوی ئـەو بابـەتـە لـە بەشی کولتووریی کۆماری مەهابادا بەرچاو دەکەوێ. سەرکۆمار بە باشی خوێندنەوەی بۆ کاریگەرێتی کـاری کـولـتـووری هـەبـووە. وەگـەڕ خستنی ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری کوردستان و هەڵاڵە و گڕوگاڵی منداڵان و... هـەموو نیشانەی ئەو تێگەیشتنە دروستەن و هەڵبەت بەشی هەرە زۆری میراتی کۆماریش لەو دەلاقەیەوە بە ئێمە گەیشتووە.

پێشـەوا، هێمن و هـەژار وەک دوو توانا و وزەی ئەو ڕەوتە دەناسی و دەناسێنێ. قزڵجی و زەبیحیش دەبینێ و بە هەندیان وەردەگرێ. دەیان کەسی دیش هـەر چالاکانە ئـەو ڕەوتـە بەڕێوە دەبەن و بە هەموان میراتێک بە جێ دێڵن کە تا ئێستاش نموونەی سەرکەوتووی ڕۆژنامەوانی کوردی و لە هەمان کات‌دا سەرمەشقێکی لەباری کاری هاوبەشی ڕۆشنبیریشە.

بـەو پێیە دەتوانین بڵێین دەوامـەی حەفتا و پێنج سـاڵـەی بیرێکی بنچینەیی وا، دەتوانێ زۆر دەرسی بۆ میراتگرانی کۆمار لە ئێستادا پێ بێ و سەرنجی توێژەرانیش بۆ ئەو بابەتە ڕابکێشی کە چۆنە نزیک هەشت دەیە لەمەوبەر، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتەیەک دامـەزرا و دروشمەکەی لە پێش‌دا لەسەر دێموکراسی بۆ هەمووان دامەزراند جا دواتر بە باسی مافی خۆی بیری لە چارەنووسێکی هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤەکانی ئەو چوارچێوە جوغرافیاییە کردەوە. هەر ئەوەشە کە تا ئێستاش ئەو دەرفەتەی بە نەیارانی نـەداوە بتوانن بە شێوەیەکی نەرێنی لەسەر بیر و هەڵوێستەکانی کۆمار مانۆڕ بدەن و زیاتر بە قسە و باسی ساختە و ناڕاستەوە خۆیان سـەرقاڵ کـردووە بـۆوەی بەردەنگیان بە هەڵە بـەرن. بـەڵام ئێستا درێـژەدەرانـی ئەو ڕێبازە، کەمتر لـەو میراتە کەڵک وەردەگـرن و نەیانکردووەتە سەرمایەیەک کە خۆیانی پێوە بناسێنن و وەک بەشێک لە شوناسی خۆیان باسی بکەن. لەوەش گرینگتر سەرکۆماری ئەو ڕێبازە چۆنی توانی هاوسەنگییەک لە نێوان هێزە هەڵکەوتە ڕووناکبیر و دیندار و دەرەبەگەکان‌دا ساز بکا کە قورسایی بە لای ڕۆشنبیری و بیری تـازەدا بشکێتەوە و یەکیەتییەک ساز بکا کە هەمووان لە یازدە مانگدا وا وزەکانیان وەگەڕ خەن، کە زۆر نموونەی هاوشێوەی بە چەند دەیە بۆیان نەلواوە و نەکراوە. چۆن لەو یازدە مانگەدا هێزی چەکدار کاری خۆی ڕاپەڕاند و دەستی لە سیاسەت وەرنـەدا و پیاوان و ژنانی سیاسەت نەچوون دەستکاری پلانە کولتوورییەکان بکەن. ئەو بیرە یەکیەتی‌ساز و یەکگرتوویە بوو لە "هیچ" سامانێکی ساز کرد، کە پاش حەفتا و پێنج ساڵیش هەر دەکرێ بە دەنگی دڵێر بەرگری لە دەسکەوتەکانی بکەی و بێ بیرکردنەوە لە دابڕان و لە دەوامـەی ئەو ڕێگایەدا، ڕێبوارێک بێ بیر لە دەوڵەمەندتر کردنی سامانێک بکەیەوە کە هی هەموانە.

# ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شوێن‌پێی کۆماری ئیسلامی



دیاکۆ دانا

ئـێـران یـەکـێـک لـە وڵاتـانـی سـەرەکـی لـە ڕۆژهـەڵاتـی نێوەڕاستـە و لـە بـواری ستراتیژیکی، سەرچاوە سروشتییەکان، پانتایی، ژئۆپۆلۆتیک و... جێگە و پێگەی تایبەتیی هەیە، هەر بەم هۆیانە بوو کە ساڵی ١٣٤٨ هەتاوی لە لایەن نیکسۆن سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکاوە وێڕای عەرەبستان وەک ژاندارمی ناوچە دیاری کرا. پاش شۆڕشی ئێران لە ساڵ ١٣٥٧ و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و دروستبوونی گرژی لە نێوان ڕێژیمی ئێران و ئەمریکا و هەروەها ئاڵۆزیی پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچە لە سۆنگەی سیاسەتی "هەناردە کردنی شۆڕش" بۆ دەرەوە و دروستبوونی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق؛ ململانێ و بشێوییەکان لە ناوچە پەرەی سەند.

پاش چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا بە بوونی میلیشیا جۆراوجۆرەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەدا کە پاڵنەری برەودانی شیعەگەریی لە پشتە؛ ئەوەندەی دیکەش ئاڵۆزی و بشێوی ناوچەی تەنیوە.

دروستکردنی ئەو واقعە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەیان میلیارد دۆلاری تێچووە تا ئەو ڕادەیەی کە کاربەدەستانی ڕێژیم حاشای لێ ناکەن. ماوەیەک لەوە پێش بوو "محەممەد ڕەزا نەقدی"، یەکێک لە فەرماندە باڵاکانی سوپای پاسداران دانی بەوە دانا کە لە سێ ساڵی ڕابردوودا ١٧ میلیارد دۆلاریان خەرجی میلیشیاکانی سەر بە خۆیان لە ناوچە کردووە. ئیدیعای ئەوەش دەکەن کە ئێران توانیویەتی دەستی بە "قووڵایی ستراتیژی"ی ناوچە ڕابگا. ڕێژیم ئیدیعا دەکا هۆکاری ئەمنییەت و سەقامگیرییە لە ناوچەدا، بەڵام نە وڵاتانی ناوچە، نە وڵاتانی زلهێزی و خاوەن‌بڕیار لە هاوکێشە جیهانییەکان ڕای پێچەوانەیان هەیە.

سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی و ئامانجی بنەڕەتیی لە دەستێوەردانەکانی لە ناوچەدا دروستکردن و بەهێزکردنی هیلالی شیعی و سەپاندنی هێژمۆنیی خۆی بەسەر ناوچەدایە، واتە ژاندارمێکی دی و بۆ مەبەستێکی دی. سیاسەتێک کە نارەزایەتی و کاردانـەوەی زۆری لە وڵاتانی ناوچەدا لێ کەوتۆتەوە و ئەو دژکردەوانە بە سیاسەتی شەڕەنگێزیی کۆماری ئیسلامی لە لوبنانەوە هەتا عێراق و یەمەنەوە دیار و بەرچاوە. وەک بینیمان لە ڕەوتی نارەزایەتییەکانی ساڵ ڕابردوو لە عێراقدا خەڵک بە سووتاندنی وێنەی خامنەیی و هێنانەخوارێی ئاڵای کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی بێزاریی خۆیان لە ڕێژیم و سیاسەتەکانی دەربڕی.

وڵاتانی ناوچە بۆ بەرپەرچدانەوەی کۆماری ئیسلامی وێڕای کێبرکێی کڕینی چەکوچۆڵ کەوتوونەتە دروست کردنی "پشتێندی ئەمنییەتی" بە دژی ڕێژیم و بینیمان لە ساڵی ڕابردوودا دوو وڵاتی عەرەبیی ناوچە -ئیمارات و بەحرین- پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردەوە. هەر ئەو هەوڵە بوو بەهۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ترسی لە دڵ بنیشێ و تەنانەت کاردانـەوەی توندیشی هەبێ. ڕێککەوتن و ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندییەک کە لە ڕوانگەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە بە خەیانەتێکی گەورە بە ئیسلام لە قەڵەم درا! بەڵام خیانەتی گەورە ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە خەڵکی هەژاری خۆی ڕەوا دەبینێ و بەشی هەرە زۆری سامان و داهاتی وڵات بۆ پرۆژە ئیدۆلۆژیک و سەربازییەکانی خەرج دەکات، ئەوە بوو کە لە نارەزایەتییەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا خەڵک بەئاشکرا بە بەرزکردنەوەی دروشمی توند، نارەزایەتی و تووڕەیی خۆیان لە دەستتێوەردانەکانی ڕێژیم لە ناوچە و بەفیڕودانی سامان و دارایی خەڵکی وڵات بۆ مەرامە سیاسییەکانی ڕێژیم دەربڕی. بەڵام سەرباقی ئەوە وێناچێ ڕێژیم بیەوێ واز لەو سیاسەتەی بێنێ. وەک چۆن بینیمان مەجلیسی ڕێژیم لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا گەڵاڵەیەکیان پەسند کرد و وێڕای بڕیاردان لەسەر بەرزکردنەوەی بودجەی سپای قودس -وەک باڵی نیزامیی ڕێژیم بۆ سیاسەتی ناوچەیی- دەوڵەتیان ئەرکدار کردووە تا ساڵی ١٤٢٠ هەتاوی پلانەکانی بۆ لەنێوبردنی ئیسرائیل جێبەجێ بکا. ئەمە جیا لە وەهم و خەیاڵ دەربڕی بەردەوامی و پێداگریی ڕێژیمە لەسەر سیاسەتەکانی "هەناردەی شۆڕش" و چێ کردنی "هیلالی شیعی".

ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی کێشە و ئاریشەی زۆری هەم بۆ خەڵکی وڵات و هەم بۆ وڵاتانی ناوچە و هەم بۆ بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز دروست کردووە، سیاسەتێک کە نە سەرکەوتنی تێدا وەدەست هێناوە و نە ئامادەشە وازی لێ بێنێ. سیاسەتێک کە گرێدراوی باوەڕی ڕێژیمێکە و تەنیا بە تێچوون و نەمانی ئەم ڕێژیمەیە دەکرێ خەڵکی ئێران و ناوچە لە زیان و مەترسییەکانی پارێزراو بن.



# کۆماری کوردستان و بنیاتنانی که‌سایه‌تیی مرۆڤی هاوچه‌رخی کورد



سمایل شه‌ره‌فی



کۆماری کوردستان و ده‌سکه‌وته‌ بنیاتنه‌ره‌کانی، ئینسانی کورد له‌ بناغه‌وه‌ درووست ده‌کاته‌وه‌؛ داوی قه‌یرانی شوناسی لێ داده‌ماڵی و که‌سایه‌تییه‌ک ته‌ژی له‌ سه‌روه‌ریی لێ بنیات ده‌نێ

دوای ئه‌وه‌ی له‌ ئاکامی شه‌ڕی جیهانیی یه‌که‌مدا (١٩١٨- ١٩١٤) کوردستان به‌ سه‌ر چوار وڵاتدا دابه‌ش کرا و ده‌وڵه‌ت – نه‌ته‌وه‌کانی تورک، فارس و عه‌ره‌ب له‌ سه‌ر ئه‌ساس و ئه‌قڵیه‌تی سڕینه‌وه‌ی "ئه‌وانی تر" دامه‌زران و بزووتنه‌وه‌کانی کورد بۆ مافی دیاریکردنی چاره‌نووس یه‌ک له‌ دوای یه‌ک تێکشکێندران، مرۆڤی کورد بۆ ماوه‌یه‌ک تووشی جۆرێک له‌ قه‌یرانی شوناس ده‌بێ. به‌ واتایه‌کی دیکه‌، کورد چیدیکه‌ ئیراده‌ی خۆ به‌باڵاگرتنی ده‌ورووبه‌ری نامێنێ و له‌ "مه‌لیکایه‌تی" و "ئاغابوون"ه‌وه‌ داده‌به‌زێ بۆ گۆشه‌گیری، ده‌ستبه‌ردانه‌وه‌ و سه‌هۆڵبه‌ندانێک له‌ ئیراده‌ که‌ تا گه‌یشتن به‌ بووژانه‌وه‌ و ژیانه‌وه‌ی، زه‌مه‌نێکی مێژوویی پڕ له‌ بێهیوایی و کاره‌سات ده‌بڕێ.

ئه‌گه‌ر شه‌ڕی جیهانیی یه‌که‌م و ئاکامه‌کانی بۆ کورد و نیشتمانه‌که‌ی تێکشکان و دابه‌شبوون و قه‌یرانی شوناسی به‌دواوه‌ بوو، له‌ هه‌لومه‌رجی شه‌ڕی جیهانیی دووهه‌مدا چه‌خماخه‌یه‌ک له‌ بووژانه‌وه‌ ڕوو له‌ "به‌ختی نووستوو"ی ده‌کا و کۆمه‌ڵێک لاوی خاوه‌ن بیر و هه‌ڵوێست به‌ دامه‌زرانی "کۆمه‌ڵه‌ی ژیانه‌وه‌ی کورد"، قۆڵ له‌ سڕینه‌وه‌ی زه‌مه‌نێک له‌ قه‌یرانی شوناسی میلله‌ته‌که‌یان هه‌ڵده‌ماڵن.

پێشه‌وای مه‌زن، قازی محه‌ممه‌د که‌ به‌ چاوی خۆی ته‌واوی ڕووداوه‌کانی ئه‌م سێ ده‌یه‌ پڕ له‌ نه‌هامه‌تی و ئه‌نگۆسته‌چاوه‌ و، کارتێکه‌رییه‌کانی له‌سه‌ر کۆمه‌ڵگه‌ی کوردستان و ئینسانی کوردی دیتبوو، هیچ گومان له‌وه‌دا نییه‌ که‌ هه‌ست به‌ پێویستیی هه‌ڵێنانه‌وه‌ی هه‌نگاوێکی مێژوویی ده‌کا. په‌یوه‌ستبوونی قازی محه‌ممه‌د به‌ کۆمه‌ڵه‌ی ژێکاف ده‌ستپێکی ئه‌م هه‌نگاوه‌یه‌ که‌ له‌ باوه‌ڕمه‌ندبوونی به‌ وه‌سه‌ریه‌کخستنی تواناکان و کار و بڕیاری به‌کۆمه‌ڵ سه‌رچاوه‌ ده‌گرێ. قازی محه‌ممه‌د که‌ هه‌ر زۆر زوو ده‌توانێ متمانه‌ی هاوڕێیانی و خه‌ڵکه‌که‌ی وه‌ده‌ست بهێنێ، به‌ کرده‌وه‌ و له‌ ڕێگای به‌ڕێوه‌بردنی کاروباری جۆراوجۆری ڕۆژانه‌ی شاری مه‌هاباده‌وه‌، بیر له‌ بنیاتنانی کارێکی گه‌وره‌تر ده‌کاته‌وه‌. له‌ هه‌نگاوه‌کانی دواتری‌دا و به‌ خوێندنه‌وه‌ و تێگه‌یشتن له‌ هه‌لومه‌رجی سیاسی و زه‌رفییه‌ته‌کانی ده‌ورووبه‌ری، دامه‌زرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (٢٥ی گه‌لاوێژی ١٣٢٤ی هه‌تاوی) وه‌ک وه‌ڵامدانه‌وه‌ به‌ هه‌موو ئه‌و گۆڕانکاری و چاوه‌ڕوانی و خه‌ونه‌ نه‌ته‌وه‌یانه‌، ده‌کاته‌ بڕیارێکی مێژوویی و له‌م سۆنگه‌یه‌وه‌ هه‌نگاو به‌ هه‌نگاو له‌ به‌ئه‌نجامگه‌یاندنی کاره‌ گه‌وره‌که‌ نزیک ده‌بێته‌وه‌.

به‌ دامه‌زران و ڕاگه‌یاندنی کۆماری کوردستان (٢ی ڕێبه‌ندانی ١٣٢٤ی هه‌تاوی) کورد دوای ده‌یان ساڵ له‌ گۆشه‌گیری و بێهیوابوون و تلانه‌وه‌ له‌ نێو قه‌یرانی بێشوناسی‌دا، خۆی ده‌دۆزێته‌وه‌ و هه‌ستانه‌وه‌یه‌کی مه‌زن ئه‌زموون ده‌کا. ئه‌م هه‌ستانه‌وه‌یه‌ له‌ به‌شێک له‌ نوتقی پێشه‌وادا به‌مجۆره‌ به‌رجه‌سته‌ ده‌بێ: " پیاوانی به‌بیر و هۆش و به‌شه‌ره‌ف که‌ زۆر له‌مێژ بوو خوێنی دڵیان ده‌خوارده‌وه‌ بۆ زه‌لیلیی ئه‌و میلله‌ته‌ دووکه‌ڵ له‌ ده‌روونیان ده‌هاته‌ ده‌رێ، زۆر زوو ته‌شخیسیان دا که‌ وه‌ختی کاره‌ و له‌و فورسه‌ته‌ ده‌بێ به‌هره‌ وه‌رگیرێ و ئه‌وه‌ ته‌واو ئه‌و ڕۆژه‌یه‌ که‌ پشتاوپشتمان چاوه‌ڕوانی بوون. یه‌ک جار خێرا و بێ‌وچان و ڕاوه‌ستان ده‌ستیان به‌ کار کرد و حیزبی دێموکراتی کوردستان‌یان ته‌شکیل دا و به‌ ده‌ستوبرد خه‌ریکی کاروباری میللی بوون و به‌ چاوێکی ورد و به‌دیقه‌ت ئیحتیاج و پێداویستیی کوردیان ته‌شخیس دا و به‌دیی کرد..." ئه‌م به‌دیکردنه‌ش کۆماری کوردستان بوو.

کۆماری کوردستان و ده‌سکه‌وته‌ بنیاتنه‌ره‌کانی، ئینسانی کورد له‌ بناغه‌وه‌ دروست ده‌کاته‌وه‌؛ داوی قه‌یرانی شوناسی لێ داده‌ماڵی و که‌سایه‌تییه‌ک ته‌ژی له‌ سه‌روه‌ریی لێ بنیات ده‌نێ. هه‌ر خودی ڕاگه‌یاندنی کۆماری کوردستان وه‌ک دیارده‌یه‌کی سیاسی-کۆمه‌ڵایه‌تی که‌ ته‌عبیرێک له‌ ده‌سه‌ڵات، ئیراده‌ و سه‌روه‌ری به‌ ده‌سته‌وه‌ ده‌دا، کاریگه‌ریی ڕاسته‌وخۆ و قووڵی له‌ سه‌ر ئینسانی کورد دانا که‌، ئه‌و باوه‌ڕه‌ی تێدا دروست بێ که‌ "ئه‌ویش" ده‌توانێ و بۆی هه‌یه‌ بتوانێ وه‌ک توانیویه‌تی، له‌ وه‌ها ڕووداوێکدا خۆی وێنا بکا. که‌وابوو "باوه‌ڕبه‌خۆبوون" له‌ بنیاتنانی که‌سایه‌تیی ئینسانی کوردا - که‌ به‌داخه‌وه‌ تا ئێستایشی له‌ دڵ بێت که‌مایه‌سیی پێوه‌ دیاره‌ – شه‌رتی ئه‌ساسی و ئامیانی سه‌ره‌کییه‌.

بڕیار و کرده‌وه‌کانی کۆماری کوردستان که‌ زۆریان وه‌ک ده‌سکه‌وتی نه‌ته‌وه‌یی پێناسه‌ ده‌کرێن، له‌ بنیاتنانی که‌سایه‌تیی ئینسانی هاوچه‌رخی کوردا، ڕۆڵ و کاریگه‌ریی ڕیشه‌یيان هه‌بووه‌ و هه‌یه‌. لێره‌دا به‌ نموونه‌ باس له‌ سێ ده‌سکه‌وتی هه‌ره‌ مه‌زن و ئه‌ساسیی کۆماری کوردستان و کاریگه‌رییان له‌سه‌ر دروستکردنی ئینسانی هاوچه‌رخی کورد ده‌که‌ین. "هه‌ڵکردنی ئاڵای کوردستان"، "دامه‌زرانی سپای ملليی کوردستان" و "دانانی سروودی نه‌ته‌وییی" وه‌ک سێ ده‌سکه‌وتی بنه‌ڕه‌تیی کۆماری کوردستان هه‌رکام به‌ جۆرێک توانیویانه‌ تا ئێستاش که‌ ٧٥ ساڵیان به‌سه‌ردا تێده‌په‌ڕێ، کاریگه‌ریی هه‌ره‌ ئه‌ساسییان له‌ سه‌ر که‌سایه‌تیی ئینسانی کورد هه‌بێت.

کۆماری کوردستان وه‌ک ڕووداوێکی مێژوویی بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تیی خه‌ڵکی کوردستان، ئه‌گه‌ر خاوه‌نی ئه‌م ده‌سکه‌وتانه‌ نه‌بوایه‌، بێ‌گومان هه‌ر وه‌ک نموونه‌ی هاوشێوه‌ی خۆی له‌ ئازه‌ربایجان ده‌ریخست، نه‌یده‌توانی ببێته‌ ئه‌و یاده‌وه‌ره‌ مێژوویی و دانه‌بڕاوه‌ له‌ هه‌ست و نه‌ستی ئینسانی کوردا. که‌وابوو هۆکاری ئه‌وه‌ی دوای ٧٥ ساڵ و دڵنیاین بۆ هه‌تاهه‌تایه‌ لای ئینسانی کورد، کۆماری کوردستان جێگه‌ و پێگه‌ی خۆی هه‌یه‌ و ده‌مێنێ، پرۆژه‌کانی کۆماره‌.

هه‌ڵکردنی ئاڵا له‌ کۆماری کوردستان‌دا یه‌کێک له‌ ڕووداوه‌ جه‌وهه‌ری و کاریگه‌ره‌کانه‌. ئاڵا ته‌عبیر له‌ بوونی نیشتمان و نه‌ته‌وه‌یه‌کی زیندووی جیاواز له‌ ده‌ورووبه‌ری خۆی ده‌کا. بۆیه‌ هه‌ڵکردنی ئاڵا له‌ زه‌مه‌نێکی تایبه‌ت‌دا بۆ میلله‌تی کورد – که‌ له‌ژێر ئاڵا و هێمای دژ و دوژمنه‌کانی‌دا له‌ لێواره‌کانی "نه‌مان" نزیک ببوویه‌وه‌ – مه‌زنترین ڕووداوی ژیانی ئینسانیی هاوچه‌رخی کورد بوو، و تا ئێستاش ئه‌م مانایه‌ له‌جێی خۆی‌دایه‌. کۆماری کوردستان به‌ هه‌ڵکردنی ئاڵا، مان و بوونی نه‌ته‌وه‌یه‌کی ڕاگه‌یاند که‌ نه‌ته‌وه‌کانی ده‌ورووبه‌ری له‌سه‌ر دابه‌شکردنی نیشتمانه‌که‌ی ئه‌و و تێکشکاندنی و هه‌وڵدان بۆ سڕینه‌وه‌ی، وڵات و ده‌سه‌ڵات و سه‌روه‌ریی نه‌ته‌وه‌یی خۆیانیان بنیات نابوو. ئێستا ئه‌م میلله‌ته‌ دوای ده‌یان ساڵ کڕ و کپ‌بوون، هه‌ستاوه‌ته‌وه‌ و به‌ هه‌ڵکردنی ئاڵا، هاواری مانه‌وه‌ و بوونی خۆی ده‌کا. لێره‌دا "بوون" بۆ ئینسانی کورد که‌ به‌ درێژایی مێژوو له‌ "نه‌بوون" دا ماوه‌ته‌وه‌، له‌ هه‌ڵکردنی ئاڵای نیشتمانه‌که‌ی‌دا ڕه‌نگ ده‌داته‌وه‌ و شه‌خسییه‌تی لێ وه‌رده‌گرێ. ئاڵا ده‌بێته‌ به‌شێک له‌و شوناسه‌ی که‌ لێی ون کرابوو.

ئاڵا و زۆرێک له‌ ده‌سکه‌وته‌ مه‌زنه‌کانی دیکه‌ی کۆماری کوردستان که‌ ڕۆژانه‌ له‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی کۆماردا ده‌بیندران، پێویستییان به‌ پارێزگاری لێکردن و "پاراستن" بوو. لێره‌دا "پاراستن" ئه‌و مه‌فهوومه‌ – له‌ ژیانی ئینسانی کوردا -لێڵ و نامۆیه‌ بوو که‌ ده‌بێته‌ به‌شێک له‌ جه‌سته‌ی کۆماری کوردستان و کورد فێر ده‌بێ که‌ چۆن پارێزگاری له‌ "بوون"ی خۆی و ده‌سکه‌وته‌کانی بکا. دامه‌زرانی سپای میللی کوردستان که‌ دواتر ناوی هێزی پێشمه‌رگه‌ی کوردستانی لێ نرا، گرینگی، بایه‌خ و پێگه‌ی "پاراستن"ی له‌ ئینسانی کوردا نه‌هادینه‌ کرد. پێشمه‌رگه‌ که‌ به‌رپرسی پاراستنی کۆماری کوردستان و ده‌سکه‌وته‌کانی بوو، بوو به‌ هێمایه‌کی نه‌ته‌وه‌یی و له‌ باوه‌ڕی هه‌موو ئینسانێکی کوردا – تا ئێستایشی له‌ گه‌ڵ بێت – به‌بێ بوونی ئه‌م هێزه‌ ناکرێ قسه‌ له‌ پاراستنی مان و مه‌وجوودیه‌تی کورد بکرێ. بۆیه‌ پێشمه‌رگه‌ که‌ ئه‌رکی پاراستنی ده‌سکه‌وته‌کانی له‌سه‌ر شانه‌، له‌ وجوودی ئینسانی کوردا هه‌ستکردن به‌ بوونی به‌رژه‌وه‌ندییه‌کی گه‌وره‌تر له‌ قازانجه‌ شه‌خسییه‌کانی خۆی دروست ده‌کا که‌ پێی ده‌گوترێ "به‌رژه‌وه‌ندیی گشتی (نه‌ته‌وه‌یی)". له‌م سۆنگه‌یه‌وه‌ ئینسانی کورد جیا له‌ خۆی و هه‌وڵدان بۆ خودی "خۆی"، خۆیه‌کی گه‌وره‌تر و گشتیتر به‌ ناوی "به‌رژه‌وه‌ندیی نه‌ته‌وه‌" دروست ده‌بێ که‌ به‌شێک له‌ گرینگ‌بوونی له‌ وجوودی پێشمه‌رگه‌دا ده‌بینێ که‌ هه‌وڵی پاراستنی ده‌دا.

ڕاگه‌یاندن و ده‌رخستنی هه‌موو ئه‌م ده‌سکه‌وتانه‌ی که‌ که‌سایه‌تیی ئینسانی کوردی له‌ سه‌ر بنیات نرابوو، بۆ کۆماری کوردستان پێویستییه‌که‌ی حاشا هه‌ڵنه‌گر بوو. بۆیه‌ دانانی سروودی نه‌ته‌وایه‌تیی "ئه‌ی ره‌قیب" وه‌ک پێویستییه‌ک، یه‌کێک له‌ ده‌سکه‌وته‌ مێژووییه‌کانی کۆماری کوردستانه‌. ئێستاش دوای ٧٥ ساڵ ئه‌م سرووده‌ بۆ ئینسانی کورد هاوارێکی هاوبه‌شه‌ که‌ ته‌عبیر له‌ خواست و ناخی هه‌موو ئینسانێکی کورد ده‌کا. "ئه‌ی ڕه‌قیب"، ئه‌و هاوار و بانگه‌وازه‌ باوه‌ڕبه‌خۆبوونه‌یه‌ که‌ له‌ مینبه‌ری کۆماری کوردستانه‌وه‌ وه‌ک میراتێک له‌؛ له‌سه‌رپێ‌بوون، به‌ ئاوڕدانه‌وه‌ له‌ ڕابردووی "خوێناوی"ی خۆی، ڕوو به‌ "ڕه‌قیب" هاواری مانه‌وه‌ و به‌رده‌وام‌بوون له‌ مانه‌وه‌ ده‌کات. ئه‌م هاواره‌ له‌ ئیراده‌یه‌کی نه‌ته‌وه‌یی و مێژووییه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرێ که‌ پاشخانه‌که‌ی کۆماری کوردستانه‌ و سنگ به‌ سینگ و نه‌وه‌ به‌ نه‌وه‌، ڕژاوه‌ته‌ هه‌ناوی هه‌موو ئینسانێکی کورده‌وه‌ و به‌ هه‌مان نه‌فه‌س هاوار ده‌کا:

***"ئه‌ی ڕه‌قیب هه‌ر ماوه‌ قه‌ومی کورد زمان".***

له‌م ڕووه‌وه‌ کۆماری کوردستان له‌ مێژووی سیاسیی کورد و ڕه‌وتی ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تیی ئینسانی کوردا، وێستگه‌یه‌که‌ پڕ له‌ مه‌عریفه‌، ته‌ژی له‌ ده‌سکه‌وت و پڕاوپڕ له‌ شوناسخوازیی نه‌ته‌وه‌یی که‌ که‌سایه‌تیی مرۆڤی هاوچه‌رخی کوردیان له‌سه‌ر بنیات نراوه‌.

## سوێندی پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د



### سوێندی پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د له‌ ڕۆژی ڕاگه‌یاندنی کۆماری کوردستان‌دا (٢ی ڕێبه‌ندانی ١٣٢٤_ مه‌هاباد)

**"ئه‌من به‌ خودا، به‌ که‌لامی عه‌زیمی خودا، به‌ شه‌ڕافه‌تی میللیی کورد، به‌ ئاڵای موقه‌ده‌سی کوردستان سوێند ده‌خۆم که‌ تا ئاخر هه‌ناسه‌ی گیانم و ڕژاندنی ئاخرین قه‌تره‌ی خوێنم، به‌ گیان و به‌ ماڵ له‌ ڕێی ڕاگرتنی سه‌ربه‌خۆیی و به‌رزکردنه‌وه‌ی ئاڵای کوردستان‌دا، تێ‌بکۆشم و نیسبه‌ت به‌ جمهووریی کوردستان و یه‌کیه‌تیی گه‌لی کورد و ئازه‌ربایجانی موتیع و وه‌فادار بێنم."**

# ٢ی ڕێبەندان لە ئاوێنەی مێژوودا

ئامادەکردن بۆ سەرلەنوێ بڵاوکردنەوە: عومەر باڵەکی




دووی ڕێبەندانی ئەوساڵ هاوکاتە لەگەڵ ٧٥ساڵەی ڕاگەیاندنی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، بە ئامادەبوونی ٢٠هەزار کەس لە چین‌وتوێژە جۆراوجۆرەکانی سەرانسەری کورستان. لەبارەی چۆنیەتیی ڕاگەیاندنی کۆمار لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد هەتا ئێستا گەلێک وتار و بابەت نوسراون کە باس لە ساتەوەختەکانی ئەو ڕۆژە مێژووییە دەکەن کە خەڵکی بەشداری ڕێورەسمەکە بە چ شەوق و خۆشییەکەوە پێشوازییان لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان وەک حکومەتێکی کوردی کە ئاواتی چەندەها ساڵەی نەتەوەی کورد بوو، کردووە. بەڵام ئەوجارە لە یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان‌دا لە زمان ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمان‌حاڵی حیزبی دێموکراتەوە هەوڵ دەدەین بۆ جارێکی دیکە و دوای تێپەربوونی ٧٥ساڵ، کەشی ئەو ڕۆژە و هەستی بەشدارانی ڕێورەسمەکە زیندوو بکەینەوە و بیخەینە بەرچاوی خوێنەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان".

٧٥ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژنامەکانی ژمارەی ١٠و١١ی "کوردستان" بە ڕێکەوتی ١٥و١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی ڕاپۆرتێک بە قەڵەمی سەید محەممەد حەمیدی لەژێر سەردێری جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان یا درەوشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان کە باس لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی میتینگی بەربەرینی خەڵکی کوردستان دەکا، بڵاو بۆتەوە. دەقی ئەو ڕاپۆرتە بەم‌جۆرەیە:

"ڕۆژی ٢٨ی مانگی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی هەیئەت مودیرەی هەموو لکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی قەبائیل وعەشائیر و تەواوی تەبەقات لە مالیک و غیرەمالیک هەر یەک لە چەند سەد فرسەنگ ڕێگاوە بۆ کانوونی ئیحساساتی میللی و قیبلەی ئارەزوو و ڕووناکیدەری ئەفکاری هەمووانی خۆیان (شاری پڕ لە ئیفتیخاراتی میللیی مەهاباد) وەکوو بولبول بۆ لای گوڵ، وەکوو پەپوولە بۆ دەوری چرا هاتن و کۆبوونەوە.

لەم ویشکەسەرمای چلەی زستان بە نێو بەفر و ڕنووی زۆردا چەند هەزار برایانی ئێمە بێ ئیختیار تەنیا بە حوکمی ویژدان وەکوو عاشق بۆ لای مەعشووق یا چاکتر بڵێم وەکوو ئاسن بۆ لای ئاسن‌ڕفێن بە توندی لینگیان دا و هاتن و هەستی سەرما و مەینەت وماندوویەتیی ڕێگایان نەکرد، هەموو بە ڕووخۆشی و پێکەنین دەگەڵ چەپڵەڕێزانی بێ‌وچان، لەکاتێکدا کە وەکوو رعد دەنگی هورا کێشانیان بۆ ئاسمان بەرز دەبووە.

بۆچی؟

چونکە عەشق: عەشقی نیشتمان، عەشقی ئازادی و سەربەخۆیی، عەشقی پێشەوای خۆشەویست و ڕەهبەری بزۆرگواریان، ئەوانی وەڕێ خستبوو. چونکە فریشتەی ئیقباڵ و پەریی سەعادەت و خۆشبەختی لە لا سەروی فەزای گیان فێنککەرەوەی مەهاباد ئەوانی بە دەنگی دڵ لاوێنەوە و گیان‌پەروەری خۆی بۆ بەشداربوون لە دیتنی ئەستێرەی خۆشبەختی و فەیز وەرگرتن لە مواهبی هەرە گەورەی عالمی سەرەوە بانگ کردبوو.

دڵان هەموو پێکەوە و لە یەک سەرچاوەوە پڕ لە میهر و وەفا بوون. گیانیان هەموو لەگەڵ یەک و لە یەک سەرچاوەوە (منشا) شین و سەوز ببوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو دڵانەی پێکەوە ڕاگرتبوو و هەستی میللی ئەو گیانانەی بە یەکەوە بەستبوو.

ئەمانە هەمووی لە کێ‌ڕا بوون؟

هەموو لە هێزی دەستی بەیزا و ئیعجازی وێنە مسیحایی بێ‌وێنەی کورد و تاقە کوڕی بە شەهامەتی کوردستان مامۆستا و ڕێبەری مەزنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جەنابی قازی محەممەد، کە دەگەڵ جد و جەهدی خەڵەل ناپەزیر و باوەڕی ڕاسخ و شوجاعت و مەتانەتی بێ‌ئەژمار ڕێگای ڕێنمایی قەومی خۆی وەپێش گرت و تەواوی خەتەراتی زۆر سامناک و بەرهەڵستی زلی ملۆزمان و دوژمنانی بە نەبوو دانا و بەبێ شک و تەردید و خەیالات هەوڵ بە لابردنی هەموو بەرهەڵستەکان خەریک بوو، پاشان بە فەراهەم‌کردنی زەمینە و ئیجاد و ئیستمدادی کۆمەڵ لە ڕێی دانانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیقدامی فەرموو.

ئەی کوردستانی مەزن، ئەی دایکی نۆ میلیۆن کوڕانی ڕەشیدی کورد، سەرت لە دۆشکی بیماری و دیلی هەڵێنە و نیقابی سپیی بەفر لە ڕووی خۆت هەڵگرە و بۆ کفن بە کوڕەکانتی واگوزار بکە، ئەوەتا ئەرشەدی کوڕەکانی تۆ ئیعجازی کرد و پەلوپۆی فێڵ و تەڵەکەی خرابکارانی لەبەریەک دەرێنا و ژیان و خۆشبەختی بەیەکجاریی بۆ کوڕەکانتی سازوقائیم کرد.

ئەی نیشتیمانی ماد و ئەشکانیان، ئەی لانکەی سەلاحەددین و نوورەددین و دیسەم مەزگێنیت لێ بێ ئاخر میکرۆبی ئەنواعی نەخۆشییان لەم خاکە ماڵدراوە و کوڕانی تۆ وەک دانەی بەرمووری گەوهەر هۆندراونەوە و لە حزووری پێشەوای بزۆرگواری خۆیان‌دا بە سان دەڕۆن و بە دەنگی بەرز دەڵێن بژی کورد و کوردستان و دڵی گڵاوی دوژمنان وەلەرزین دێنن.

ئەی جێگای باب و باپیرمان شاد و خورەم بێ کە زستان بە تازە بەهار و بەفر و ڕنوو بە گوڵستان گۆردراوە، ئەوەتا ڕۆژی دووی ڕێبەندان سەعاتی هەشتی بەیانی خۆشترین و ڕووناکترین ڕۆژی مێژووی شەش هەزار ساڵەی تۆ گەیشتووە، لە سێ ڕێی قازی هێزی بەهێزی دێموکرات بە سازوبەرگ و ئەسلەحەوە لە لایەک و قوتابییانی کچ وکوڕ لە لایەکی دیکە و بیست هەزار نەفەر لە تەواوی تەبەقاتی نەتەوەی بەرزی کورد هەریەک لەجێی خۆی بە تەرتیب ڕیزیان بەستووە و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لە هەموو لایەکی میتینگەکەوە و لە ڕاست و چەپی جێگای تایبەتی پێشوای گەورە کە لە قەلبی میتینگ‌دا قەراری گرتووە، دەلەرێتەوە. ئامادەبووان هەموویان چاویان بڕیوەتە ڕێی پێشەوا. ئاسمانی مەهاباد ڕووی خۆی ساف و ڕووناک کردووە و ڕووپەردەی هەوری لە ڕووی هەلایساوی خۆی هەڵگرتووە و هەموو چاوەڕوانی موکبی موبارەکی پێشەوان. بەڵێ چاوەنۆڕن و دەبێ چاوەنۆڕیش بن چونکە عەشق و عەلاقە، خۆشویستن، ئیحساسات، میللیەت، هۆمێدی سەربەستی لە ڕەگ و شارەگی ئەودا دەگەڕێ و نوختەی یەکیەتی و ئیتسالی هەمووان وجوودی مەسعودی ڕەهبەری گەورەیە.

لەوکاتەدا بزۆکی پێشەوای خۆشەویست لەنێو سەلامی نیزامی و چەپڵەڕێزان و هورا و ئیحساسات و شەوق و شەعفی فەوقولعادەی کۆمەڵ‌دا وەدەرکەوت و پێشەوای بەرز لە کاتێکدا ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی لە پشت سەریەوە دەهاتن و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لە ڕاست و چەپی تریبوون لە ئیهتزازدا بوو و ئەستۆی بەرزی بۆ ئاسمان هەڵێنابوو، نزولی ئیجلالی فەرموو.

مەتابەقی بەرنامەیەک کە لە پێشدا سازکرابوو بە تەواوی حوززار ڕۆژباشی فەرموو و پاشان لە تریبوون هاتە خوارێ و بە پێش تەواوی گوردان و گروهان و دەستەی سەربازان و پێشمەرگەکانی کوردستان‌دا هات و هەمووی تەماشا کردن و بە هەمووان ڕۆژ باشی فەرمو. لەوکاتەدا بە دەستوری معاوینی فەرماندەی هەموو هێز لە لایەن سەربازان و پێشمەرگەکان و تۆپخانەی کوردستان دە دەقیقە بێ‌وچان بە ئیفتخاری سەربەستیی کوردستان و ناساندنی ڕئیس جمهوری کوردستان شلێنگ کرا.

پاشان لە کاتێکدا کە دەنگی هورا دەچوو بۆ ئاسمان و لە قەلبی میتینگدا موزیک و سروودی میللیی کوردستان لێ‌دەدرا و دەخوێندرایەوە، برای خۆشەویست غەنی خوسرەوی، شارەداری مەهاباد بە پێی دەستوور هاتە پێشەوە و بە تەرتیبی ژێرەوە میتینگی ئیفتتاح کرد و گوتی: ئەمن غەنی خوسرەوی، شارەداری مەهاباد ئەو موفەقییەتە گەورەیەی کە میلەتی کورد لە پاش هەزاران قوربانیدان ئەورۆ لە نەتیجەی فەعالییەت و کارزانی و میللەت‌پەروەریی فەوقولعادەی پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محەممەد نەسیبی بووە، پیرۆزی و مبارەکبادی بە مەقامی گەورەی مەزن و میللەتی ڕەشیدی کورد عەرز دەکەم و میتینگ و جەلەسەی ئەورۆ بە ناوی شاری مەهاباد ئیفتتاح دەکەم و بە دڵێکی خاوێن و پاکەوە دەڵێم بژی پێشەوای موعەزەمی کوردستان.

**نوتقی جەنابی پێشەوا و ڕەئیس جمهوری بەرزی کوردستان:**

کوردستان موقعییەتێکی مەخسووسی هەیە کە بێ‌پسانەوە و بێ ئەوەی نەتەوە و میللەتێک کە لە نێویاندا فاسڵ و لێکیان بپچرێتەوە، کورد بەسەر یەکەوە و پێکەوە سکونەتیان تێدا هەیە و دارای مالکییەتی میللین دەوێ‌دا. بەسەرهات و سەوابقی تاریخییان یەکە و عموومەن تێیدا شەریکن. خاوەنی ئاداب و عادەت و رسوومی میللەتێکی وان کە هیچ جۆرە سەدەمە و حوادیسێک نەیتوانیوە سستییەک لە بناغەی میللەتی ئەوان‌دا پەیدا بکا.

کورد لە قەدیم‌ڕا هەزاران پادشا و حوکمدار و تەشکیلاتیان بووە. هەر لەم کوردستانی ئازادەی ئێستادا بنەماڵەی ئۆمەرای موکری کە سەرسلسلەی ئەوان ئەمیر سەیفەددین بووە تا (١٠٢٠ کۆچی) بە ئیستقلالی، یەک لە دوای یەک ئەمیر سەیفەددین، سارم بەگ، شێخ حەیدر، ئەمیر بەگ، ئەمیر پاشا، تا دەگاتە قوبادخان، بە دەسەڵات و قودرەتەوە حکومەتیان کردووە.

میللەتی ڕەشید و بەغیرەتی کورد لە هەموو دەور و زەمانێکدا هەرکەس خەیاڵی ئیستیلای نیشتیمانی ئەوانی بووبێ، بەرەنگاری بوون و بەربەرەکانییان کردووە و لە هیچ فیداکارییەک دەستیان دانەنواندووە. لە پاش لە دەست‌چوونی سەڵتەنەت و حوکمداریشیان بۆ وەگیر خستنەوەی ئیستقلال و ئازادی بە میلیۆن قوربانییان داوە، لەبەر ئەوەی کە هەمیشە لە موبارزە و ملەدا بوون، هیچ جۆرە ئەزیەت و ئازارێک نەماوە نەیچێژن و نەیبینن.

لەگەڵ ئەوەش هەموو کوێرەوەری و کوشتن و برینێکیان تەحموول کردووە و قەت لە ئامانج و ئارەزوی خۆیان شل نەبوونەوە و لەڕێی وەدەست‌خستنەوەی ئازادی‌دا وچانیان نەداوە. بە دڵێکی فراوان و هێز و عەزمێکی هێندە سابیتەوە تێکۆشاوەن تا ئێستا هێزێکی وا بەهێز نەبووە بتوانی تێکڕا خەفەیان بکا، میرە کوێرەیان کوشتووە، بابانییەکان سەریان هەڵداوە. بابانیان بێدەنگ کردووە، ئەردەڵان هاتوون. ئەوانیان لە ئەرزی داوە بیتلیسی بەرز بوونەوە و هەزاری وەک ئەوان.

لەو دواییانەدا لە پاش شەڕی بەینەولمللیی پێشوو کە دیکتاتۆری ئێران و تورکیە هاتنە سەر کار، زمان و عادەت و مەزهەب و ئیحساساتی میللیی کوردیان بە جارێک لاواز و کز و کەنەفت کرد. لە هیچ وەحشییەت و درندەییەک ڕانەوێستان، خوێندن و نووسینی کوردی مەمنووع و پۆشینی لیباسمان قەدەغە بوو. نەیاندەهێشت لە هیچ جۆرە مزایا و حقوقێکی بەشەرییەت بەشمان ببێ، ڕێگای فێربوونی عیلم و سەنعەتیان لێ بڕیبووینەوە. هەر ڕۆژی بە بەهانەیەک و هەر دەمێ بە تەشقەڵەیەک دەستە دەستە و پۆل پۆل کوردی هەژار و بەدبەختیان حەبس و تەبعید دەکرد و دەیانکوشتن و لەبەینیان دەبردن، حاسڵ و دەسترەنجی ئەو میللەتە بێچارەیان دەبرد بۆ خۆیان و ئەوانیشیان برسی و تینوو و ڕووت و قووت دەهێشتەوە.

تا لە شەهریوەری ١٣٢٠دا فریشتەی ئازادی دەزگای دیکتاتۆری و فاشیستیی ڕەزاخانی تێکشکاند. کورد سەری لەو هەموو فشار و ئەزیەتە کەمێ فارغ بوو و فەوری ئیحساسی کرد کە چۆن دەبێ لە فورسەت ئیستفادە بکا، و ڕێگای سەلاح و وەدەست‌خستنی ئازادیی ئەو میللەتە چییە و چی بکا؟ پیاوانی بەبیر و هۆش و بەشەرەف کە زۆر لەمێژ بوو خوێنی دڵیان دەخواردەوە بۆ زەلیلیی ئەو میللەتە دووکەڵ لە دەروونیان دەهاتە دەرێ، زۆر زوو تەشخیسیان دا کە وەختی کارە و لەو فورستە دەبێ بەهرە وەرگیرێ و ئەوە تەواو ئەو ڕۆژەیە کە پشتاوپشتمان چاوەڕوانی بوون. یەک جار خێرا و بێ‌وچان و ڕاوەستان دەستیان بە کار کرد و حیزبی دێموکراتی کوردستان‌یان تەشکیل دا و بە دەستوبرد خەریکی کاروباری میللی بوون و بە چاوێکی ورد و بەدیقەت ئیحتیاج و پێداویستیی کوردیان تەشخیس دا و بەدیی کرد.

لە پێش هەموو شتێک‌دا ئیختلافات و دووبەرەکانیی عشائیری کە بە دەسیسە و حیلەبازیی ئیستعمارچی و دیکتاتۆران بۆ ئیستسمار و خواردن و کروساندنەوەی ئەو میللەتە بە قەولی خۆیان (تفرقە بیانداز و حکومت کن) لە بەینی خستبوون و تا ئەندازەیەک ئەو ئاورە بلیسەی ئەستاندبوو، برای دایک‌وبابی لە یەک ترازاندبوو، یەکیەتی لە گۆڕێ هەڵگیرا و، ناوی عەشیرەت و تەوایف و هەرچی کە ئەسبابی ئەو نفاق و پەرش و بڵاوییە بوو فڕێ درا و عموومەن لەژێر عینوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا کۆبوونەوە و یەک دڵ و یەک زمان تێکڕا بەرەو ئامانجی ئازادی کەوتنە ڕێ.

زمانی زگماکمان کە لەگەڵ شیری دایک تێکەڵی خوێن و گۆشتی ئێمە بووە لە زەمانی دیکتاتۆری‌دا سەخت قەدەخە کرابوو، زمانی فارسی بە زۆر تەحمیلی ئێمە و منداڵەکانمان دەکرا و ئەوە پتر سەبەبی پاشکەوتنی کورد بوو، زمانی کوردی لە مەدارس ڕەسمییەتمان پێدا و خوێندن و تەحسیلاتمان بە سەبک و تەرتیبی دنیا خستە سەرباری کوردی، چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە و مەدرەسەی شەوانەمان دائیر کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران، چەند سەد کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەدارسی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن. لەجیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی زمانی فارسی بن، لە مانگێک دوومانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنووسن. بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و، وەدەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگەی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەداڵەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاو کردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کرا و دامەزرا، لە شاری خۆمان گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و فکر و داخوازیی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە.

حاسڵ و بەروبومی ئێمە کە میقدارێکی زۆروزەوەند و بەقیمەت بوو بە فیڕۆیی لە دەستیان دەر دەهێناین و دەستی ئیستعمار سەدێکی لە پێش ئێمە و بازاری دنیادا دروست کردبوو، ڕێگاحەلمان دییەوە و تیجارەت و ئیقتسادی کوردستان زۆر باش تەئمین کرا.

لە زەمانی دیکتاتۆری‌دا کە هەموو عەوارزێکیان لێ دەستاندین کەم و زۆر وەسیلەی لەشساغی و معالیجە نە حکیم، نە دەرمان، نە نەخۆشخانە بۆیان ساز نەدەکردین، ئێمە بۆخۆمان نەخۆشخانەی زورباش بەم زووانە دائیر دەکەین و لەشساغیی وڵاتمان تەئمین دەبێ. هێزێکی میللیمان تەشکیل داوە کە بە شوجاعەتێکی تەواو حازرە دیفاع لە نیشتمان بکا.

دیارە موەفەقییەتی ئێمە سەراسەر لە عەینی مەرامی دێموکراسی و لە ئەنجامی فەعالییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پشتیوانیی عالەمی دێموکراتە. لەبەر ئەوە بەدڵ و بەناو دەڵێین: بژی موئەسسینی دێموکرات.

میللەتی کورد هەزاران سەد و بەربەستی سەخت و سەهەندی لەڕێ‌دا بوو، دەستە و دائیرەی دیکتاتۆری بێ‌وەچان کارشکێنیی ئێمەیان دەکرد و لە هیچ نامەردییەک ڕانەدەوستان، ئیختلافاتی عشائیر بۆ داخڵیش ئیشکالێکی گەورە بوو بۆ ئێمە، ئەمما ئەوانە هیچ کامیان نەیانتوانی پێش بە ئێمە بگرن و بە دڵێکی بەهێز پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا تا ئیستقلال و ئازادیی نەتەوەی کوردمان بەدەست هێنا. دیارە بەقایای ئەو خەتەراتەش کە ماوە چ لە داخڵ‌دا و چ لە خاریج‌دا میللەتی کورد موبارزەی خۆی لەگەڵیان ئیدامە پێ دەدا و بە پشتیوانیی خودا موزەفەر و مەنسوور دەبێ.

ئەورۆ کە نمایندەگانی تەواوی نواحی و نوقاتی کوردستان بێ ڕەعایەتی تەبەقات ئەعم لە ئاغا و ڕەعییەت و گەورە و چووک کۆبوونەوە و یەک دڵ و یەک زمان هاواری دێموکراسی دەکەن و بەڕێی دێموکرات‌دا دەڕۆن، قودەرت و قووەتی دێموکرات نیشان دەدا."

***

پاش تەواوبوونی نوتقی پێشەوا، جەنابی لە تریبون هاتە خوارێ. عەبدول کەرباسی (عبدول ئەوکەسەیە کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان گایەکی بە سەد تمەن کڕیبوو، لەبەرابەر ئاڵادا کردی بە قوربانی) کە بە ئەسلەحەوە لە پشت تریبون ڕاوەستابوو، شانی دانواند کە جەنابی پێشەوا پێ لەسەر شانی دانی و بێتە خوارێ، بەڵام لەبەر خووی تەوازوع کە لە ڕەوشتی مومتازی پێشەوای بەرزە، قەبوولی نەفەرموو و بۆ خۆی هاتە خوارێ. لەوکاتەدا تەواوی عشائیر و خەڵکی شاری هوروژمیان هێنا و هەموو دەستیان ماچ کرد و بەیعەتیان دەگەڵ کرد، بە جۆرێک خەڵک دەورەیان گرتبوو کە ماوەی ساتێک نەدەبیندرا کە جەنابی پێشەوا لەکوێیە و ماوەی سێ ڕۆژ مەراسمی بەیعەت بێ‌وچان دەوامی بوو."

***

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



# ئەسعەد موقەددەسی
## شکۆی پێشمەرگە و مەرگ بە سەربەرزی



برایم چووکەڵی

ئەگەر بە وردی لاپەڕەکانی مێژووی دەیان ساڵە و بێپسانەوەی خەباتی ئاشکرا و نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵدەینەوە و، بە ڕابردووی پڕلە شانازی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانیدا بچینەوە، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە تێکۆشەرە ئەرکناس و ئەرکوەخۆگر و نیازپاکەکانی ئەو نەتەوە خۆڕاگرە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزی شەهیدان، چۆن دەستیان لە ژیانی ئاسایی خۆیان هەڵگرتووە و، تەنانەت لە گیانی خۆشیان مایەیان داناوە.

ئەوانەی ئەو ڕێگا پیرۆزەیان گرتۆتەبەر و لەو ڕێگا پیرۆزەشدا بە هەزاران ڕۆڵەی کۆڵنەدەر و ماندوونەناس و دڵ پڕ لە ئاوات و هیوا، بە خوێنی گەشی خۆیان مێژووی خەباتیان نووسیوەتەوە و سەری بەرزیان کردۆتە پردەبازی سەرکەوتن و جێگای هەمیشەییان لە نێو دڵی ئازادیخوازاندا بۆخۆیان تەرخان کردووە. لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەی «کوردستان»دا یادی پێشمەرگەی تێکۆشەر و ئازا و ڕۆڵەیەکی دڵپاک دەکەینەوە کە بۆ نەتەوەکەی ژیا و لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجی بەرزی شەهیداندا خۆی فیدا کرد، ئەویش شەهید «ئەسعەد موقەددەسی»یە.

شەهید ئەسعەد موقەددەسی ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژار لە ئاوایی «بۆرییەری» ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان چاوی بۆ ژیان کردەوە.، هێشتا ئەسعەد منداڵ بوو کە بە هۆی گیروگرفتی ژیان، بنەماڵەکەی ئاوایی» بۆرییەر» بەجێ دێڵن و لە شاری تاران دەگیرسێنەوە. سەرەڕای کەموکوڕیی باری ژیان لە تەمەنی ٧ ساڵی دەنێردرێتە قوتابخانە کە بەداخەوە بە هۆی دەستەنگیی بنەماڵەکەی تەنیا تا پۆلی دووهەمی ناوەندی خوێندی. ئەسعەد بەدوای ئەوەدا ماڵاوایی لە قوتابخانە کرد و ملی بەر کاروکاسبی نا و، وەک شاگرد میکانیک شانبەشانی باوکی بۆ پەیداکردنی بژێوی ماڵەوە زەحمەتی کێشا.

ئەسعەد لەنێو لاوانی هاوتەمەنیدا خۆشەویست بوو. خاوەنی زۆر خەسڵەت و تایبەتمەندی باشی مرۆیی بوو، هەر ئەو تایبەتمەندییانەش وایانکرد، ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەی ئەو تێیدا بەشدار دەبوو، ببنە دەرەتانێک بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی لیبراوانە و بە ئاگاهییەوە بۆ ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەکەی تێبکۆشی و هاوکاتیش ئەو دۆخە پڕ لە ستەمەش وێنا بکا کە نەتەوەکەی تێیدا دەژی.

ئەسعەد لە ساڵی ١٣٦٣دا بە ئیجباری گیرا و لە سەربازخانەکانی مەریوان خزمەتی زۆرەملیی بەسەردا سەپا، بەڵام بەهۆی ئەو ناسینەی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە کوردکوژە هەیبووی، نەیتوانی لەوە زیاتر چاولێکەری جینایەتەکانی ڕێژیم بێ و لە مانگی گەلاوێژی ئەوساڵەدا لە سەربازی ڕایکرد و خۆی بە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیونی کورد ناساند. ئەسعەد موقەددەسی پاش چەند ساڵ تێکۆشانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ڕیزی تێکۆشەرانی دیموکراتی هەڵبژارد و ئەرکی خزمەت بە نەتەوە زوڵملێکراوەکەی لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبدا دەست پێ کرد.

شەهید ئەسعەد لەگەڵ ئەوەدا کە پێشمەرگەیەکی ئازا، چاونەترس و زەبروەشێن بوو، بڕوایەکی قوڵیشی بە تەشکیلات و کاری ڕێکخستنی خەڵک و جەماوەر هەبوو. ئەو بەهۆی لێهاتوویی و کارزانی بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری گرتە ئەستۆ و لە زۆر بواردا تێکۆشا و، لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆیدا لە زۆر شەڕ و عەمەلیاتدا بەشداریی کرد. ساڵی ١٣٦٩ شەهید ئەسعەد بە هۆی ئازایەتی وەک سەرپەل دیاری کرا و پاشان وەک جێگری لک درێژەی بە تێکۆشانی پێشمەرگانەی دا و لەو بەرپرسایەتییەشدا سەربەرز و ڕووسوور هاتەدەر.

شەڕە بەناوبانگەکانی کورە میانە، پشتی تفڵی، شەڕەکانی ناوچەی ژاوەرۆ، تەنگی سەر، سەروونزارە، شەڕەکانی مەریوان و بیلەواری کامیاران، شەڕی کورەی مریەم، میروەیسی، بێساران و بنچڵەی شاهۆ، نموونەیەکی بچووکن لە حماسەخوڵقێنییەکانی شەهید ئەسعەدی موقەددەسی و ئازایەتیی کەموێنەی.

شەهید ئەسعەد بڕوایەکی قووڵی بە ڕێبازەکەی هەبوو، هەموو ئاواتەکانی لە سەرکەوتنی خەبات و بەئاوات گەیشتنی نەتەوەکەیدا کۆ کردبۆوە. ئەسعەد کوڕێکی ئازا و هەڵسووڕ بوو، بۆ هەر مەئموورییەتێکی حیزبی کە پێیان دەسپارد سەر لەپێناو بێ سێ‌و دوو لێ‌کردن بە ئەنجامی دەگەیاند. کوڕێکی هەڵسووڕ و تێگەیشتوو بوو. بۆ ڕوونکردنەوەی خەڵک لە هەر دەرفەتێک کەڵکی وەردەگرت و قسەی بۆ دەکردن و سیاسەتەکانی حیزبی بۆ شی دەکردنەوە. هەر بۆیەش ڕەوانەی دەورەی سیاسی کرا و وەک کادرێکی بەتوانا هەڵسوورانی هەبوو.

ئەسعەد لاوێکی بە هەست و ئاکار جوان بوو. بەهۆی کردەوەی شۆڕشگێڕانە و ئەخلاقی جوان و دڵسۆزی و لەخۆبوردوویی جێی خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەی مەریوان کردبۆوە و پڕ بەدڵ خۆشیان دەویست. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە دواتر لەلایەن حیزبەوە بە فەرماندەری دەستەی کوماندۆی هێزی کرماشان دیاری کرا. شەهید ئەسعەد بۆ ئەوەی نیشان بدا کە شیاوی ئەم پلەیە، پتر کاری دەکرد و زیاتر لە ئەندازە خۆی ماندوو دەکرد. هەست بە مەسئولییەت و تێکۆشان بۆ فێربوون و هەوڵدان بۆ خەبات دژی ڕێژیمی ئاخوندی تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی ئەسعەدی موقەددەسی بوو. ئامانجی ئەسعەد ڕزگاریی نەتەوەکەی بوو، بۆیە زۆرجار لەلای هاوڕێکانی دەیگوت تەنیا ئاواتم ئەوەیە کە ڕزگاریی گەلەکەم بەچاوی خۆم ببینم، بەڵام بەداخەوە دوژمنانی ئازادی و مرۆڤایەتی نەیانهێشت ئاواتی شۆڕە لاوی کورد بێنێتە دی و بە نامرادی سەری نایەوە.

شەهید ئەسعود موقەددەسی ڕۆژی ٢٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٥ لە شەڕێکی قورس لەگەڵ هێزێکی زۆروزەوەندی کۆماری ئیسلامی و پاش بەرەنگارییەکی ئازایانە لە چیای شاهۆ، لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بە ناوی نادر وەزیری شەهید بوون و بۆ هەتاهەتایە ناو و یادی لە دڵی خەڵک و هاوڕێیانیدا بە نەمری مایەوە.

ڕوحی شاد و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ.


# کۆماری کوردستان و شۆڕەسوارانی هەورامان



عادڵ مەحموودی

کۆماری کوردستان بە هۆکار و هەلومەرجی تایبەتی ئەوسەردەم لە ناوچەیەکی دیاریکراو و کاتێکی دیاریکراودا دامەزرا و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار سنووردار بوو، هەر ئەو بارودۆخە تایبەتییەش وایکردووە کە بەرژەوەندیخوازان و نەیارانی گەلی کورد و کۆمارەکەمان، تێکۆشاون و تێدەکۆشن بە کۆماری «مەهاباد» و خێڵەکی و پەنگخواردوو لە سنوورێکی بەرتەسکدا پێناسەی بکەن، بەڵام ئەزموون و دەسکەوتە مێژووییە لە ڕاستیدا بۆ دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی گەلی کورد نەک هەر لە ناوچە جیاجیاکانی خوارووی کوردستانی ڕۆژهەڵات، وەک سنە، هەورامان، کرماشان، ئیلام و لوڕستان، بەڵکو لەهەر چوار پارچەی کوردستان هەمیشە وەک هەتاوێکی پرشنگدار چاوی لێ‌کراوە و دەکرێ. وەک چۆن خۆرەتاو بۆ ناردنی پرشنگەکانی پێویست ناکا خۆی لەوێ بێ، هەتا تین و ڕووناکیی بڵاو بکاتەوە؛ کۆماریش ئەگەرچی وەک جوگرافیا، خوارووی کوردستانی نەتەنییەوە، بەڵام بێگومان پرشنگەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە.

نوێنەرانی چین و توێژە جیاجیاکانی ئەو ناوچانە کە لە دەرەوەی جوگرافیای ئەو کۆمارە بوون، یان لە ڕێوڕەسمی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا بەشدار بوون و، گەیشتنە خزمەتی پێشەوای نەمر و ئەو شانازییەیان بە نسیب بوو، یان ئەگەر ئەو هەلەیان بۆ نەڕەخسابێ هەتا لەو جەژنە نەتەوەییەدا بەشدار بن، بەڵام بە ناردنی نامە یان پەیامبەرێک، پەیامی هاوکاری و پشتیوانیی خۆیان لە کۆمار و پێشەواکەی ڕاگەیاند.



یەکێک لەو ناوچانەی کە بە شێوەی جۆراوجۆر بەشداریی لە ڕاگەیاندنی کۆماردا کرد و ئامادەیی و پشتیوانی خۆیی لە کۆماری کوردستان دەربڕی، ناوچەی هەورامان بوو. ناوچەی هەورامان لە هیچ سەردەمێکدا بەو ئاسانییە ملکەچ و باوەش‌کراوە نەبووە بۆ هیچ هێژموونییەکی ڕامیاری، یان بیروباوەڕێکی ئایینی، کە مێژووش دانی بەو هەڵوێست ژێربیرانەیەی خەڵکی هەورامان داناوە، بە تایبەت لە وەرگرتنی ئایینەکاندا، -بۆ نموونە ئایینی ئیسلام دوای دەیان ساڵ شەڕ و بەربەرەکانی ئەوجا توانیی لە ناوچە جیاوازەکانی هەوراماندا جێ بکەوێ، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی کە تووشی شەڕ و ماڵوێرانی نەبن- بەڵام لە بابەتە نەتەوەییەکاندا یان پێشەنگ بوون یان زۆر بە گەرمی بە هانایانەوە چوون و ڕەگەڵ کەوتوون. کەسایەتییەکی ناودار و ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕی ناوچەی هەورامان کە لە مێژووی شۆڕشەکانی گەلی کورددا بەناوبانگە «مەحموودسانی دزڵی«یە. مەحموودسان ئەو ڕێبەرە شۆڕشگێڕە بووە کە باوەڕی قووڵی بە سەربەخۆیی گەلی کورد و کوردستان بووە و هەڵوێستی نەتەوەیی زۆری بووە و چەندین بەرگریی قارەمانانەیشی لە بەرانبەر دوژمنانی گەلی کورددا تۆمار کردووە. مەحموودسان لە ناوچەکانی هەورامان و مەریوان دەسەڵاتێکی دادپەروەر و، هێزێکی -بە دانپێدانانی ئینگلیسییەکان- پۆشتە و یەکجار مەزنی هەبووە و لەهەر ناوچە، یان تەنانەت پارچەیەکی‌تری کوردستان حەوجێیەک هەبا و پێویستییان بە هاوکاری بووبا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناوچە یان زاراوە، بە ئەرکی سەرشانی خۆیی زانیوە کە بە هانایانەوە بچێ و ڕۆیشتوویشە، بۆ نموونە ڕزگارکردنی شاری سلێمانی لە چەنگ ئینگلیزەکان بە هێز و فەرماندەیی مەحموودسان لە مێژوودا کەموێنەیە و جێگای شانازی.

مەحموودسانی دزڵی کە فەرمانڕەواییەکەی لە ناوچەی هەورامان و مەریوان بوو، هاوچاخی سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان بووە، سەرەڕای ئەوەی کە جوگرافیای فەرمانڕەواییەکەی لە کۆماری کوردستان بەپێی سەردەم زۆر دوور بووە و بە هۆکاری ئەوەی کە لە گەڵ ئینگلیز و دەسەڵاتی ناوەندی لە شەڕدا بووە و بەردەوامیش بە دوایەوە بوون هەتا بە جۆرێک لە ناوی ببن، نەیتوانیوە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا بەشدار بێت، بەڵام یەک لەو ڕێبەرانەی کورد بوو کە لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای کۆماری کوردستان، بە گەرمی پێشوازی و پشتیوانیی لە کۆماری کوردستان کرد و ئاڵای ئەو کۆمارەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی‌دا هەڵکرد و بە فەرمیی ناسی.

شێخەکانی ڕێبازی نەقشبەندیش لە هەورامان و بە تایبەت لە گوندی بیارەدا، کە ئەو سەردەم ناوەندێکی یەکجار گەورەی زانستی نەک تەنیا لە هەورامان، بەڵکوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان بووە و شێخ عەلائەددینی نەقشبەندی سەرپەرەشتیی کردووە، ئەو توێژە بوون کە بە فەرمی پشتیوانیتان لە کۆماری کوردستان و پێشەوای نەمر کرد. ئەوان لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتە پڕ لە دەسکەوتەی کۆماردا چەند جار پەیامبەرەکانیان بۆ هاوکاری و پشتیوانی لە کۆمار ناردووەتە شاری مەهاباد و تەنانەت یەکێک لە پەیکەکانیان لە ڕێگادا دەگیرێ. ئەو پەیامبەرە کە لەسەروبەندی کۆتاییەکانی تەمەنی کۆماردا بە نامەیەکی شێخ عەلائەددینەوە کە بۆ پێشەوای ناردووە دەگیرێ، دەسبەجێ دەیکوژن. شێخەکانی ڕێبازی نەقشبەندی هەر تەنیا وەکوو هاوسۆزی پشتیوانییان لە کۆمار نەکردووە، بەڵکوو حاجی بابەشێخ کە سەرۆکوەزیرانی کۆماری کوردستان بوو، دەبوو بە خۆشکەزای شێخ حیسامەددینی نەقشبەندی. شێخ حیسامەددین یەکێک بووە لە ڕێبەرە ئایینیەکانی ڕێبازی نەقشبەندی و کەسایەتییەکی ناوادارە کە هەتا ئەمڕۆکەیش بە هەزران دەروێشی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا هەن و سەردانی گڵکۆی ئەو شێخە لە گوندی (باخەکۆن)ی هەورامان دەکەن. یەکێک لەو هۆکارانەیش کە دوای کۆماری کوردستان حاجی بابەشێخ کە سەرۆکوەزیرانی ئەو کۆمارە بوو و بەپێی پلە و پایە لە هەموو وەزیرەکان پلەبەرزتر بووە، توانی لە مردن ڕزگاری بێت تەنیا ئەوە بوو کە بە هەزاران دەروێشی حیسامەددینی پشتیوانییان لێ‌دەکرد. دیارە لەو سەردەمەدا هەستی ئایینی زۆر بەهێزتر بووە لە هەستی نەتەوەیی و، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە دەسەڵاتی ناوەندی نەیدەوێرا دەست بۆ بابەتی ئایینی ببا، چوونکە ترسی لە شۆڕشێکی ئایینی هەبوو.

شێخەکانی هەورامان هەر تەنیا پشتیوانییان لە کۆماری کوردستان نەکردبوو، بەڵکوو پشتیوانییەکی یەکجار زۆریان لە دەسەڵاتەکەی مەحموود پاشا لە سلێمانیش کردبوو و ڕابردوویەکی زێڕینیان لە پشتیوانی‌کردنی دەسەڵاتە کوردستانییەکان تۆمار کردبوو. هەر ئەو خزمایەتیی و پێوەندییە دێرینەی شێخەکانی هەورامان لەگەڵ کۆمار و پێشەوا و کابینەکەی وای‌کردبوو کە لە دوای کۆماری کوردستانیش، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، کەسی یەکەمی حیزب لەو کاتدا سەرەتا بڕیار دەدەن کە کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دیموکرات لە ناوچە شاخاوییەکانی هەورامان لە هەوارگەی (کراویەدۆڵە) کە هاوینە هەوارێکی شێخ حیسامەددینی نەقشبەندی بووە، بگرن. هەرچەند ئەو کۆنگرەیە لەوێ نەگیرا، بەڵام ئەگەر پێوەندییەکی پتەو لە نێواندا نەبووبێ هیچکات بیریان لە وەها قەرارێک نەدەکردەوە.

لە بەشێکی‌تری هەورامان کە هەورامانی لهۆن و شاری پاوە و هاوسنووری ناوچەی جافایەتییە، بە هاوئاهەنگیی سانەکانی هەورامان و سەرۆک هۆزەکانی جوانڕۆ و سەلاسی باوەجانی، بۆ پشتیوانی‌کردن لە کۆمار و دەسەڵاتی کوردی نزیکەی سێسەد سواری چەکدار بەرەو شاری مهاباد دەڕۆن و لە جێژنی دووی ڕێبەندان‌دا بەشداری دەکەن. لەوانەیە هیچکام لەو سوارچاکانە نامەی بانگهێشتیان لە کۆمارەوە بۆ نەچووبێ، بەڵکوو ئەوە تەنیا نیشانەی هاوکاری و پشتیوانی‌دەربڕینی سانەکانی هەورامان و دەوروبەری بوو، کە ئەو سوارانەی پۆشتە و پەرداخ کردبوو و بەرەو کۆمارێک وەڕێی خستبوون کە هەموو ناوچەکانی تری ئەو کوردستانە بە هی خۆیان دەزانی و پەیمانی هاوکاری و پشتیوانییان لەگەڵ دەبەست.

لە سەروبەندی دامەزرانی کۆماری کوردستان‌دا، هەر لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری کوردستان و پشتیوانی و هاوکارییەکانی ناوچەی هەورامان، بە وتەی ڕیش‌سپیانی ئەو ناوچەیە لە سەردەمی دامەزرانی کۆمار لە زۆربەی گوندەکانی ناوچەی هەورامان لە مزگەوتەکان‌دا دۆعای دەورەیان کردووە و وەکوو جەژنێک پیرۆزبایییان لە یەکتری کردووە و لە مەکۆی گوندەکان‌دا هەتا ماوەیەکی زۆریش جێگەی باس و شیکاریی خاوەن ڕا و سەرشناس و ڕووناکبیرانی ئەودەم بووە.

ئەو کورتە باسەی لێرەدا کرا، تەنیا تیشکۆڵەیەک بوو لەسەر هەندێک لەو هاوکاری و پشتیوانییانەی ناوچەی هەورامان لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان‌دا وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی ئەو ناوچەیە، ئەگەرنا بەڵگەنەویستە کە ناوچەی هەورامان هەموو کاتێک مافویست، سەربەخۆیی‌خواز و شۆڕشگێڕ بوون. ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخ پێمان دەڵێن ناوچەی هەورامان و هەورامییەکان بە درێژایی مێژوو لانیکەم لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانییەکان لە خەبات و گیانبازی‌دا لەسەر هەست و گەرموگوڕ بووە کە دەتوانین وەک نموونە ئاماژە بە فەرماندەیەکی وەک ئەڵماخانی کەنوڵەیی بکەین کە لە زۆربەی شەڕەکان‌دا وەک فەرماندەیەکی لێهاتوو ناوبانگی بووە و، دواجار لە شەڕێکی دژی عوسمانیەکان‌دا لە کەرکووک بە هۆی زۆریی هێزی عوسمانی تێک دەشکێ. ئەم ڕەوتە لە بەدرێژایی مێژوو بەردەوام بووە و لە ئێستاش‌دا خەڵکی ئەو ناوچەیە، لە هەموو مەیدان و جۆرەکانی خەبات‌دا بەشدارن و شانبەشانی ناوچەکانی‌تری کوردستان لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان‌دا و ماندوویی‌نەناسانە تێدەکۆشن.

***

# کۆماری کوردستان و وانەکانی

شاهۆ مەتین

مێژووی بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردستان لە هەموو قۆناغەکاندا، مێژوویەکە کە تاکی کورد بە دوای پاراستن و گەشەی شوناس و بەدیهێنانی ستاتۆسێک و گەیاندنی بە ئاستێکە کە ڕۆح و هێزی ئەم تاکە ئیتر لە شەڕ بۆ پاراستن و گەشەی خۆی بەرامبەر ئەقلییەت و کارکردی نەتەوەی سەردەست ڕزگاری بووبێ و خۆی لە پارادایمی هاوشانی نەتەوەکانی تر کە لە سیستم و پێکهاتەی نێودەوڵەتیدا جێگەی شیاوی نەتەوەییان هەیە ببینێتەوە. لوتکەی ئەم ڕەوتە لە «کۆماری کوردستان»دا بەدی دەکرێ.

### ڕاگەیاندنی کۆمار

ساڵانی پێش و دوای شەڕی دووهەمی جیهانی یەکێک لە شڵەژاوترین قۆناغە مێژووییەکانی هاوچەرخی ئێرانە کە لە لایەک بە هۆی ناکارامەیی بەرپرسانی حکومەت و لە لایەکی تر بە هۆی گرینگی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران، ئەم وڵاتە لەلایەن دوو زلهێزی جیهانی، ەبریتانیا و سۆڤییەتەوە داگیر دەکرێ.

لەم قۆناغە مێژووییەدا کە گەلی کورد یەکەمین حیزبی مۆدێرنی سیاسیی خۆی (حیزبی دێموکراتی کوردستان)ی دامەزراندووە و پاشخانێکی بەهێزی لە هەست و لۆژیکی نیشتمانپەروەری هەیە، هەلومەرجەکە دەقۆزێتەوە و لەژێر ڕۆشنایی بیروبۆچوونە حەکیمانەکانی حەزرەتی پێشەوا قازی و لەسەر ئەساسی جیهانبینیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، وەڵامی ئەم زەروورەتە مێژووییە دەداتەوە لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا کۆماری دێموکراتیکی کوردستان دادەمەزرێنی.

نادر ئینتسار پێیوایە گرینگترین هۆکار بۆ بڕیاری دامەزراندنی کۆماری کوردستان بریتین لە: دۆخی چینایەتی، بەستێنی کولتووری، وشیاریی نەتەوەیی لە کوردستان و لە شرۆڤەکەیدا ڕۆڵی چینی مامناوەندی نارازی لە دۆخی ئارایی بەرز دەنرخێنی.

بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکان دەری دەخەن کە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێگەی کاریزماتیکی پێشەوا قازیش ڕۆڵی هەرە بنیاتنەرانە و یەکلاکەرەوەی لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بووە.

پێشەوا لە نوتقی ڕاگەیاندنی کۆماردا تیشک دەخاتە سەر ئەوە بابەتە کە گەلی کورد گەلێکی تەنیایە، نیشتیمانەی داگیر و بەش بەش کراوە و لە سەرەتاییترین مافی خۆی کە مافی دیاریکردنی چارەنووسە بێبەشە. ئەم بەشە کورتە لە فەرمایشتەکانی پێشەوای نەمر دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە خوێندنەوەی هزری و ئاوات و خۆزگەی پێشەوا قازی و هەموو خەڵکی مافویستی کوردستان بریتیە لە «مافی چارەی خۆنووسین» کە ئەو مافە لە هەوێتی خۆماڵی و هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیدا خۆی دەبینێتەوە.

لای پێشەوای نەمر و هەموو ئەوانەی لە ڕووی ئاگامەندییان بە قەناعەتی چێکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە تایبەتمەندیی خاوەنێتیی سیستم و دامەزراوەی کوردانە گەیشتبوون، چوار پاڵنەری سەرەکی دەوریان هەبوو کە دەرەنجامی سیاسەتی حکوومەتە ناوەندییەکان بوون: ١) تەنیا بوون، ٢) داگیرکراو بوون، ٣) بەش بەش کرانی خاک و خەڵک، ٤) بێبەشی لە سەرەتایترین ماف «مافی چارەی خۆنووسین». بەڕێوەبەران کۆمار باوەڕیان وابوو بە بنیاتنانی دەسەڵاتی کوردی ئەو چوار دیاردەیە نامێنن و بە پێی ویست و بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان چارەسەر دەبن. بۆیە کۆماری کوردستان لەبەر ڕووناکایی ئەم هەڵسەنگاندنەدا بە دووی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان، (بەشدارکردنی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان)، هاوپەیمانێتیی هاوسەنگ لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە نێوخۆ (حکوومەتی میللیی ئازەربایجان) و دەرەوە (بەتایبەت سۆڤییەت)، ڕزگارکردنی نیشتیمان لە دەستی داگیرکەرانی کوردستان و دامەزراندن و یەکگرتنی خاک و خەڵک لەسەر ئەساسی «کوردستانیبوون « و گەڕاندنەوەی مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی حکومەتی کوردستاندا بوو.

### خەڵکی و دێموکراتیکبوونی کۆمار

کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێکدا ڕاگەیەندرا، کە جیهان لە دوا ساتەوەختەکانی شەڕی جیهانیی دووهەمدا بوو. زۆر لە گەلانی جیهان بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەست و پەنجەیان لەگەڵ سیستمە دیکتاتۆرەکان (لە فۆرمی ئایینی و پاشایەتیدا) نەرم دەکرد و دەنگی خەڵک و مافی سیاسی و یاساییەکانی گەلان پێوەری ڕەوایی سیستم و ساختارە حکوومەتییەکان نەبوو. بەڵام لە کۆماری کوردستان و لە هەرێمی کوردانی خاوەنی چاند و ژیاردا زۆر پێش وڵاتە پێشکەتووەکان «خەڵکیبوون» و «دێموکراتیکبوون»ی حکومەت، دوو بناغە و بنەڕەتی کۆماری کوردستان بوون.

ئەم دوو تایبەتمەندییە جۆرێک لە حکوومەتە کە بەرپرسانی حکوومەت بە پێی میرات هەڵنابژێردرێ و بەرپرسانی وڵات بە دەنگی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی خەڵک هەڵدەبژێردرێن و قۆناغی دەسەڵاتداریێتی لە ڕووی کاتەوە سنووردارە و پێداگری لەسەر چەمکی «خەڵکیبوون» لە سەر نەبوونی پێگە و دەسەڵاتی هەتاهەتایی بۆ کەسی یەکەمی و کابینەی حکومەتییە و لەسەر بناغەی خەڵکسالاری، گەل مافی دەسەڵات بە سەر چارەنووسی خۆیدا هەیە. بەو واتایە ئەوە خەڵکە کە لە سیستمی سیاسیی کۆماری کوردستاندا بە بنەڕەت و پێوەری دەسەڵاتداریێتی دەبینرێ و متمانە و دەنگی خەڵک، ژێرخان و سەرخانی کۆماری کوردانە.



«دێموکراتیکبوون» بناغەی دووهەمی کۆماری کوردستانە و کۆمار بۆ ئەوەی لە ڕەوتی دێموکراتیکبوون لا نەدا، یاساسەروەریی لە بەرنامەی کۆماردا جێگیر و پەسند کرد بۆوەی حکوومەت وەڵامدەری خەڵک بێت و دەسەڵاتێکی سنوورداری هەبێ. هاوکات بۆ نەهادینەکردنی ئەم دێموکراتیکبوونە دامەزراوە مەدەنییەکان بۆ پاراستنی هزر و کاری کۆمار دروست دەبن کە بە جۆرێک ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنییان دەگێڕا و خەڵک دڵخواز و سەربەخۆیانە بۆ بەدواداچوونی مافەکانیان چاویان بەسەر دەسەڵاتەوە هەبوو. بەمجۆرە پاراستن و بەجێگەیاندنی مافی هاووڵاتی و یاساسەروەری وەک مافی بنەڕەتیی خەڵک و بەدێموکراتیککردنی کۆمار، سەرووتر لە هەر دەسەڵاتێک بوون و خەڵک بە هەر ئایین، ئایینزا، ئیدۆلۆژیی تایبەت، ڕەگەز و نەتەوەوە مافی هاوبەش و هاوچەشنیان لەنێو کۆماردا هەبوو.

### دەوڵەت وەک وڵامێک بۆ پرسەکان

گەلی کورد هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە نەتەوەیەکی زیندوو، خاوەن هەوێتی و زمان و شارستانییەت بووە؛ بەڵام چۆنکی خاوەن دەسەڵات و کیانی سیاسیی کوردانە نەبووە، بە بەردەوامی لەژێر مەترسیی ئاسیمیلاسیۆن و داگیرکاریی نەتەوە سەردەستەکان (فارس، تورک و عەرەب) و زلهێزانی جیهانیدا بووە کە بە هۆی میدیا، ئابووری و تێکنۆلۆژی و بە میکانیزمی فەرهەنگی و سەربازی هەوڵی تواندنەوەیان داوە. بۆیە دروستکردنی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی خۆجێیی کوردانە کە ئەقلییەت و پلانەکانی لەسەر بنەڕەتی بەرەوپێشبردن و پاراستی چاند و ژیاری نەتەوەیی لە هەموو سێکتەرەکاندا بێ و، بوون و ماهییەتی نەتەوەیی و نیشتیمانیی کورد بپارێزێ؛ لە لای تاکی کورد بەگشتی و ئیلیتی کۆمەڵگە بەتایبەت ببووە زەرووڕەتێکی مێژوویی و هەنووکەیی.

ئەم پێویستییە لە ئێستاشدا ژیانەکی هەستی پێ دەکرێ و، لای کۆمەڵی کوردی ئێستا ئەوە بۆتە جیهانبینی، کە بوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی کوردی لە پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆن و داگیرکاریی دەوڵەت-نەتەوەی سەردەست دەتپارێزێ .

### ڕووخانی کۆمار

وەک چۆن لە ڕاگەیاندن و دامەزرانی کۆماری کوردستاندا لایەنی نێوخۆیی و دەرەکی دەوری ئەساسیان لە بنیاتنانی کۆماردا بینی، لە تێکچوون و نسکۆی کۆماریشدا هەر دوو لایەن تەواوکەری یەکتری بوون.

بە هۆی پێکهاتەی نەریتگەرایەنە و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆماری کوردستان -ڕۆڵی ئاغاوەت و سەرۆک عەشیرەت لە دابینکردنی هێزی مرۆیی و... بۆ کۆمار- ئیدارە و بەڕێوەبەریی کۆماری لە دەستی ئاغاوەت و چینی مامناوەندی و ڕووناکبیری کۆمەڵگەدا بوو. کاتێک بیرۆکە و پلانە بنەڕەتییەکان بۆ ڕیفۆرمی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان گەڵاڵە دەکران، زۆر لە دەربەگ و خانەکان هەستیان بە مەترسی لەدەست دانی هێزی ئابووری (زەویوزار، وەرگرتنی باج وخەراج لە خەڵک) و نیزامی (هێزی سەربازی و مرۆیی) و هەروەها پێگەی کۆمەڵایەتییان دەکرد. بنەما عیلمانییەکانی کۆماریش وەک یەکسانیی ڕەگەزی، سیکولاریزم و بنەماکانی مافی مرۆڤ نیگەرانیی بۆ جومگە ئایینییە دەسەڵاتخوازەکانی کۆمەڵ دروست کردبوو.

لە دەرەوەی دەسەڵاتی کۆماریشدا بڕیاری یەکیەتیی سۆڤییەتیش بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی لە باکووری ئێران شوێنی خراپی لەسەر ستاتووی کۆمار دانا. کاربەدەستانی یەکیەتیی سۆڤییەت لەسەر ئەو ئەساسە کە کۆماری کوردستان، کۆمارێکی نەتەوەیی بوو و بەهۆی ئەوەی هێژمۆنییەکی زۆری بەسەر کاربەدەستان و سیاسەتەکانی کۆماری کوردستان نەبوو، و کۆمار دوور لە حەز و ئاواتی سۆڤییەت کە دەیانویست کۆمارێکی سۆسیالیستی بێ؛ پشتی کۆماریان چۆڵ کرد. بریتانیا و ئەمریکاش بەهۆی سیاسەتی دوو جەمسەری جیهانی کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان پتر لە بەدەسەڵاتیی حکوومەتی ناوەندیدا دەدی و هیچ پشتیوانییەکیان لە کۆماری کوردستان نەکرد؛ بەوەش کۆماری کوردستان دوای یازدە مانگ تەمەنی پڕشکۆ، بە پیلانگێری نێوخۆیی و نێودەوڵەتی تێکچوو.


### دەرەنجام:

پاش ٧٥ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، بەها و ئامانجەکانی کۆمار ئێستاش نیشاندەری ڕێی خەباتی نەتەوەیی لە هەر چوار پارچەی کوردستانن و لە هزر و ئایدیالی هەر تاکێکی کورددا، کۆماری کوردستان بۆتە ئەندێشە و ڕێباز لە هەست و نەستی کوردان و تا بەدیهێنان و دامەزراندنەوەی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان خەبات و تێکۆشانی بێوچان بەردەوام دەبێ. بێگومان هەتا پرسی نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چارەسەر نەبێ، نە ئەو ناوچەیە ئارامی بە خۆیەوە دەبینێ و لە وڵاتانی زلهێز دەتوانن بەرژەوەندیی درێژماوەی خۆیان لە بوونی ڕێژیمە ناوەندگەرا و دیکتاتۆرەکاندا ببینن. بۆیە ئاسۆی ڕزگاری و ئازادی لەسەر ئەساسی جیهانبینیی کۆماری کوردستان بۆ گەلی کورد، ئاسۆیەکی ڕوونە.

---

بڵاوکراوەی نوێ:

## پیری دێموکرات




«پیری دێموکرات» تازەترین بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاپ و بڵاو بۆوە.

کتێبی «پیری دێموکرات» کە بۆ ڕێزگرتن لە تەمەنێک خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی نەمر جەلیل گادانی ئامادە کراوە، لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندان، جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا چاپ و بڵاو کرایەوە، بۆنەیەک و قۆناغێکی مێژوویی لە ژیانی سیاسیی کورد کە نەمر کاک جەلیل گادانی لە بیرەوەری و گێڕانەوەکانیدا دڵی کەسایەتیی سیاسیی ئەو لە کۆماردا گووراوە و شکڵی گرتووە.

نەمر جەلیل گادانی، خەباتکاری دێرینی کورد و یەک لە سیما هەرە دیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩، دوای زیاتر لە حەوت دەیە خەباتی بێوچان و بەردەوام لە بەرەبەری یوبیلی ئەڵماسی، یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کۆچی دوایی کرد.

وەک لە پێشەکیی کتێبی «پیری دێموکرات«یشدا هاتووە، کۆچی دوایی ئەم کەسایەتییە تێکۆشەرەی کورد و حیزبی دێموکرات شەپۆلێکی بەربڵاوی هاوخەمیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام بەداخەوە لە بەر بارودۆخی تایبەتی و نەخوازراوی کۆرۆنا نەکرا ڕێوڕەسمێکی شیاوی کەسێتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاک جەلیل، بۆ ماڵاوایی و سپاردەکردنی بە خاکی نیشتمان بەڕێوە بچێ. هەروەها هەتا ئێستاش هەر لەبەر ئەو بارودۆخە نەکراوە کۆڕیادێکی شایان بۆ ڕێزگرتن لە تەمەنێک خەباتی سادقانە و دڵسۆزانەی مامە جەلیل بەڕێوە بچێ. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێ لە داهاتوودا و لە هەلومەرجێکی گونجاودا ئەرکی سەرشانی خۆی لەو پێوەندییەدا بەجێ بگەیەنێ. چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەش هەوڵێکی دەستپێکە لەو پێناوەدا.

ئەم کتێبە لە چەند بەش پێک هاتووە. لە بەشی یەکەمدا کۆمەڵە وتارێک بە قەڵەمی کۆمەڵە کەسایەتییەکی سیاسی، ڕووناکبیری و ئاکادیمیی کورد لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسی و تایبەتمەندییە کەسییەکانی کاک جەلیل گادانی لەخۆ دەگرێ. بەشێکی دیکەی کتێبەکەش بۆ کۆمەڵێک دڵنووس و دەقی ئەدەبی تەرخان کراوە کە لێژنەی ئامادەکردنی ئەم کتێبە لەو سەدان بەرهەمە هەڵیان بژاردوون کە کاتی کۆچی دوایی کاک جەلیل بۆ بەشی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان نێردرابوون. لە بەشەکانی دیکەی کتێبەکەدا بەشێک لەو شەپۆلی هاوخەمی و پەیامی پرسە و سەرەخۆشیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی چوارپارچەی کوردستان، کەسایەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕووناکبیری و ئاکادیمییەکانی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی جێ کراوەتەوە. دوابەشی کتێبەکەش بۆ کورتە ئەڵبۆمێکی وێنە تەرخان کراوە کە ژیانی سیاسیی کاک جەلیل لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی تەمەن و پێگەی سیاسیی بەڕێزیان وێنا دەکەن.

هەیئەتی ئامادەکردنی کتێبی پیری دێموکرات ڕایگەیاندووە چاپی ئەم کتێبە هەوڵێکی بچووکە بۆ ڕێزگرتن لە تەمەنێک خەباتی سیاسیی پڕ بەرهەمی نەمر کاک جەلیل گادانی.

## پەیامی ناوەندی هاوکاری بە بۆنەی ڕەشبگیریی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان

**هاونیشتمانییانی خۆشەویست!**
**خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!**

جارێکی دیکە شەپۆلی گرتن و ڕاوەدوونانی هاووڵاتیانی کورد لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەستی پێ کردووە و بەپێی ئامارەکان لەماوەی کەمتر لە حەوتوویەکدا ژمارەیەک هاووڵاتی کورد لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، ڕەبەت، نەغەدە، مەریوان، سەوڵاوا، سنە و کەرەج لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستگیر کراون.

کۆماری ئیسلامی کە بەهۆی سیاسەتە چەوت و دژە ئینسانییەکانی بارودۆخێکی سەختی ئابووری بۆ خەڵکی ئێرانی دروست کردووە لەم سەردەمی پەتای کۆرۆناش سەرەڕای پەرەسەندنی بێکاری، هەژاریی لەرادەبەدەر و دارمانی هەموو بەهای ئینسانییەکان، لە ترسی سەرهەڵدانەوەی نارەزایی بەرینی جەماوەریی جارێکی دیکە لەکوردستان ڕەشبگیریی و ڕاوەدونانی هەڵسوڕاوانی مەدەنی و ژینگەپارێزی دەست پێ کردوە کە پێیوایە بە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە دەتوانی خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکات.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، داوا لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکا کە بۆ ئازادکردنی بێ قەیدوشەرتی گیراوەکان گوشارەکانیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی چڕ بکەنەوە. هەروەها داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین پشتیوانی زیندانییان و بنەماڵەکانیان بن و بەهەموو شێوازێکی بەردەست نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە گرتنی چالاکوانانی مەدەنی دەربڕن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٧ی بەفرانباری ١٣٩٩**

کوردستان • ژمارە ٧٩٠
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٩ _ ١٩ی ژانوییەی ٢٠٢١

## کوژران و برینداربوونی ١٩٠ کۆڵبەرو دەسبەسەرکرانی ٥٠٦ کەس لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا

IKHRC
Iranian Kurdistan Human Rights Center
ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### (ڕاپۆرتی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە بەفرانباری ئەمساڵدا)

لە ماوەی مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا زیاتر لە ١٢٠ حاڵەتی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی داوە کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆماری کردوون.

بە پێی بانکی زانیاریی چاونیوز، ئۆرگانی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم مانگەدا لانیکەم ١٦ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆ، یان بەربوونەوە لە شاخ بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار بوون. لەو ١٦ کاسبکارە ٩ کەسیان بریندار بوون و ٧ کۆڵبەریش گیانیان لە دەست داوە کە ٥ کەسیان لە ناوچەی ورمێ کەوتوونەتە ژێر ڕنوو.
کوژران و برینداربوونی ١٦ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە مانگی بەفرانباری ئەمساڵ لە حاڵێکدایە کە لە سێ مانگی پاییزدا ٤٨ کۆڵبەر و لە وەرزی هاوینیش‌دا ٦٨ کۆڵبەر و لە سێ مانگی بەهاریش‌دا ٥٨ کۆڵبەر و کاسبکار لە پێناو پاروەو نانێکدا کوژرابوون و بریندار بوون. بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا کوژراون و بریندار بوون گەیشتۆتە ١٩٠ کەس. لەو ١٩٠ کەسە ٧٤ کەسیان کوژراون و ١١٦ کەسیش بریندار بوون.

لە مانگی بەفرانباری ئەم ساڵدا لانیکەم ٤ زیندانیی کورد ئیعدام کراون. دەزگای قەزایی ڕێژیم ڕایگەیاندوە کە ئەو چوار بەندییە بە تاوانی کوشتنی بەئانقەست لەدار دراون. دەزگای دادی ڕێژیم لە ٩ مانگی سەرەتای ئەمساڵیش‌دا لانیکەم ٤٠ بەندکراوی کوردی ئیعدام کردبوو، بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ئیعدام کراون گەیوەتە ٤٤ کەس کە ٤ کەس لەوان زیندانیی سیاسی بوون.

لە پێوەندی لەگەڵ گرتن و بەندکران‌دا، لە ماوەی مانگی بەفرانبار لانیکەم ٦٥ کەس بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی و ئەندامەتی یان هاوکاری‌کردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری کۆماری ئیسلامی گیراون. لە وەرزی بەهاری ئەمساڵیشدا لانیکەم 106 کەس، لە وەرزی هاوین ١٩٢ کەس و لە سێ مانگی پاییزیش‌دا ١٤٣ کەس بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لەدژی ڕێژیم گیرابوون و بەوەش ژمارەی ئەم کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا گیراون، گەیشتە ٥٠٦ کەس. لەو ٥٠٦ کەسەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی بەفرانبار دەسبەسەر کراون، لانیکەم ١٥٣ کەس لەوان دادگایی و حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپاوە و ژمارەیەکی زۆرتر لەوەندەش هێشتا لە گرتنگەکانی ئیتلاعات‌دا دەسبەسەرن و چارەنووسیان نارۆونە.
هەر لەو مانگەدا زیندانییەک بە ناوی ئەکبەر مستەفا لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ بە هۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کرۆنا گیانی لەدەست دا. هەروەها زیندانییەکی دی بە ناوی بەهمەن عوقابی، تەمەن ٣٥ ساڵ، خەڵکی گوندی "چەقاجەنگا"ی سەر بە شابادی کرماشان کە بە هۆی لێدان و ئەشکەنجەی هێزەکانی ئاگاهیی کرماشانەوە چووبووە کۆماوە، لە نەخۆشخانەی خومەینیی ئەو شارە گیانی لەدەست دا.

خۆکوژی لە مانگی بەفرانباریش‌دا هەر وەکوو ڕابردوو دیاردەی تراژیدیکی کوردستان بوو. لە مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا لانیکەم زیاتر لە ٢٠ کەس خۆیان کوشتووە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ١١ کەس لەوانی ئاشکرا کردووە. لە ٩ مانگی سەرەتای ئەمساڵی‌دا ئەوەندەی ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆماری کردبوو، لەو سەدان کەسەی لە کوردستان بە هۆکاری هەوڵی خۆکوشتنیان دابوو، ١١٨ کەسیان هەوڵەکانیان سەرکەوتوو بوون و بەوەش ژمارەی ئەم کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا خۆیان کوشتووە و ناو و نیشانیان تۆمار کراوە، گەیشتە ١٢٩ کەس.

جێی باسە ئەو ئامار و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران بڵاوی کردۆتەوە تەنیا ئەو بەشە لەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیارییەکان بە ئاشکرا بەمیدیایی کراون و لە لایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاماژەیان دراوەتێ، ئەگینا ئەو ناوەندە پێی وایە کە ئاماری ورد و درووستی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە دەخرێتە بەرچاو.

***

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزم‌دا

## (لەسێدارەدانی ئاشکرا، بە مەبەستی بێ‌هەست کردنی کۆمەڵگە)



دیلان هەردی

"دەبێ پیلانگێڕەکان ڕۆژی هەینی لە پێش چاوی جەماوەر لەسێدارە بدرێن، بۆ ئەوەی کاریگەریی باشتری هەبێ."
حەسەن ڕووحانی (سەرکۆماری ئێران)، ساڵی ١٣٥٩

لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان و بە بەرچاوی خەڵکەوە، شێوازێکی زۆر کۆنە و مێژووەکەی یەکسانە بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە. هەرچەندە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئیتر باوی نەماوە، بەڵام لە ئێران تا ئێستاش هەر باوە و کەڵکی لێ وەردەگیرێ. دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەو شێوازە لە جێبەجێ‌کردنی سزای لەسێدارەدان، لە لایەن دەسەڵاتدارانی حکوومەتەوە گرنگییەکی زۆری پێ درا و بەرپرسانی حکوومی یەک لە دوای یەک هەوڵیان دەدا بە هێنانەوەی پاساوی ئایینی، ئەو بەندکراوانەی بە سزای لە سێدارەدان حوکم دراون، لە شوێنە گشتییەکان و بە بەرچاوی خەڵکەوە سزاکەیان لەسەر جێبەجێ بکرێ. لە بەشی پێشوودا، باسی سزای لەسێدارەدانمان کرد، لەو بەشەدا باسی لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان دەکەین.
لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان دیمەنێکی پڕاوپڕ لە توندوتیژییە، ڕێورەسمی کوشتنی کەس یان کەسانێکە لە لایەن حکوومەتەوە. جگە لە کردەوەی لەسێدارەدانەکە، لە لایەک، ئەو خەڵکەی بۆ بینینی دیمەنی کوشتنی کەسێک کۆ دەبنەوە و لە لایەکی‌تر، بڵاوکردنەوەی دیمەنەکە و ڕیکلام کردن بۆ ڕووداوەکە لە لایەن حکوومەتەوە، دوو بابەتن کە چالاکانی مافەکانی مرۆڤ دژایەتی دەکەن. دیارە هەر بە تەنیا سزای لەسێدارەدان نییە کە بە بەرچاوی خەڵکەوە جێبەجێ دەکرێ، بەڵکوو کۆمەڵێک سزای دیکەش هەن کە بە هەمان شێوەن، وەکوو: بڕینەوەی دەستی ئەو کەسانەی تۆمەتبارن بە دزی، چاو کوێرکردن، قامچی لێدان و کۆمەڵێک سزای دیکە. بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران، ئەو شێوەیە لە سزادان و بڵاوکردنەوەی وێنەکانی، ڕێگەیەکن بۆ کەم‌کردنەوەی تاوان، بەڵام چالاکانی مافەکانی مرۆڤ پێیان‌وایە کە، پێشاندانی توندوتیژی نەک هەر نابێتە هۆی کەم‌کردنەوەی تاوان، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی بەرهەم‌هێنانەوەی تاوان. ئەو چالاکانە پێیان‌وایە، حکوومەتی ئێران بە مەبەستی بێ‌هەست‌کردنی کۆمەڵگە بەرامبەر بە لەسێدارەدانی بەندکراوان، هەندێک لەو بەندکراوانە بە بەرچاوی خەڵکەوە لە سێدارە دەدا.



بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان ژمارەی ئەو کەسانەی لە چاوەڕوانیی ئەوەدان لە سێدارە بدرێن، نزیکەی ٤٥٠٠ کەسە، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەم لەوانە لە شوێنە گشتییەکان لە سێدارە دەدرێن. ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئێران جەخت لەوە دەکەنەوە کە سزای لەسێدارەدان، چارەسەرە یان دەرمانێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام چالاکانی سیاسی و مافەکانی مرۆڤ، لەسەر ئەو بڕوایەن کە حکوومەت دەیهەوێ لەو ڕێگایەوە، کار لەسەر بیروهزری خەڵک بکا و سزای لەسێدارەدان لە هزری خەڵکدا کەمڕەنگ بکاتەوە، بۆ ئەوەی خەڵک هیچ چەشنە دژکردەوەیەکیان لە بەرامبەر لەسێدارەدانی هاوڵاتییان نەبێ. غوڵامحوسێن موحسێنی ئێژەیی، جێگری یەکەمی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێ لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان هەموو سزادراوان ناگرێتەوە، بەڵکوو: یەکەم، دەبێ بە هاوکاری و ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی ئەمنیی پارێزگا بێ. دووهەم، بۆ ئەو تاوانانەیە کە هەستی خەڵکیان بریندار کردووە، چونکە لەلایەن خەڵکەوە داوا دەکرێ کە ئەو تاوانبارانە لە پێش چاوی خەڵک سزا بدرێن، بۆ ئەوەی کەسانی‌تر دەرسی لێ وەرگرن. لە هەر حاڵ‌دا، ڕێورەسمی لەسێدارەدان زۆربەی جار کاتژمێر ٥ی بەیانی لە شوێنێکی گشتی کە دادوەری دۆسیەکە دیاریی دەکا، بەڕێوە دەچێ. ئەو شوێنە، لەوانەیە ناوەندی شار بێ یان یاریگەیەکی تۆپی پێ، یان نێوەڕاستی شەقامێک. لەو ڕێورەسمەدا هەموو کەس دەتوانێ بەشدار بێ، هیچ سنوورێک بۆ تەمەن نییە، هەموو کەس دەتوانێ وێنە و فیلم لە ڕووداوەکە هەڵگرێتەوە و لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان‌دا بڵاوی بکاتەوە.
بەپێی یاسای ئێران، چوونە نێو یاریگەکان و سەیرکردنی تۆپی پێ بۆ ژنان قەدەغەیە، بەڵام بۆ سەیرکردنی دیمەنی لەسێدارەدان ڕێگەی پێ دراوە. لەگەڵ ئەوەش‌دا کە گوشارێکی زۆر لەسەر ئێران بۆ ڕاوەستاندنی لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان هەیە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران بەردەوام پاساوی جۆراوجۆر بۆ ئەو کارە دەهێننەوە. بە قسەی بەرپرسانی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران، ئەو شێوە لەسێدارەدانە سێ ئەنجامی هەیە: ١) ئەمنییەت، ٢) کەم‌کردنەوەی تاوان، ٣) دەرس وەرگرتنی کەسانی‌تر. بەڵام لە لایەک، هیچ لێکۆڵینەوەیک تا ئێستا دەری نەخستووە کە لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان بووبێتە هۆی کەم‌بوونەوەی تاوان لە کۆمەڵگەدا، کەچی پێچەوانەکەی سەلمێندراوە، واتە تاوان زیاتر دەبێ. لە لایەکی‌تر، ساڵی ١٣٩٦، غوڵامحوسێن موحسێنی ئێژەیی دانی بەوە دانا کە بڕی توندوتیژی و تاوان لە ئێران بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو زۆر زیاتر بووە.
بە گوتەی میشێل فوکۆ، "دەسەڵات بەرهەم‌هێنەرە؛ واقیع بەرهەم دێنێ؛ بوار بۆ ئامرازەکان و بۆنە بۆ هەقیقەت دەڕەخسێنێ. هەم تاک و هەم تێگەیشتنی تاک، لە ئەنجامی ئەو بەرهەم‌هێنانە دروست دەبن". دەسەڵاتێکی دیسیپلینی کە لەودا، دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەی ڕێکخراو، زۆر دەخاتە سەر تاکەکان، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ڕەفتاریان‌دا دروست بکا و لە بواری هزری و دەروونییەوە، بەرگێکی دیکەیان بکاتە بەر و لە ئەنجام‌دا خەڵکێکی بەدیسیپلینیان لێ بەرهەم بێنێ. لە ئێران، بەر لە لەسێدارەدانی کەسێک لە شوێنی گشتی، ڕاگەیەنە دەوڵەتییەکان بارودۆخەکە و ڕای گشتی ئامادە دەکەن، ئەوەش بە بەرجەستە کردنەوەی هەندێک تاوان کە لەنێو کۆمەڵگە و بەتایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان‌دا باسی زۆری لەسەر دەکرێ. حکوومەت هەوڵ دەدا بەو شێوەیە وێنەیەکی ئەرێنی لە دەزگای دادوەری و یاساکانی خۆی پێشانی خەڵک بدا. شوێن، ڕێکەوت و کاتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی لەسێدارەدان لە لایەن ڕاگەیەنە حکوومییەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە. ئەو کەسانەی بەشداری ڕێورەسمەکە دەبن و سەیری دیمەنی مردن دەکەن، لەوانەیە زۆربەیان خوازیاری لەسێدارەدان بەو شێوەیە نەبن، بەڵام بەمیدیایی کردنی تاوانباران لە لایەن حکوومەتەوە، وا لە هەندێک خەڵک دەکا کە سەرنجیان بۆ بینینی ئەو تاوانبارانەی بەمیدیایی کراون ڕابکێشرێ. بە گوتەی چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ، لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان وای کردووە کە سزای لەسێدارەدان لە هزری خەڵک‌دا لە گرنگی بکەوێ و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە، خەڵک نەک هەر لە بەرامبەر لەسێدارەدانی تاوانباران، تەنانەت لە بەرامبەر لەسێدارەدانی بەندکراوە سیاسییەکانیش هیچ هەڵوێست و دژکردەوەیەکی ئەوتۆ لە خۆیان نیشان نەدەن، ئەوەش دەستی حکوومەتی بۆ لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی ئاوەڵا کردووە. چالاکانی سیاسی پێیان‌وایە کە ئامانجی حکوومەتیش هەر ئەوەیە کە کۆمەڵگە بێ‌هەست بکا، چونکە دیمەنەکانی لەسێدارەدان، چ بە بینینی ڕاستەوخۆ، چ بە وێنە، دەبنە هۆی ئەوەی تاکەکان خووی پێوە بگرن و لە ڕادەی هەستیارییان کەم بێتەوە. کەوابوو توندوتیژی گرنگییەکەی کەم دەبێتەوە و وەکوو هەر کردەیەکی ڕۆژانە ئاسایی دەبێ و وردە وردە کۆمەڵگە خۆی لەگەڵ ڕادێنێ.
بابەتێکی گرنگی دیکە کە شایانی باسە و مەبەستی حکوومەتی لە پشتە، بەشداریی منداڵانە لە ڕێورەسمی لەسێدارەدان و پڕوپاگەندا بۆ سزای لەسێدارەدان لە کتێبی منداڵان‌دا، کە کاریگەری و ئەنجامی خراپی لە سەر نەوەکانی داهاتوو هەیە. منداڵان کە لە ژینگەیەکی وەها پڕ لە توندوتیژیو ناسازگاردا پەروەردە دەبن، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەمەنیان، خوو بە توندوتیژی و تۆقاندن دەگرن، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی توندوتیژیی زیاتر لە کۆمەڵگەدا. دیارە ئامانجی حکوومەت لە ڕێگەدان بە منداڵان بۆ بینینی ڕاستەوخۆی لەسێدارەدان، ئەوەیە کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ دیمەنی لەسێدارەدان ڕابێن و بنەمای هزری و دەروونییان لەسەر ئاسایی‌بوونی کوشتن بنیات بنرێ و لە داهاتوودا کەسانی بێ‌هەستو بێ هەڵوێستیان لێ بەرهەم بێ. بەشداریی منداڵان لە ڕێورەسمی سەیرکردنی لەسێدارەدان، هەبوونی ژمارەیەک وێنە و حەکایەتی لەسێدارەدان لەنێو کتێبەکانی تایبەت بە منداڵان، ئەنجامی نەرێنیی زۆری بە دوای خۆی‌دا هێناوە. یەکێک لەو ئەنجامانە، دروست‌کردنەوەی دیمەنی لەسێدارەدانە لە لایەن منداڵانەوە کە وەکوو یاری ئەنجام دەدرێ و زۆر جار دەبێتە هۆی گیان لەدەست دانیان.
بەپێی ئاماری دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی، ئەو دەزگایە لە ساڵی ١٣٩٦دا، بە ١٦ میلیۆن و ٢١٢ هەزار دۆسیەی توندوتیژی ڕاگەیشتووە. بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕەهەندە نەرێنییەکەی ئەو ژمارەیە، بەرپرسانی ئەو دەزگایە پێڕاگەیشتن بەو ژمارە زۆرە لە دۆسیە، بە سەرکەوتنی سیستەمی دادوەریی کۆماری ئیسلامی دەزانن.
لە کۆتایی‌دا، ئەگەر ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەر دوو سەردەم‌دا دابەش بکەین، بەر لە ١٣٦٨و پاش ئەو ساڵە(ساڵی کۆتایی‌هاتنی شەڕی ئێران-عێراق، مردنی خومەینی و پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتیی ئێران) دەبیندرێ کە، مەبەستەکان و شێوەی لەسێدارەدان و قوربانییەکانی پێش ١٣٦٨و دوای ئەم ساڵە جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە: بەر لە ١٣٦٨، ڕێژەی بینەری دیمەنی لەسێدارەدان سنووردار بوو و خەڵکانێکی کەم بەشدارییان پێ دەکرا، قوربانییەکان زۆربەیان چالاکە سیاسییەکان بوون، بکوژەکان کەسانی نیزامی بوون، کوشتنەکەش زۆرتر بەشێوەی گوللەباران‌کردن بوو و تەنیا چەند وێنەگرێکی ڕاگەیەنە دەوڵەتییەکان ڕێگەیان پێ دەدرا وێنە بگرن. لە دوای ١٣٦٨ەوە، بەشداریی خەڵک بێ‌سنوورە و ڕێگە بە هەموو کەس و هەموو تەمەنێک دەدرێ بەشداری بکەن، تەنیا بەشێک لە تاوانباران لە شوێنە گشتییەکان لە سێدارە دەدرێن، بکوژەکان کەسانی تایبەتن و ڕاهێنراون بۆ ئەو کارە، قوربانییەکان بە پەتێکەوە هەڵدەواسرێن، وێنە و فیلمگرتن بۆ هەموو کەس ڕێگەی پێ دراوە و کاتی لەسێدارەدانەکەش زۆربەی جار بەیانیانە. لە یەکەم ساڵەکانی دوای شۆڕش، ئامانجی سەرەکیی لەسێدارەدان و بڵاوکردنەوەی لە ڕاگەیەنەکان، تۆقاندنی خەڵک بوو، بەڵام دوای ١٣٦٨، ئامانجی سەرەکیی لەسێدارەدان لە شوێنە گشتییەکان، بێ‌هەستکردنی خەڵک و ئاسایی‌کردنەوەی سزای لەسێدارەدانە، ئەوەش بە مەبەستی ڕاهێنانی خەڵک بۆ ئەوەی هیچ هەڵوێستێک و دژکردەوەیەک لە کاتی لەسێدارەدانی سیاسییەکان لە خۆیان نیشان نەدەن. لە ئەنجامە نەرێنییەکانی ئەو سیاسەتەش، ئاسایی‌بوونەوە و بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژییە لە کۆمەڵگەدا. ژمارەی دۆسیەکانی توندوتیژی و ڕێژەی لەسێدارەدان لە ئێران، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

# لە بەرەبەری گواستنەوەی دەسەڵات بۆ بایدن، ئیسرائیل و عەڕەبە هاوپەیمانەکانی دژی ئێران هاوهەڵوێستن

ئورشەلیم پۆست – لاهاف هارکۆڤ



و: کەماڵ حەسەنپوور

ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبە هاوهەڵوێستەکانی، پێش ڕێورەسمی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن سەرۆککۆماری هەڵبژێردراو، جۆ بایدن، لە حەوتووی داهاتوودا، پەیامێکیان بڵاو کردۆتەوە: گوشارەکانی سەر ئێران کەم مەکەنەوە!

بە گوتەی کاربەدەستێکی ئاگاداری ئەو پرسە لە ڕۆژی پێنج شەممە، لەو پەیوەندییەدا وڵاتانی هاوهەڵوێستی ئیسرائیل تەنیا هاوپەیمانانی ئەو وڵاتە لە کەنداو، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەب و بەحرەین نین، بەڵکو میسر و ئوردۆنیشن.

کاربەدەستەکە گوتی، "پەیامی ئێمە بۆ بایدن ئەوەیە کە ئێمە هیواداریین ناوبراو پێش هەر هەڵسوکەوتێک لەگەڵ ئێران، بیر لە هەڵوێستی هاوپەیمانان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بکاتەوە. زۆر لە وڵاتانی عەرەب لەو ڕوانگەوە هاوهەڵوێستی ئیسرائیلن."

بایدن گوتوویەتی بەتەمایە وڵاتە یەکگرتووەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥ لەگەڵ ئێران و زلهێزەکانی دنیایە، ئەگەر ئێران دەست بە ڕێزگرتن لە ڕێککەوتنەکە بکاتەوە. ئامانجی ڕێککەوتنی بەرجام سنووردارکردنی پیتاندنی ئورانیۆم لە لایەن ئێرانەوە بوو، بە شێوەیەک کە ماوەی گەشەپێدانی چەکی ئەتۆمی لە لایەن ئێرانەوە درێژ بکاتەوە. لە هەمان کاتدا، وردە وردە ئابلۆقە نێونەتەوەییەکان دژی ئێران کەم بکاتەوە، بە شێوەیەک کە تا ٢٠٣٠ هیچکامیان نەمێنن.

کاربەدەستەکە ئەوەی ڕەت کردەوە کە گوایە ئیسرائیل خوازیاری گۆڕینی بەرجام بە شێوەیەکە کە بەرنامەی مووشەکیی بالیستیکی کۆماری ئیسلامیی و کردەوە بەدخوازانەکەی لە ناوچە و ئەولاتر بگرێتە خۆ.

کاربەدەستەکە گوتی، "ئێمە خوازیاری دەستکاریکردنی بەرجام نین. وڵاتە یەکگرتووەکان نابێ بگەڕێتەوە بۆ نێو بەرجام. ئەگەر ئەو کارە بکا تووشی هەڵەیەکی مێژوویی دەبێ."

**باڵیوزی ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان: باشترین ڕێگا بۆ پێشگرتن بە هەڕەشە ئەتۆمییەکەی ئێران شتێکە کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن و ئیسرائیل لە "وتووێژە داخراوەکان"دا باسی دەکەن نەوەک لە مێدیاکان**

نزیکەی دوو حەوتوو لەوەپێش، کاربەدەستێکی پلەبەرز لە نووسینگەی سەرۆک وەزیران گوتی "ئیسرائیل هیچ گومانی لەوەدا نییە کە نابێ هیچ گەڕانەوەیەک بۆ نێو ڕێککەوتنێکی خراپ هەبێ." لێدوانەکە لە جوابی وتارێکی ئەی ئێف پی لەژێر سەردێری: "ئیسرائیل دژی هەوڵەکانی ئاڵمان بۆ بەربڵاوترکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە سنووردانانی زۆرتر نییە."

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە ٢٠١٨ ڕێککەوتنی بەرجامی جێهێشت و لەو کاتەوە ڕێکاری ئابلۆقەی "ئەوپەڕی زەختی" گرتۆتە بەر. کاربەدەستە ئیسرائیلییەکە گوتی، هەڵوێستی ئورشەلیم ئەوەیە کە زەختی سەر تاران دەبێ بەردەوام بێ.

ئەو گوتی، "مێژوو سەلماندوویەتی کە ئێران تەنیا کاتێک پاشەکشەی کردووە ئەوکاتە بووە کە لەژێر زەختدا بووە. سووککردنی زەخت و دەستهەڵگرتن لەو ئامرازە، هەڵەیەکی مێژووییە." کاربەدەستەکە هەروەها دژی هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپا وێستایەوە کە دەڵێ پێشێلکارییەکانی ئێران لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا، وەک بڕیاری حەوتووی ڕابردوو کە ئەو وڵاتە ئاستی پیتاندنی ئورانیۆمی بۆ ٪٢٠ بەرز دەکاتەوە، ئاشکرای دەکەن کە هاتنەدەریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتن لە گەڵ ئێران مەترسیدار بووە و دەبێ ئەمریکا بگەڕێتەوە.

سەرچاوەکە گوتی، "ئەوە پاشگوێخستنی ڕاستییەکی گرینگە کە بەرجام هێندێک توانایی بۆ ئێران هێشتنەوە کە بتوانێ بڕیاری سیاسی بدا و بگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی." بەرزکردنەوەی ئاستی پیتاندن دوای بڕیارێکی پارلمانی ئێران دەستی پێ کرد. ئەو گوتی، "ڕێککەوتنی ئێران تواناییەکانی ئەو وڵاتەی بۆ دروستکردنی بۆمبی ناوکی لەنێو نەبرد. پیتاندنی ٪٢٠ دەیسەلمێنێ کە بەرجام کاریگەر نەبووە."

جگە لەوە، سەرڕێژکردنی پارە بەرەو ئێران، دوای ڕێککەوتنی ٢٠١٥، بە گوتەی کاربەدەستەکە، "پارەی بەهێزترکردنی دەستدرێژییەکان لە ناوچەی، دایە دەستی ڕێژیم."

کاربەدەستەکە گوتی، وڵاتانی سەرانسەری دنیای عەرەب هاورای ئەو هەڵوێستە بەهێزە بەرانبەر بە ئێرانن، کە بۆتە هۆی نزیکتر بوونەوەی ئەوان لە ئیسرائیل، و ئاماژەی بە وتەیەکی سەرۆکوەزیران بنیامین نەتانیاهوو لەوبارەوە کرد. ئەو گوتی، "ئەوان زۆر ڕێز لەو بۆچوونانە دەگرن."



ئەگەرچی بایدن گوتوویەتی هەوڵ دەدا وڵاتە یەکگرتووەکان بگەڕێنێتەوە بۆ نێو ڕێککەوتنی ئێران، باڵوێزی [ئیسرائیل] لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە قەرارە تا چەند حەوتوویەکی دیکە ببێتە باڵوێز لە واشینگتۆن، ئاماژەی بەوە کردووە کە سەرۆککۆماری هەڵبژێردراو و بیرۆکەکانی [لەو بارەوە] "ژمارەیەک مەرجی دیاری کردوون،" و وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل لە پەیوەندی لەگەڵ پێشگرتن بە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی، یەک ئامانجیان هەیە.

باڵوێز لە وتووێژێک لەگەڵ ڕادیۆ 'کان'دا گوتی، باشترین ڕێگا بۆ پێشگرتن بە هەڕەشە ئەتۆمییەکەی ئێران شتێکە کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن و ئیسرائیل لە "وتووێژە داخراوەکان"دا باسی دەکەن نەوەک لە مێدیاکان."

**ئەردان: چاوم بە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کونگرە کەوتووە، لە نێویاندا دێموکراتەکان تا بتوانم دۆخەکە هەڵسەنگێنم. لە پرسە سەرەکییەکاندا، هیچ گومانێکم نییە کە ئێمە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی نوێ بۆچوونی هاوبەشمان هەیە**

ئەردان، لە نامەیەکدا لە ڕۆژی پێنج شەممە، داوای لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە دەستبەجێ ئابلۆقەی چەکوچۆڵ و مووشەک بەسەر ئێراندا بسەپێنێتەوە. ئابلۆقە کۆنەکەی چەکوچۆڵ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دژی ڕێژیمی مەلایان، کە یەکێک لە مەرجەکانی بەرجام بوو، لە ئۆکتۆبری ڕابردوودا کۆتایی پێ هات.

نامەکە ئاماژەی بە "چالاکییە تاوانکارەکانی ئێران ... لە نێویاندا گواستنەوەی چەکوچۆڵ بۆ ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان، پێشێلکاریی سیستەماتیکی ڕێککەوتنی ئەتۆمی و داوای پەیتا پەیتای لەناو بردنی ئیسرائیلی" کردبوو. ئەردان بە هەمان شێوە باسی بڕیارێکی پارلمانی ئێرانی کردبوو کە لەودا داوای لەنێوبردنی ئیسرائیل تا ساڵی ٢٠٤١ کراوە. ئەردان نووسیبووی، "ئەوە شتێکی نهێنی نییە کە ئێران بۆتە مەزنترین بڵاوکەرەوەی تێکنەلۆژیی مووشەکی بالیستیکی و مووشەکی دیکە بۆ لوبنان، یەمەن، سووریە و غەززە، ئێران ئەو تواناییانە دەداتە دەستی لایەنی غەیری دەوڵەتی و تێرۆریست و ناوچەکە ناسەقامگیر دەکا."

باڵوێز ئەردان بە ڕادیۆ 'کان'ی گوت کە هێشتا چاوی بە تیمی بایدن نەکەوتووە، چونکە سەرۆککۆماری هەڵبژێردرا و یاریدەدەرەکانی ئەو سیاسەتە ڕەچاو دەکەن کە پێش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە حەوتووی داهاتوودا، چاویان بە هیچ کاربەدەستێکی وڵاتانی بیانی نەکەوێ.

کاربەدەستەکەی ئورشەلیم پشتڕاستی کردەوە کە "تا ئێستا هیچ گفتوگۆیەکی فەرمی،" لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و تیمی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ بایدن لە ئارادا نییە.

ئەردان گوتی، "لە دۆخی ئێستادا، سەرۆک کۆماری نوێ هێشتا کۆبوونەوەی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە نەکردووە. من خەریکی ئامادەکردنی ڕێکاری دیکەم. من چاوم بە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کونگرە کەوتووە، لە نێویاندا هی دێموکراتەکان، تا بتوانم دۆخەکە هەڵسەنگێنم. لە پرسە سەرەکییەکاندا، هیچ گومانێکم نییە کە ئێمە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی نوێ بۆچوونی هاوبەشمان هەیە."

لەنێو بۆچوونە هاوبەشەکاندا پشتیوانیی بایدن لە ڕێککەوتنی ئیبراهیم و ئاواتی پەیوەست بوونی ژمارەیەکی زۆرتر لە دەوڵەتانی عەرەب و موسڵمان بە ڕەوتی دامەزراندنی پێوەندیی سیاسی لەگەڵ ئیسرائیلە. ئەردان گوتی، "ئێمە دڵنیاین کە دەزانین چۆن لەگەڵ [بایدن] کار بکەین و ئەوە لە ڕێگای ڕوانین لە بایەخ و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکانەوەیە."

بە هەمان شێوە ڕۆژی پێنج شەممە وەزیری وزە، یوڤاڵ شتاینیتز بەشداریی لە کونفرانسێکی ڤیدیۆییدا کرد کە هاوشانە مەراکەشی، سوودانی، بەحرەینی و ئیماراتی، کە لە چەند مانگی ڕابردوودا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردۆتەوە، و هەروەها میسر و وڵاتە یەکگرتووەکان تێیدا بەشدار بوون. ئەو لەو کونفرانسەدا کە بە "خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی" ناوی برد و وەک نموونەی "کەڵەکە کردنی وزە بۆ بەرەوپێش بردنی هاوکاریی و وتووێژ لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان" باسی کرد گوتی، "هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئاخفتنگەی گازی خۆرهەڵاتی مەدیتەرانە کە دوو ساڵ و نیو لەوەپێش لە میسر، لەگەڵ وەزیری وزەی ئەو وڵاتە تاریق ئەلموللا، دەستبەکار بوو، ئێستا ڕێبازی هاوکاریی زۆرتری لەمەڕ وزەی نوێبۆوە، تویژینەوە، گەشەپێدان و پێکەوە بەستنەوەی هێڵی کارەبایی لە داهاتوویەکی نزیکدا، گرتۆتە بەر."

# هێڵیا

## ئەو ژنە سەرکێشەی دەدوێ

ب. سانا

لەنێو کەلوپەلەکانی نێو کارتۆنێکدا چاوی بە بەستەیەک نامەی پێچراو کەوت. ئەو کەلوپەلانە هی دایکی بوون کە ساڵی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی کردبوو. ڕیبێکا، کچە تاقانەکەی "پیتر ویس" و "هێلیا هێنشێن"، وەختێک چاوی بەو نامانە کەوت سەری سوڕما. پیتر کاتی خۆی ئەو نامانەی بۆ هێلیا نووسیبوو، هەڵبەت وەختێک کە بەدڵ عاشقی بووە و هێشتا لە یەکتر جیا نەبوونەتەوە. ڕیبێکای کچیان، هەموویانی خوێندەوە. سۆزی عەشقیان لێ دەباری و ڕوخسارێکی جیاوازیان لە پیتری باوکی ئەو پیشان دەدا.

پیتر ویس، نووسەر و هونەرمەند و ڕێژیسۆر بوو. ناوبراو لەگەڵ خاتوو هێلیا هێنشێن کە ئەویش نووسەرێکی بەتوانا بووە، ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و مەخابن تەنیا چوار ساڵ پێکەوە ژیاون و دواتر جیا بوونەتەوە. بەهرەی ئەو خۆشەویستی و پێکەوە بوونە، کچی تاقانەکەیانە بەناوی ڕیبێکا ویس.

پێوەندی ژن و مێردایەتیی ئەو جووتە هەرچەند زۆر جێگای تاریف نەبووە، بەڵام کچەکەیان دواتر نووسیویەتی کە بەختەوەرترین مناڵ بووە، چونکە باشترین دایک و باوکی هەبووە. دیارە بەپێی ئەزموون، لە جیهانی پیشکەوتوودا مناڵان لەبەر ئەوەی هەمیشە هەوڵ دەدەن ئەرێنی بیر بکەنەوە، ئەگەر خاوەن نەسازاوترین دایک و باوکیش بن، هێشتا پێیانوایە چاکترین دایک و باوکیان لەو جیهانەدا هەیە. مناڵەکان هەڵسوکەوتی پڕ لە دڵسۆزیی دایک و باوک سەبارەت بە خۆیان وەکوو شتێکی جیا لە ڕەفتاری تایبەتیی نێوان خۆیان دادەنێن. لەهەر حاڵدا، ڕیبێکا پێیوابووە ئەو دوو کەسایەتییە توانیویانە زۆر شت بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ببەخشن. ئەو خۆی تەنیا لەوە ناڕاحەت بووە کە بەدرەنگ نامەکانی دۆزیوەتەوە، ئەویش ڕاست دوای مەرگی باوکی بووە و نەیتوانیوە لەو بارەوە وڵام بۆ زۆر پرسیار وەرگرێتەوە. هەربۆیە دواتر کتێبێکی لەسەر نامەکان نووسی بە ناوی: "لەمەر دیتنت، چەندە کوێر بووم".

دایکی ڕیبێکا واتە هێلیا هێنشێن، ژنێکی تا بڵێی بەتوانا و دەستڕەنگین و هونەرمەند و نەققاش و نووسەرێکی بەوەج بووە. هێلیا ٢٣ی فێوریەی ١٩١٧ لەدایک بوو و ٨٥ ساڵ ژیا و ئاگوستی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی کرد. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٤٠ بۆ ١٩٤٥ نیگارکێشیی لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان خوێندووە و سەرەڕای کاری هونەری زۆر، خاوەن کۆلێک بەرهەمی نووسراویشە. ئەو خاتوونە نزیک بە دوازدە کتێبی جێهێشتووە کە ناسراوترینیان بریتین لە: "ڕێگای بەرەو ڕاپەڕین"، "ساڵانی ژیان لەگەڵ پیتر و ژن"، "هونەرمەند" و "هەمیشە یاغی".

هێلیا هێنشێن زۆرتر وەکوو نووسەرێک کاری کردووە کە هاوکات بە زمانی تێکست و نەققاشی دواوە و کتێبەکانی بە شێوازی "تێکست - نیگار" نووسیوە. بەرهەمەکانی زۆر شوێنیان ڕازاندووەتەوە، بۆ وێنە موزەی کلاسیک و موزەی مۆدێرنی ستۆکهۆلم و وێستگەی مێترۆی گەڕەکی تێنستا.

من خۆم، زۆر جار لە وێستگەی مێترۆی گەڕەکی تێنستا چاوم بە کارە هونەرییەکانی هێلیا هێنشێن کەوتووە، بێئەوەی ناوی هونەرمەندەکە بزانم پەیامێکم لەو شاکارانە وەرگرتووە، پەیامی پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان بەدوور لە ڕەنگ و ڕەگەز، پەیامێکی بەهێز سەبارەت بە دۆستایەتیی ئینسانە موهاجیرەکانی نیشتەجێ لە وڵاتی سوید. جوانترین کۆپلە شێعری ناوبراویش کە لەو دوایییەدا خوێندمەوە، پڕ بوو لە هاوار بۆ ئازادی و مافی ئینسان. ئەوەی پتر سرنجی ڕاکێشام شێعرێک بوو بەناوی : "بدوێ" . هێلیا لەو شێعرەدا خۆی وەها دەدوێ:

"بدوێ"
بدوێ !
تۆ هێشتا خاوەن لێوەکانی خۆتی.
قسە بکە!
لەگەڵ دراوسێیەکانت لە بەرهەیوانی ماڵەوە
لەگەڵ ڕێبوارانی سەر شەقام
لەگەڵ خەڵکی وێستگەی قەتار
هەتا لێوەکانت نەدووراون.
لەگەڵ ئەو کەسانەی گوێی بیستنیان هەیە قسە بکە
ئەوان هاواری تۆ دەبیستن.
لەسەر ڕوخساری کاغەز وشەکان بنەخشێنە.
لەسەر دیوار و لەسەر پلانکاردەکان
وشەکان لەگەڵ خۆت بەرە بۆ نێو شار
لەسەر سەرتیان ڕاگرە
با هەموو کەس بیانبینێ.
بلاڤۆک بڵاوبکەوە
سەبارەت بە ئازادی، تێکۆشان و نرخی بەرزی مرۆڤایەتی.
بلاڤۆک بڵاوبکەوە
سەبارەت پشتیوانی و یەکگرتوویی
سەبارەت بە ئاشتی.
لێگەڕێ وشەکان،
چەشنی پەڕەسلێرکەکان باڵبگرن و بفڕن
بەرەو سەرزەوینی دوور لە مەوتەنت.
لێگەڕێ با ئەستێرەکان چاوساغی شەوانی تاریکت بن.
قسەی دڵت لەگەڵ نەوای ئەو باڵندانە
ئەوانەی گەڵای سەوزیان بە دەنووکەوەیە سازگارکە
ئەوسا بۆ خوشک و براکانمان
بۆ هەموو زیندانیەکانی جیهانی بەرێکە.
قسەبکە!
بۆ ئەو کەسانەی بێدەنگیان ڕەچاونەکردووە.
بدوێ!
تۆ کە هێشتا خاوەن لێوەکانی خۆتی.
ئاخر، وشە دەتوانێ خۆر بێ
وشە دەتوانێ چەشنی ڕووباری بەخوڕ بێ
وشە دەتوانێ درگای داخراو واڵابکا و
پردگەلێک بۆ پەڕینەوە بنیاتبنێ
هەڵبەت ئەگەر،
بە قەیاسی پێویست خۆمان بە چەکی وشە تەیارکردبێ.
دەبدوێ دەی ! قسە بکە !
ئێمە قەرزداری ئەو کەسانەین وەدەنگهاتن
دەبێ بدوێین
چونکە ئەوان تا ئەو کاتەی زمانیان هەبوو قسەی خۆیانکرد
دەی تۆش دەنگ هەڵبڕە و بدوێ!
.....

# سامانی نەتەوەیی
# هەوێتی و نەخۆشیی وەندالێزم



شارۆخ حەسەنزادە

"وەنـــــدال"(Vandal) نـاوی قـەومێک لە رەگـەزی "جێرمـەن-سـلاو" بـوون کـە لە سـەدەی ٥ی زایین لـە ئـورووپـا دەژیـان، ئـەوان هێرشیان کردبـا هـەر شوێنێک هەرچی دەستیان کەوتبا وێرانیان دەکرد و دەیانشێواند، بەتایبەت دژی هەموو شوێنەوار و زانست و هونەر و کەسایەتییە جێ ڕێزەکان بوون. ئەگەرچی ئەو قەومە سەدان ساڵە تووی نەماوە بەڵام زاراوەی "وەندالیزم" وەک دیاردەیەکی دزێو هاتۆتە نێو وێژمانی کۆمەڵایەتیی هەموو جیهان. دەروونناسەکان پێیانوایە وەندالیزم دژکردەوەیەکی مەبەستدار، دوژمنکارانە و هەڵوێستێکی قین لەدڵانەیە لە بەرامبەر دۆڕان و شکان و ئەو گوشارانەی کە کەس یان کەسەکان (حکومەت) لە بەرامبەر ئەوەی بۆخۆیان بە دژبەر پێناسەی دەکەن.

کەسێک کە لەسەر شوێنەوارێکی مێژوویی ناوی خۆی و ڕێکەوتێک دەنووسی، یان لە سۆشیال میدیا هێرش دەکاتە سەر کەسایەتییەکان و بە نەشیاوی ناویان دەبا و هێمای سامانە نەتەوەییەکان بریندار دەکا، یان وێنە و کۆتەڵ و گۆڕیان دەشێوێنێ و بێڕێزییان پێ دەکا بە دڵنیاییەوە نەخۆشە، ئەگەرچی ڕەنگبێ لەو نەخۆشییەدا سووچباریش نەبێ. چوونکە دەرەتانی کۆمەڵگە و دۆخی گشتی هیچ کات ئەو ئیزنەی پێ نەداوە کە ئەوکەسە کولی دلی خۆی هەڵڕێژێ، خۆی بنوێنێ و پێشان بدا، هەربۆیە هێرش دەکاتە سەر ئەو شوێنەوارانە و بە بەهای شێواندنی ئاسەوارێکی کولتووری یان مێژوویی بێڕێزی بە کەسایەتییەکی خۆی دەکا و بەم جۆرە خۆی دەردەخا.

لە هەموو لایەنەکانی ئەو دیاردەیەدا، "وەندالیزمی کولتووری" لەلایەن حکومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە زیاتر کاری پێ دەکرێ، هەڵبەت لەم مۆدیلەدا تەنیا شێواندنی ئاسەواری مێژوویی و کاری لەم چەشنە نییە بەڵکوو لەخۆنامۆیی بوون و خۆشخزمەتیکردن بە دوژمن بە دژی نەتەوە و شوناسی گەل دەکەوێتە خانەی وەندالیزمی کولتووری. هێرشبردنە سەر ئێلیمان و هێما نەتەوەییەکان، بێڕێزی بە کەسایەتییە سیاسی، ئەدەبی، مێژوویی، زمانی و.... بە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە جۆرێک نەخۆشیی کۆمەڵایەتییە کە حکوومەتەکان بەستێنیان بۆ خۆش دەکەن و پەرەیان پێ دەدەن.

دۆخ و ژینگەی سیاسی-کۆمەڵایەتیی تاک لە شەقل گرتنی کەسایەتیی وەندالیزمەکان ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە کە ڕەگی لەنێو سیستەمی حکومەت و بنەماڵەدا هەیە. وەندالیزم بە زۆری لەو حکوومەت و بنەماڵانە وەک دیاردەیەکیان لێ دێ و هەڵدەتۆقن کە بەرپرسە یەکەمەکان (لە بنەماڵەدا دایکوباوک و لە حکوومەتدا سەرۆکی وڵات) سەرلێشێواو، نادڵنیا بۆ بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و بە ڕوانگەیەکی دوور لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی پەروەردە دەبن و بەردەوام هەست بە کڵۆڵی، داماوی، ترس و پیلان دەکەن، بە شێوەیەکی پڕ لە توندوتیژی لە بەرامبەر دیتران دەوەستن و بە هەوڵدان بۆ ئاژاوە و فیتنە و خۆڕانان گێرەشێوێنی دەکەن. لەم بەینەدا حکومەتەکان زۆرتر لە جۆری وەندالیزمی کولتووریی ڕێکخراو کەڵک وەردەگرن. لە سیستەمی سیاسیی ئێران نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم دیاردەیە لەهەمبەر پرسی کورد لە هێرش بۆ سەر زمان، کولتوور، مێژوو، جوغرافیا و کەسایەتییەکان کەڵک وەرگیراوە.

وەک چۆن دەبینین لە سەردەمی دەسەڵاتداریی پەهلەویدا بە قەڵەمی کەسانی وەک ڕەشید یاسەمی و لەسەردەی ڕێژیمی ئیسلامییشدا شەفیعی کەدکەنی زمانی کوردی وەک دەستەخوشک و زاراوەی "گەرەک" (محلی) ناو دێنن و هەوێتیی کورد بە مێژووی پڕ لە قۆپی و تەزویری و چەواشەکراوی خۆیان دەبەستنەوە. یان کاتێک هونەرمەندی ڕەسەنی کورد، نەمر حەسەن زیرەک دەگەڵ گۆرانیبێژۆکەیەکی سەبکی پاپی تارانی پێک دەگرن و کێبڕکێی لەسەر دادەنێن! یان کەسانێک فێر دەکەن کە بەردەنووسی کانی ئەژدیها (عەینەڕۆم) و ستێلی ماوانی (تەرگەوەڕ) و... بشێوێنن یان بێڕێزی بە زمان، کولتوور و جلوبەرگی کوردی بکەن، ئێستاش لە نوێترین کردەوەی نەشیاویان گۆڕی نەمر محەممەدی ماملێ بە سپرای ڕەش دەکەن و وێنەی تابلۆی مەولەوی کورد لە سەقز دەشکێنن و لەسەر دەنگوڕەنگی میللی! سووکایەتی بە فەرەنجی و جلوبەرگی کوردی دەکەن.



تابلۆ وێنەی "مەولەویی کورد" لە سەقز کە لە بەر دەرکی پارکی مەولەویی ئەو شارە بە بەرد شکێندرا

ئێمیل دوورکیم یەکەم بیرمەند بوو کە چەمکی "ئانۆمی"(Anomie) و ئاکارچەوتیی لە کۆمەڵگەدا هێنایە سەر زاران کە دواتر کەسانی وەک "مێرتێن" پەرەیان پێ دا. ناوبراو بەشێوەیەکی گشتی باس لە پرسە بێ یاساییەکانی نێو کۆمەڵگە و یەکێک لەوان وەندالیزم دەکا. دورکیم ئانۆمی و کردەوەی بێسەرەوبەرەی بەشێک لە کۆمەڵگە کە فێر دەکرێن لە دوو ئاستی "تاک" و "کۆمەڵایەتی"دا پێناسە دەکا. لە ئاستی تاک، جۆرێک ئاڵۆزی و ناتەکووزیی تاکی کە بۆ پووچی، دۆڕان و شکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە وەک هۆکار لەقەڵەم دەدا و لە ئانۆمیی ئاستی کۆمەڵگەشدا نیشاندەری جۆرێک شپرێوی، شێواوی لە نیزامی بەکۆمەڵ دەناسی کە لەوێدا هەستی تاک بە سەرنجدان بە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەڵدەسەنگێندرێ. بۆیە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە ئاکامی ڕاستەخۆی پەروەردەی دامەزراوە حکومەتییەکانن کە بە هۆکاری ئابووری کۆمەڵایەتی و لەلایەکی دیکەشەوە لەخۆنامۆیی و نائاگایی بەشێک لە بنەماڵەکان بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاوە.

کاتێک باس لە "ئێمە" و "کۆمەڵگە" دەکرێ پرسی "هەوێتی" (شوناس، پێناسە) دێتە گۆڕ. سنووری نێوان "ئێمە" و "دیتران" بە هێڵی هەوێتی خۆیا دەبێ. توێژینەوەی شوناسی نەتەوەیی یەکێک لەو مژارانەیە کە گرنگیی دیرۆکی و کۆمەڵناسانەی هەیە. گرنگی دیرۆکی بەو ئاقارەدایە کە، ئەم دیاردەیە لەئاکام تێپەڕینی زەمەن لەنێو کۆمەڵگەدا شەقڵی گرتووە و لە یاریی نێوان ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕە مێژووییەکاندا گووراوە. هەر شوناسێک کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە و لەنێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا وێنا دەبێ لە ڕەوتە مێژووییەکانی سەردەمە جۆراوجۆرەکان وەرگیراوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە شوناسی نەتەوەیی بۆیە بایەخ و گرنگایەتیی هەیە کە یەکێک لە هۆکارە هەرە بەرچاوەکانی بایەخدان بە سامانە نەتەوایەتییەکان، یەکیەتی کۆمەڵگە و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە هەر کۆمەڵگەیەک پێناسە دەکرێ. هەر نەتەوەیەک بەو ڕادەیە لە شوناسێکی پتەو و ڕاوەستاوتر گەیشتبن بەو ڕادەیە یەکیەتی و کۆڵەکەکانی یەکگرتوویی و هاوپەیمانی کۆمەڵایەتییان سەرکەوتووتر دەبێ.



گڵکۆی نەمر محەممەد ماملێ کە ڕۆژی ١٩ی بەفرانبار لە گردی شاعیران و هونەرمەندانی مەهاباد شێوێندرا

درێژبوونەوەی داگیرکاریی کوردستان و سیاسەتە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بەتایبەت لە ئێرانی ئیسلامی بەرەو ڕووی چاند و وێژە و زمانی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکێک لە باسە سەرەکییەکانی بەستێنی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی دێتە ئەژمار و پشکی فەرهەنگ و بە کەڵکوەرگرتن لە کەرەسەی جۆراوجۆر و نوێی پێوەندییەکان هەروەها بە توێژینەوە و ناسینی کۆمەڵناسیی کۆمەڵگە بە ڕوانینی ئایدۆلۆژی، بۆ بریندار کردنی هەستی پاقژ و ڕاوەستاویان لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئەو گەلە دەدا.

هەوێتی نەتەوەیی یەکێک لە جۆرەکانی سەرەکی لە گرفت و کێشەی ئەم بابەتانە بۆ لایەنی هەوێتی دەگەڕێتەوە. "هویت" وشەیەکی عارەبییە، ئەم وشەیە لە "هو" بەمانای "ئەو" کە جێناوی نادیاری تاکی نێرینەیە وەرگیراوە. هەوێتی پرۆسەیەکی وڵامدەری ئاگاهانەی هەموو تاکێکە بە کۆمەڵێک پرسیار لەهەمبەر ڕابردووی خود (کێم ئەز؟ لەکوێڕا هاتووم؟ سەربە چ تایفە، قەوم و نەتەوەیەکم؟ سەرچاوە و ڕەسەنایەتیم بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ لە ژیار وشارستانییەتی جیهانیدا چ دەورێکم هەیە؟...)

کەسانێک کە خۆیان ناناسن نازانن کێن، باوەڕیان بە خۆیان نییە و بایەخ بۆ بەهاکانی نەتەوەیی دانانێن، تووشی "قەیرانی هەوێتی" دەبن. ئەو کەسانە چوونکە لە خۆیان نامۆن ناتوانن بڕیارێک بدەن، ئەوان لە ترس و دڵەکوتەدا دەژین. زۆرێک لەو کەسانە ئەگە دەرمان نەکرێن بەرەو خەمۆکی و وەندالیزمێکی توخ هەڵدەدێرێن. ئەو جۆرە مرۆڤانە ورەی دارووخاو و کەسایەتییەکەی لەرزۆکیان هەیە، هەستی پشت بەخۆبەستنیان نییە و هێزی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنیان نامێنێ و لەو کەشەدایە کە دامەزراوە هەلپەرەستەکانی حکومەتی بەرەو ئاراستەی تێکدان و وێران کردن لەسەر بناخەی فرۆشتنی ئاوەز و جەستەی خۆیان، کەڵکی نابەجێیان لێ وەردەگرن.

فەرهەنگ (کولتوور) هۆکاری سەرەکی بۆ چێکردنی شوناسی تاکی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە و بە سەرینچاوەی ڕێوشوێنی گونجاو و سامانە مادی و مەعنوییەکانی یەک نەتەوە لە ڕەوتی گەشەی مێژوویی دێتە ئەژمار. دوژمن بە ناسین و کارکردی ناسینی شوناسە. شوناسی نەتەوەیی چۆنیەتیی وڵامدانەوەی نەتەوەیەک بەو پرسیارانەی دەوروپشتی، ڕابردوو، چەندایەتی، زەمەن، ئاخێزی سەرەکی، بواری ژیار و شارستانییەت، پێگەی سیاسی، ئابووری، کولتووری و مێژووی خۆیەتی. بەجۆرێکی دیکە گشتگیرترین هەوێتیی کۆمەڵ لای خەڵک، بە شوناسی نەتەوەیی پێناسە دەکرێ و جۆرێک هەستی دەرۆستی و پێبەندی، هاودڵی بە کۆمەڵەی گشتی (نەتەوەیی)ییە و بەشێک لە شوناسی تاکە.

ئەگە شوناسی نەتەوەیی بە جۆرێک ناسیونالیزم دابنێین، پێناسەکەی دەبێتە ئەوە کە، هەبوونی هەستێکی هاوبەش یان وێژدان و وشیاریی بەکۆمەڵ لەنێو بەشێک لە مرۆڤەکان کە یەکەیەکی سیاسی یان نەتەوە پێک دەهێنن. ئەمە وێژدانی بەکۆمەڵە کە لەناخی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە و لەنێوان ئەوان و ڕابردووەکان پێوەندی و هاوبەشی درووست دەکا و پێوەندی و ئامانجەکانیان لە یەکتر نزیک دەکاتەوە. خاوەنڕایانی وەک "مۆنتێسکیۆ" و "کۆنت" چەمکگەلی وەک "هێزی سەروو"، "یەکیەتی و یەکگرتوویی"، "هەستی سۆزداری" و "خاڵی هاوبەش" بۆ مانای هەوێتی نەتەوەیی بەکار هێناوە بەجۆرێک کە مۆنتێسکیۆ بە ئاماژەدان بە "ڕوحی گشتی" پێیوایە کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی قەت ناتوانێ پایەداربێ هەتا ئەوکاتەی هەستی سۆزدارانەی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا پەنگ نەداتەوە.

هەوێتیی نەتەوەیی لایەنی جۆربەجۆری وەک کۆمەڵایەتی، مێژوویی، جوغرافیایی، سیاسی، ئۆلی، کولتووری یان میراتی کولتووری و زمانی و وێژەیی هەیە و لە ڕاستیدا ئەمانە لایەنی پێوەندیدەر و بیچمگرتنی شوناسی نەتەوەیی و بە شەقڵگرتنی هاوبەشییەکانی یەک نەتەوە دادەنرێ.

لێرەدا دوو خاڵی، نەخۆشیی وەندالیزم و هەوێتی (شوناس-نەتەوەیی) زیاتر باسیان کراوە و مەبەست لێیان ئەوەیە کە، ئەگە تاکێکی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵات خۆی بناسێ (خاوەن شوناسی نەتەوەیی بێ) بەهیچ شێوەیەک تووشی نەخۆشیی وەندالیزم نابێ و هیچکات هێرش ناکاتە سەر بەها نەتەوەییەکان و سامانە پڕبایەخەکانی کەسایەتی و شوێنەوارەکان.

خاڵی دووهەم کە دەکرێ سەرنجی زیاتری بدرێتە، سیاسەتە جۆراوجۆر و پڕ لە فرتوفێڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە لەماوەی ئەو چەند دەیەدا چەندین جار لەو مۆدێلە و بۆ مەبەستی جۆراوجۆر کەڵکیان وەرگرتووە. ئەمجارەیان کاتێک ناوەندە ئیتلاعاتییەکان بەتەما بوون کۆمەڵێکی دی چالاکانی مەدەنیی کورد ڕەشبگیر بکەن و ترسی ئەوەیان هەبوو کە لەوانەیە خەڵک یان کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵوێستی هەبێ هەربۆیە بەو دوو کارە (ڕەش کردنی گۆڕی نەمران ماملێ و شکاندنی شووشەی وێنەی مەولەوی شاعیر) ویستی فکری کۆمەڵگەی چالاکی مەدەنی و ڕاگەیاندنەکان بەلاڕێدا بەری و وزەی نووستوویان بە خاوێنکردنەوەی ئەو دوو شێواندنکارییە بسووتێنێ، لەو کارەشیدا سەرکەوت.*

* (هەتا ئێستا ٣٠ی بەفرانبار ٦٥ کەس لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعات لە چەند شاری ڕۆژهەڵات دەسبەسەر کران، بێ ئەوەیکە هیچ کەس بتوانێ هەڵوێستێکی هەبێ.)

***

# کۆماری کوردستان و بایەخدانی بە پەروەردە



گەلاوێژ پەیرەوان



دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەلومەرجی ئەوسای ئێران و ناوچە و جیهان‌دا لە گەڵ ئەوەی بڕیارێکی مێژوویی بوو کە لەلایەن ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد درا، لە هەمان کاتیش‌دا ڕووداوێکی یەکجار گەورە و دەسکەوتێکیی بەنرخ بوو بۆ گەلی کورد لە چوار پارچەی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

کۆماری کوردستان کە خەون و ئاواتی لە مێژینەی کورد بوو، لە لایەک ببووە جێگای ئۆمید و مایەی شانازی بۆ گەلی کورد و لە لایەکی دیکەشەوە دوژمنانی کورد و کوردستان، چاویان پێی هەڵ نەدەهات. هەر بۆیەش لە هەموو لایەکەوە خەریکی پیلانگێڕی بوون دژی و هەر ئەوەش وایکرد کە نەیارانی ئەو کۆمارە نەتەوەییەی کورد هەوڵی لەنێوبردنی بدەن کە بە داخەوە هەوڵەکەیان سەری گرت و توانییان کۆماری کوردستان جوانەمەرگ بکەن.

ئەگەرچی تەمەنی کۆماری کوردستان لە ڕووی زەمانەوە تەنیا ١١ مانگ بوو، بەڵام کار و کردەوە و دەسکەوتەکانی کۆمار ئەوەندە گەورە و بەنرخ بوون کە بەراورد ناکرێن لەگەڵ ئەو ماوە کەمەی حوکمڕانیی کۆماردا.

لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماردا بارودۆخی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەمنییەتی خەڵک بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو کە ببووە جێگای دڵخۆشی و ئومێد بۆ خەڵکی کوردستان لە لایەک و لە لەیەکی دیکەشەوە سەرنجی گەلانی دیکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.

کاربەدەستانی کۆمار لەو ماوە کەمەی بەڕێوەبردنی حکومەت‌دا گەلێک کاری بەنرخیان ئەنجام دا و کۆمەڵێک دەسکەوت بەدەست هاتن کە تاکو ئێستاش گەلی کورد شانازییان پێوە دەکات. خۆ ئەگەر بمانەوێ بە وردی باس لەو کار و دەسکەوتانە بکەین کە لە سەردەمی کۆماردا دەستەبەر کراون، ئەوە هەرکامە بە نۆرەی خۆی باسێکی تایبەتی و چڕوپڕی دەوێت. بەڵام دەتوانیین بە کورتی و پوختی ئاوڕێکیان لێ‌دەینەوە و تیشکیان بخەینە سەر.

بەشێک لە دەسکەوتەکانی کۆمار بریتی بوون لە:

١. بەرەسمی کردنی زمانی کوردی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی کۆماردا.
٢. پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە هێزێکی ڕێکوپێک و بەپرێنسیبی نیزامی بوو.
٣. ناردنی قوتابی بۆ باکو و تەورێز بۆ درێژەدان بە خوێندن.
٤. دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان و هاندانی ئەو دوو توێژەی کۆمەڵگە، بۆ بەشداریی زیاتریان لە بەڕێوەبردنی کاروباری نێو کۆمەڵگە.
٥. گرنگیدان بە بارودۆخی ئابووری و دامەزراندنی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ دەرەوە بە مەبەستی گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان.
٦. دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و کردنەوەی کتێبخانە بە زمانی کوردی لە مەهاباد.
٧. دانانی قانوون بۆ گۆڕینی هێندێک دیاردە و نەریتی دواکەوتووانەی نێو کۆمەڵگە
٨. دامەزراندنی ڕادیو و سینەما بە مەبەستی زیاتر وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە.

ئەوانەی ڕیز کران تەنیا بەشێکی کەم لەو کار و دەسکەوتانە بوون کە کۆمار لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک‌دا کردنی و ئەوەی نووسینی ئەم دێرانە مەبەستیەتی تیسک خستنە سەر پرسی پەروەردەیە لە کۆماری کوردستان‌دا.

ئەگەر بمانەوێ باس لە پرسی پەروەردە و گرینگیدان بە زمانی کوردی لەو سەردەم‌دا بکەین، پێویستە کەمێک بگەڕێینەوە بۆ پێش دامەزراندنی کۆمار، واتە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ.کاف)، چونکە ئەو گرنگییەی کە لە سەردەمی کۆماردا بە زمانی کوردی و پەروەردە دراوە، لەسەر پاشخانی کۆمەڵەی ژێکاف بووە کە پێشتر لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی و لەلایەن ژمارەیەک ڕووناکبیری ئەوکاتی کورد لە شاری مەهاباد دامەزرابوو.



لە گەڵ ئەوەی کۆمەڵەی ژێکاف وەک حیزبێکی سیاسی نەتەوەیی بە نهێنی کاری دەکرد، بەڵام لە چالاکی ڕووناکبیری و فەرهەنگی خافڵ نەبووە. بەشێک لە کار و کارنامەی ژێکاف ئەمانە بوون:

– دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بە هەست بە بەرپرسایەتی لە بەرانبەر زمانی کوردی و بە پێی ئەو هەلومەرجەی تێیدا بوون، هەوڵیان داوە بەگوێرەی توانا و ئیمکانی خۆیان پۆلی فێرکردنی زمانی کوردی بکەنەوە و خەڵک هان بدەن فێری زمانی کوردی بن.

-گۆڤاری نیشتمان یەکێک بوو لەو کارە گرینە فەرهەنگییە بوو کە کۆمەڵەی ژێکاف کردی. هاوکات ئەو گۆڤارە زمان‌حاڵی ژێکاف بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بوو. گۆڤاری نیشتمان کە ٩ ژمارەی لێ دەرچوو، هەلێکی باشی ڕەخساند بۆ ئەو نووسەر و شاعیرانەی کە بە هۆی قەدەغەبوونی زمانی کوردی تا ئەوکات نەیان توانیبوو بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی بڵاو بکەنەوە. لەهەمان کاتیشدا دەرفەتێکی باش بوو بۆ پەروەردە و دەرخستنی شاعیر و نووسەری نوێ.

. چاپکردنی ڕۆژمێری کوردی یەکێکی دیکە لە کارەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بوو کە بۆ ماوەی دوو ساڵ و لە ساڵانی ١٣٢٢ و ١٣٢٣دا چاپ دەکران و بڵاو دەبوونەوە.

ئەو ڕۆژمێرانە بە شێعری نەتەوەیی و ئایینی ڕازێندراونەتەوە و هەندێک لە بیرەوەرییە گرنگەکانیشی تێدا نووسراون وەک:

١/ ٢٥ی گەلاوێژ، دامەزرانی ژ.ک
٢/ ٣٠ی پووشپەڕ، ساڵی دەرچوونی گۆڤاری نیشتمان.
٣/ ١٦ی ڕەشەممە، ڕۆژی بنیادی چاپخانەی ژ.ک.

. دیاریی کۆمەڵەی ژ.ک یەکێکی دیکە لەو هەوڵانە فەرهەنگییانە بوو. ژێکاف ساڵی ١٣٢٢ چەند کۆمەڵە شێعرێکی لە نامیلکەیەکدا بەو ناوە بڵاو کردەوە.

لە ڕاستیدا ئەو چەند هەنگاوەی کە بەرپرسانی کۆمەڵە لەو سەردەمەدا ناویانە، سەرەتایەکی باش بووە بۆ گرینگیدان بە زمان و ئەدەبی کوردی و هاندانێکیش بووە بۆ نووسەر و شاعیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەر ئەو سەرەتایەش بووەتە بنەمایەک بۆ ئەو هەنگاوە گەورەی کە لە سەردەمی کۆماردا و بۆ پەرەپێدان و خوێندنی زمانی کوردی هەڵێنرا.

هەڵبەت پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستانیش، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەی خۆی‌دا کە لە هەشت بەند پێکهاتبوو، گرنگیی تایبەتیی بە زمانی کوردی دابوو. لە بەندی ٢ی ئەو بەرنامەیەدا هاتووە: (نەتەوەی کورد مافی خوێندنی زمانی زگماکی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بە هۆی زمانی کوردییەوە بەڕێوە بچێ).

هەروەک هەمووومان دەزانین و مێژووش شاهیدە، کۆماری کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو کار و دەسکەوتانەی کە لەو ماوە کەمەدا ئەنجامی داون، زۆر هەنگاوی گەورەی بۆ خزمەت و پەرەپێدانی زمانی کوردی هەڵیناوەتەوە کە پێویستە بە بایەخەوە لێی بڕوانرێ.

هەر لەگەڵ دامەزران و پێکهێنانی کۆماری کوردستان‌دا، ڕێبەران و کاربەدەستانی حکومەتی کوردستان گرینگیان بە خوێندن و پەرەپێدانی زمانی کوردی داوە و لەم پەیوەندییەدا کۆمەڵێک کاریان کردوە و چەندین بڕیاریان دەرکردوە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین:

١- بەرەسمی کردنی زمانی کوردی لە ئیدارە و شوێنە ڕەسمییەکان، چونکە پێشتر زمانی کوردی لەو شوێنانە قەدەغە بووە.
٢- بەرەسمی کردنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا، بەمجۆرە بۆ یەکەم جار منداڵانی کورد توانییان لە قوتابخانە بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن. هەر لەم پەیوەندییەشدا وانەکان بە زمانی کوردی ئامادە کراون و دراون بە خوێندکاران.
٣- بە زۆرەملێ و خۆڕاییکردنی خوێندن بۆ منداڵان (کچ و کوڕ)، واتە زۆرخستنە سەر دایک و باوکەکان تا منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن.
٤- کۆکردنەوەی منداڵانی بێسەرپەرست و دابەشکردنیان بەسەر بنەماڵە دەوڵەمەندەکان و ناردنە بەر خوێندنیان لەگەڵ منداڵی خۆیان.
٥- یەک فۆڕم کردنی جلوبەرگی خوێندکاران لە قوتابخانە، تاکوو منداڵان هەست بە جیاوازی نەکەن و بۆ هاندانی زیاتریان و بەردەوام بوونیان لە خوێندن.
٦- گۆڕینی ناوی قوتابخانەکان لە فارسییەوە بۆ کوردی، نموونە: گۆڕینی ناوی مەکتەبی پەهلەوی بە کرمانجی کوردستان و ناوی چەند قوتابخانەی دیکەش گۆڕان بە «گەلاوێژ» ، «کوردستان» و «پێشەوا» و هەندێک قوتابخانەی نوێ لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان و شنۆ کرانەوە و قوتابخانەیەکی تایبەت بە کچانیش هەر لە شنۆ کرایەوە.
٧- نوسینی ناوی قوتابخانە و دووکان و گشت ئەو شوێنانەی تابلۆیان لەسەر بوو بە کوردی و، گۆڕینی ناوە فارسییەکانیان بۆ سەر زمانی کوردی.
٨- کردنەوەی پۆلی تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی نەخوێندەوار بوون و هاندان و پاڵپشتیکردنیان بۆ چوونە ئەو کەلاسانە و لەو پێوەندییەدا دابینکردنی پێداویستییەکانیان.
٩- ژنان گرنگی زۆریان پێ دراوە و لەگەڵ ئەوەی ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەبووە، لە بواری خوێندنیشەوە گرنگی زیاتریان پێ دراوە و هان دراون بۆ خوێندن و پۆلی تایبەتی نەخوێندەوارییان بۆ دانراوە.
١٠- هێنان و دامەزراندنی چاپخانە لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان هەوڵێکی دیکە بوو بۆ خزمەت بە زمان و کەلەپووری کوردی.
١١- دەرکردن و چاپی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، بە زمانی کوردی، کە هەر یەکە و بە نۆرەی خۆی خزمەتی بە گەشەی زمان و ئەدەبی کورد کردووە.
١٢- دانان و کردنەوەی کتێبخانەی نیشتمانی.
١٢- پەروەردەی مامۆستا و هاتنی مامۆستای زمانی کوردی لە باشوورەوە بۆ مەهاباد، کە خزمەتی زۆریان بە زمانی کوردی کرد.
١٣- وەرگرتنی بۆرسەی خوێندن بۆ لاوان و ناردنیان بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی درێژەدانی خوێندن و خوێندنی ئەفسەری.
١٤- هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستان بڕیار درا زمانی حوکمڕانی، زمانی شەرع و قانوون، زمانی بازرگانی، زمانی پێشمەرگایەتی بکرێتە زمانی کوردی و دەبێت کاری پێ بکرێ.

هەر زوو بیر لەوەکرایەوە کە وشەیەکی گونجاو بۆ چەکداری کورد بدۆزرێتەوە و بکرێتە جێگرەوەی زاراوەی بێگانە و وشەی «پێشمەرگە» وەک هێزی چەکداری کۆمار کوردستان، بەرەسمی هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی و نیزامیی کورد لە کوردستان.

١٥- خوتبەی مزگەوت کرا بە کوردی، پێشتر خوتبەی مزگەوتەکان بە زمانی عەرەبی بوون، بەڵام لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڕیار درا خوتبەی نوێژی هەینی بە کوردی بێت.
١٦- یەکێکی دیکە لە کارە گرنگەکانی «هەیئەتی فەرهەنگی» ماوەنەدانی شێواندنی زمانی کوردی بوو، بە ناوی داهێنانی وشەی تازە و دروستکراوەوە.

**ئەنجام:**

بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستان هەر لە سەرەتاوە دەرکیان بەو مافخوراوی و غەدرە کردووە، کە لە لایەن ڕێژیمی حاکم بە سەر ئێراندا لە کورد و منداڵانی کوردی دەکرد و باش دەیانزانی کە بە بەرنامە و نەخشەیەکی زیرەکانە هەوڵی سڕینەوەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەی کوردیان داوە و ویستوویانە ڕۆڵەکانی لە دواکەوتووی و نەزانی‌دا بمێننەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستییە کە زمانی هیچ نەتەوەیەک بەبێ هەبوونی دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێ وەکو پێویست لە بوارەکانی سیاسی، قانوونی، ئابوری و دیپلۆماسی... هتد، گەشە بکا و دەوڵەمەند بێت؛ کۆماری کوردستان دەسەڵاتی خۆی لە خزمەت پەرەپێدانی زمانی کوردی دانا.

لەگەڵ ئەوەی ڕێبەرانی کۆمار و حیزبی دێموکرات، بەو پەڕی دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە لە فکری منداڵانی کورد و خوێندنیان بە زمانی دایکی لە خوێندنگەکان‌دا بوون، خودی شەخسی پێشەوا بۆ خۆیشی وەک سەرۆکێکی خەمخۆر و بەمشوور بۆ دوارۆژی گەل و وڵاتەکەی بایەخی زۆری بە پەروەردە و بارهێنانی منداڵانی کورد بە شێوەیەکی سەردەمیانە داوە.

پێشەوا لە وتاری ٢ی ڕێبەندان‌دا بە شانازییەوە باس لەو کارانە دەکا کە لەو ماوە کەمەدا ئەنجام دراون:

«چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە، مەدرەسەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران... کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەداریسی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن و لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێر بوونی فارسی بن لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنوسن».

پێشەوا قازی محەمەد زۆر هەوڵی داوە گەلی کورد لە گرینگیی خوێندن و خوێندەوار بوون ئاگادار بکاتەوە تا ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بە دنیای پێشکەوتوو و زانستی سەردەم ئاشنا بن و لە گەلانی پێشکەوتوو دوا نەکەون.

پێشەوا دواجار لە وەسیەتنامەکەیدا دەفەرموێ: «بڕۆن بخوێنن و بە دوای زانستدا بگەڕێن.»

❊❊❊

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:790 19 January 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

بەر لە ماڵاوایی

# بیری پێشەوا و هێزی کۆمار


ئەحمەد ڕەحمانی

*من تا مردن لەگەڵ ئێوە دەبم، دەمەوێ ئەوەشتان پێ بڵێم ئەگەر لە پێناو کورددا نەمرم، یانی هیچم نەکردووە.*
**پێشەوا قازی محەممەد**

٧٥ ساڵ لەمەوبەر یەکەم نوبەرە کوماری کوردستان لە شاری مەهاباد دادەمەزرێ. ئەگەر ئاوڕێک لە هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی ئەو سەردەم بدەینەوە دامەزرانی وەها کۆمارێک ٧٥ ساڵ لەمەوبەر کە ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی ببوو بە ناوەندی کێبەرکێی هێزە دەسەڵاتدارەکانی دنیای ئەو سەردەم، هێندە ئاسان نییە. بەتایبەت لە ناوچەیەکدا کە گەلەکەی دابەش کرابێ بە سەر چوار پارچەدا و دەسەڵاتدارە جیهانیەکانی ئەوکات چاوی تەماحیان تێ بڕیبێ. بۆیە بۆ ئەو سەردەم دامەزرانی کۆمارێک بە ناوی کۆماری کوردستان پێویستیی بە بیرمەندێک بووە کە لە هەموو بوارێکەوە لێکدانەوەی ورد و تایبەتی بۆ ئەو کارە مەزنە کردبێ.

بوونی پێشەوا قازی محەممەد لەو سەردەمدا کە کەسایەتییەکی سیاسی، خۆشناو، خۆش بەیان، جێی متمانە و لە هەمان کاتدا ئەدەبدۆست و هونەردۆست، دێموکراتێکی نیشتیمانپەروەر و بڕوامەند بە گیانی تەبایی و یەکگرتوویی ئەو بیرمەندە بوو کە ئەو ئەرکە قورسەی خستە سەر شانی خۆی.

ژیانی لاویەتی و گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی و ئاوێتەبوونی بیری زانستی هەروەها زاڵ بوون بە سەر چەند زمانێکی گرینگی ئینگلیزی، فەڕانسەوی، عەرەبی، فارسی و تا ڕادەیەکیش ڕووسی لە تەنیشت تایبەتمەندییە سیاسی و خەسڵەتە درەوشاوە مرۆییەکانی کەسایەتییەکی تەواو کاریزماتیکی بە پێشەوا بەخشیبوو. پێشەوا قازی محەممەد دوای کۆچی دوایی باوکی دەبێتە قازیی شار و بەرپرسایەتیی ئەوقافی ئەوکاتی شاری مەهاباد وەئەستۆ دەگرێ و تێکەڵاوی لەگەڵ ئیدارەی فەرهەنگ ئەو هەلەی بۆ دەڕەخسێنێ کە یەکەم قوتابخانەی کچان لەو شارەدا دابمەزرێنێ، هەروەها هەنگاوی گرینگ و کارساز بۆ چارەسەری ناکۆکیی عەشیرەتەکان لەگەڵ یەکتری هەڵگرێ.

پێشەوا قازی محەممەد بە چوونی بۆ نێو ڕێکخراوی سیاسیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ ک) و وەرگرتنی بەرپرسایەتی زیاتر هیوای خستە دڵی خەڵکی مەهابادەوە. سەفەری پێشەوا بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت و پاشان دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەوڕەوی ژیانی سیاسیی قازی محەممەدی گۆڕی. ئەو بڕیاری کارە هەرە مەزنەکەی دابوو. ئەوە بوو کە لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤دا دامەزرانی یەکەم «کۆماری کوردستان»ی بە بەشداریی نێردەی کوردانی پارچەکانی تری کوردستان و نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان ڕاگەیاند.

دوای دامەزرانی کۆمار، خەڵکی کوردستان نازناوی پێشەوایان بە قازی محەممەد بەخشی. ئەگەرچی هەموو تەمەنی کۆمارەکەی کوردستان تەنیا ١١ مانگ بوو، بەڵام پاش ٧٥ ساڵ قازی محەممەد هەروا پێشەوای هەموو کوردان و ئامانج و بڕواکانی زیندوون و ئامانج و خەونی هەموو کوردانن. پێشەوا هەر لەو ماوە کورتەدا قوتابییەکانی فێری بەردەوامیی خەبات و کۆڵنەدان کردبوو، بۆیە ئەگەرچی مامۆستای ئەم شۆڕشە سەری بردە بن دار، بەڵام ئەو نەمامەی پێشەوا چاندبووی لە هەموو کوردستاندا ڕەگاژۆی کرد و بوو بە دارێکی پڕبەری نیشتماندا‌گر.

دوای نسکۆی کۆمار و شەهیدبوونی پێشەوا، زۆر زوو مەتەرێزی خەبات ئاوەدان کرایەوە و ڕێبوارانی ڕێبازی پێشەوا گیان لەسەردەست هاتنە مەیدان هەتا ئەم ئاڵایە بە شەکاوەیی ڕابگرن. ڕووپەڕەکانی دواتری ئەم بزووتنەوەیە کە بە بیری پێشەوا و ئەزموونەکانی کۆمار گۆش کرابوو، کەندولەند و تاڵی و سوێریی زۆری دی. گەرمێن و کوێستانی زۆر کرا، قۆناغی جۆراوجۆری بڕی و کوستی گەورەی وەک ڕووداوەکانی ٤٧-٤٦ی لە پشت سەری بەجێ هێشت و سەرلەنوێ بووژایەوە و هەستایەوە.

ئەمڕۆ پاش ٧٥ ساڵ، پێشەوای کوردان لە بیروباوەڕ و خەیاڵگەی کورداندا هەروا زیندوویە، لە چیرۆک و بەستەی منداڵاندا ناوی پیرۆزی دێ و دەنیشێتە سەر دڵان، وێنەی پێشەوایە دیوارەکانی قەڵای خۆڕاگریی دێموکرات دەڕازێنێتەوە و بیری کۆمارە دەڕژێتە هەناوی حەماسەی پێشمەرگە و سەنگەری بەرگریی پێ دەڕازێتەوە. پاش حەوت دەیە ئێستای بیرە مەزنەکەی پێشەوایە بۆتە کۆڵەکەی پتەوی ڕاگرتنی ئەم خەباتە ڕەوایە و بەرهەڵستی نەیارانی ئەم گەلەیە.

پاش حەوت دەیە کورد پێشەوای خۆی هەر ماوە و ئێستاکەش دەبینین کە ڕاسپاردەکانی لە لایەن ڕێبوارانی کۆمار و ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی ڕێبازی پێشەواوە جێبەجێ دەکرێن. سەرقافڵەکانی دیکەی ئەم کاروانە، شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی وانەکانی ئەم خەباتەیان هەرمان کردووە. بۆیەشە ئاوەدانی مەتەرێزی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان، لە ئاسۆی ڕووونی بەردەوامی سەرکەوتنی خەباتدا دەبینرێن.

***

# خەڵاتی ٢٠٢١ی مەڵبەندی مامڵێ بە «دڵشاد سەعید» درا




خەڵاتی «مەڵبەندی هونەریی مامڵێ« بۆ ساڵی ٢٠٢١ بە هونەرمەندی ناوداری کورد «دلشاد سەعید» درا. مەڵبەندی هونەریی مامڵێ ماوەی ١٢ ساڵە چالاکە و ساڵانە خەڵاتی تایبەتیی خۆی پێشکەش بەو هونەرمەندانە دەکا کە خزمەتی هونەری کوردی دەکەن.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ کە تا ئێستا خەڵاتی تایبەتیی خۆی پێشکێش بە هونەرمەندان قالە مەڕە، ئەندێریاس ئیسرائیل خەمۆ (باکووری)، عەباس کەمەندی، عەزیز شارووخ، ناسر ڕەزازی، مامۆستا زوزان، تیپی مۆسیقای سلێمانی، مەزهەر خالەقی، خەلیل خەمگین، حوسێن سەفامەنێش و محەممەد ڕەزا دارابی کردووە، بۆ خەڵاتی ئەمساڵی خۆی هونەرمەندی موزیسیەن دڵشاد سەعیدی دەستنیشان کردووە.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ لەبارەی هۆکاری هەڵبژاردنی دڵشاد سەعید بۆ ئەو خەڵاتە ڕایگەیاندووە: لێهاتوویی و خزمەتەکانی دڵشاد سەعید بە موزیکی کوردی و هاوکات بە موزیکی جیهانی یەکجار زۆرن و لە قۆناغێکی مێژوویی موزیکی هاوچەرخ لە باشووری کوردستاندا و بەتایبەت (ناوچەی) بادینان، مامۆستا دڵشاد سەعید بووەتە داینامۆ و بنیاتنەری گرووپی ئۆرکێسترایی. هونەری ئەو، بووەتە پردێکی نێوان موزیکی کوردی و موزیکی جیهانی، بە چەشنێک کە نووسینەکان و لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی موزیکی کوردی لە هەندێک لە زانکۆکانی جیهانی وەک سەرچاوە بەکار دەهێنرێ و بۆ ئەو فێرکارانەی کە لەبەشی موزیکی ڕۆژهەڵاتی کار دەکەن، وەک وانە دەگوترێنەوە یان دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامە ئاکادیمی.

هونەرمەند دڵشاد محەممەد سەعید ساڵی ١٩٥٨ لە شاری دهۆک لەدایک بووە و خوێندنی هونەریی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٨ لە زانکۆی وێلز لە بریتانیا ماستەری لە مۆسیقادا وەرگرتووە و لە ساڵی ٢٠١٨ دا بڕوانامەی دوکتورای (PHD)ی لە زانکۆی (Universitat Mozarteum Salzburg) وەدەست هێناوە.

هونەرمەند دڵشاد سەعید ئێستا لە ئوترش دەژی و لەوێ مامۆستای مۆسیقایە.

# گرووپی هەڵپەڕکێی دیلان لە ئەنجومەنی فەرهەنگی و هونەریی ئورووپا وەرگیرا



گرووپی هەڵپەڕکێی «دیلان»ی ورمێ بەڕەسمی وەک ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی و هونەریی ئورووپا وەرگیرا.

گرووپی هەڵپەڕکێی دیلانی ورمێ ماوەی چوار ساڵە چالاکییەکانی لە بواری هەڵپەڕکێدا دەست پێ کردووە و تا ئێستا توانیویەتی لە زۆربەی فێستیڤاڵەکان لە نێوخۆ و دەرەوی وڵات بەشدار بێ و سەرکەوتنی گرینگ وەدەست بێنێ.

گرووپی هەڵپەڕکێی دیلان لەو ماوەیەدا لە فێستیڤاڵە فولکلۆرییەکانی نێوخۆیی لە شارەکانی بانە، مەهاباد، ورمێ، سەڵماس و ڕەشت بەشداریی کردووە و لە هاوینی ساڵی ٩٨ی هەتاویدا وەک یەکەمین گرووپی هونەری پارێزگای ورمێ، لە تاران هەڵبژێردرا.

ئەم گرووپە هونەرییە جگە لە هەڵپەڕکێ لە بوارەکانی شانۆ و ناساندنی فولکلۆری ناوچە و شوێنەوارە دێرینەکان و ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستانیش‌دا چالاکە.

# خولێکی نوێی فێربوونی زمانی کوردی لە «کانیە ڕەش»ی بۆکان

ناوەندی فەرهەنگی و فێرکاریی «بەیان» خولێکی نوێی خوێندنی زمانی کوردیی لە ئاوایی «کانیە ڕەش»ی سەر بە شاری بۆکان بۆ خوازیاران و لایەنگرانی فێربوونی زمانی کوردی کردەوە. لەو خولەدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە کچان و کوڕانی ئەو گوندە بە تامەزرۆییەوە بەشداربوون.

ناوەندی فەرهەنگیی «بەیان» یەک لەو ناوەندە چالاکانەیە کە لە زۆر شار و ناوچەی کوردستان لقی کردۆتەوە و مامۆستایان لەو خولانەدا خۆبەخشانە و بەبێ بەرامبەر وانەی زمانی کوردی دەڵێنەوە و بۆ پاراستنی زمانی نەتەوەکەیان تێدەکۆشن.

هەوڵ و خزمەتی ئەو ناوەندانە لە حاڵێکدایە کە بەردەوام لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە گوشار دەخرێتە سەر چالاکانی مەدەنی و ئەدەبی و وانەبێژانی کورد، وەک چۆن لە ماوەی ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٨ کەس لەوان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی ڕێژیم دەسبەسەر کراون.



# میداڵی زێڕی پێشبڕکێ نێوخۆیی و جیهانییەکان لە ملی قوتابییانی کورددا

گرووپی هەڵپەڕکێی «دیلان»ی ورمێ بەڕەسمی وەک ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی و هونەریی ئورووپا وەرگیرا.

گرووپی هەڵپەڕکێی دیلانی ورمێ ماوەی چوار ساڵە چالاکییەکانی لە بواری هەڵپەڕکێدا دەست پێ کردووە و تا ئێستا توانیویەتی لە زۆربەی فێستیڤاڵەکان لە نێوخۆ و دەرەوی وڵات بەشدار بێ و سەرکەوتنی گرینگ وەدەست بێنێ.

گرووپی هەڵپەڕکێی دیلان لەو ماوەیەدا لە فێستیڤاڵە فولکلۆرییەکانی نێوخۆیی لە شارەکانی بانە، مەهاباد، ورمێ، سەڵماس و ڕەشت بەشداریی کردووە و لە هاوینی ساڵی ٩٨ی هەتاویدا وەک یەکەمین گرووپی هونەری پارێزگای ورمێ، لە تاران هەڵبژێردرا.

ئەم گرووپە هونەرییە جگە لە هەڵپەڕکێ لە بوارەکانی شانۆ و ناساندنی فولکلۆری ناوچە و شوێنەوارە دێرینەکان و ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستانیش‌دا چالاکە.

هەر لە درێژەی سەرکەوتنی لاوانی کورد لە کێبرکێ زانستی و وەرزشییەکاندا، «شنیان مورادیان»، کچە کوردی تازەلاوی خەڵکی دیواندەرە خەڵاتێکی جیهانیی بردەوە. شنیان لە کێبرکێیەکانی هانمادانگی ئورووپا کە بە بەشداریی وەرزشکارانی ٣٣ وڵات لە وڵاتی بلژیک و بە شێوەی ئانلاین بەڕێوە چوو، بە وەدەستهێنانی ٢ میداڵی زێڕ، پلەی قارەمانیی لە گرووپی تەمەنی ژێر ١٤ ساڵاندا تۆمار کرد.



